


**ئۆپۆزسیۆنو حکومەتی سێبەر**

**نەوزادی موهەندیس**

ل١٢

روٚژنامە ٧

www.rozhnama.com

روٚژنامەیەکی روٚژانەیە کوٚمپانیای وشە دەریدەکات

No.538 Sun 23/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 538 یەکشەممە 23 /8/ 2009

## سەرەڕۆییەکانی دەسەڵاتیان تێدایە

# پشتیوانانی (گۆڕان) دوو نامە دەدەنە ڕێکخراوە جیهانییەکان

**رۆژنامە**

کۆمیتەی پشتیوانیی لیستی گۆڕان لە سویسرا، دوو نامەی سەرکردایەتی لیستەکەیان ئاراستەی ڕێکخراوو دەسەڵاتە دەستڕۆیشتووەکانی جیهان کرد، کە تێیدا بە ڕاشکاوانە هەموو پێشێلکارییو سەرەڕۆییەکانی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستانیان لەکاتی پێش هەڵبژاردنەکانو کاتی هەڵبژاردنەکانو دوای هەڵبژاردنەکان خرابوونەڕوو.

پاش ئەوە ڕۆژی هەینی ڕابردوو، نوێنەرانی کۆمیتەی پشتیوانیی لە لیستی گۆڕان، لەگەڵ تۆدسۆن، فەرمانبەری باڵای مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوونەوە، دوو نامەی سەرکردایەتی لیستی گۆڕانیان ئاراستەکردو هەروەها داواش لەو فەرمانبەرە باڵایەی مافی مرۆڤ کرا، کە نوێنەریان ڕەوانەی کوردستان بکەن بۆئەوەی لە نزیکەوە گوێبگرن لە سەرانی ئۆپۆزسیۆنو بە چاوی خۆیان بەڵگەکانی پێشێلکاریی دەسەڵات ببیننو گوێ لەو کەسانە بگرن کە بەهۆی ڕای جیاوازەوە نانبراو کراونو لەسەر کارەکانیان دەرکراون.

لە بەرامبەردا تۆدسۆن بەڵێنیدا کە لە ماوەی دوو هەفتەدا هەوڵەکانیان بە چڕیی بخەنە گەڕو هەوڵی ڕێکخستنی دانیشتنێکی فەرمیی لەسەر ئاستی باڵاتر بۆ نوێنەرەکانی لیستی گۆڕان ڕێکبخەنو داخوازییەکان بە هەند وەربگرنو بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە نامەکاندا ئاماژەکراوە بە دەرکردنو مووچەبڕینی ئەو فەرمانبەرانەی کە گومانیان لەسەر بوو کە دەنگ نادەن بە لیستی کوردستانیو بەکارهێنانی دارایی گشتیی «حکومەت» بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە ڕێگەی بەخشینەوەی پارەی میللەتەوە بۆ کڕینی دەنگی جەماوەرو هەروەها بەکارهێنانی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەت، لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە تا دوا ڕۆژنامەو چاپەمەنییەکان، ئەوە سەرەڕای پێشێلکارییو ساختەکارییەکانی دەسەڵات لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بۆ گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

# «مۆدێلی حیزبایەتی ڕێگرە لەبەردەم چاکسازیی ئیداریی»

**دلێر عەبدولخالق**

وەزیرێکی حکومەتی هەرێم ئاماژە بەوە دەکات، لەگەڵئەوەی فشاری ئۆپۆزسیۆنو خەڵک لەسەر کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم زۆر دەبێت بۆ گۆڕانو چاکسازیی، بەڵام کۆمەڵێک ڕێگر لەبەردەم ئەو ئیدارەیەدا دەمێنێتەوە کە پەیوەستە بە مۆدێلی ئەو حیزبانەی لەکوردستاندا هەن، بەوپێیەی «مۆدیلی حیزبایەتی لەهەرێمدا ڕێگرە لەبەردەم چاکسازییەکی سیاسییو ئابوورییو ئیدارییو کۆمەڵایەتی».

ئەبوبەکر عەلی، وەزیری هەرێم بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو گیروگرفتانەی لەبەردەم حکومەتی هەرێمدا هەبوو، پەیوەستبوو بە تێکەڵاویی حیزبو حکومەت، دوو ئیدارەییو ناکارایی ئیداریی، کە بەسەریەکەوە کۆبوونەوەو گرفتی گەورەیان لەبەردەم ئەو ئیدارەیەدا دروستکردبوو، بەڵام چاوەڕێدەکرێت بەهۆی دوو گۆڕانکارییەوە کابینەی داهاتوو کاراتربێت، ئەوانیش بوونی ئۆپۆزسیۆنی کارا کە حکومەت دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، هەروەها کەمبوونەوەی وەزارەتەکان کە بەهۆیەوە بیرۆکراتییەتیش کەمدەبێتەوە.ئەبوبەکر عەلی دەڵێت: «بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە سەرەڕای زەمینەی لەبار بۆ کارابوون، ئیدارەی داهاتوو نەتوانێت کارابێت، چونکە جگەلەو گرفتە ئیدارییانەی پێشتر هەبوون، هەڵبژاردنەکان کۆمەڵێک گیروگرفتی دیکەشیان لێکەوتووەتەوە، بەتایبەت ئائێستا چارەنووسی یەکێتیی نیشتمانیی دیارنییە، کە ئەمەش بەدڵنیاییەوە کاردەکاتە سەر پرۆسەی سیاسییو جۆری بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمو ڕەنگە ئەگەری هەڵبژاردنی پێشوەختیش بێنێتە ئاراوە».

بەبڕوای ئەو وەزیرەی حکومەتی هەرێم، هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە هەردوو حیزبی باڵادەستی ڕاچڵەکاندووەو پێویستی کردووە کە بەخۆیاندا بچنەوە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا کۆمەڵێک ڕێگر هەر دەمێنێت، کە ئەویش پەیوەستە بەمۆدێلی ئەو حیزبانەی لەکوردستاندا بوونیان هەیە، واتە خودی مۆدێلی حیزبایەتی لەکوردستاندا نەک هاوکارە، بەڵکو ڕێگرە لەبەردەم چاکسازییەکی سیاسییو ئابوورییو ئیدارییو کۆمەڵایەتی لەهەرێمدا.




# لێپرسراوی کۆمیتەکانی جەبارەو قەرەتەپەی یەکێتی نێردرانە ماڵەوە

**بەرهەم خالید**

بە بڕیارێکی مەڵبەندی یەکێتی لە کفری، هەردوو لێپرسراوی کۆمیتەکانی جەبارەو قەرەتەپەی ئەو حیزبە لە پۆستەکانیان لابران، ئەوەش لەسەر کارکردنیان بۆ لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردووی هەرێمدا.

هەفتەی ڕابردوو بە بڕیارێکی مەڵبەندی کفری، پۆستی لێپرسراوی کۆمیتەی جەبارە لە شێرزاد ئەحمەد سەندراوەتەوەو پێیانوتووە بڕواتە ماڵەوە ئەوەش لەسەرئەوەی کاری بۆ لیستی گۆڕان کردووە، هەروەها بە نایب خەلیفە، لێپرسراوی کۆمیتەی قەرەتەپەیان وتووە بۆ ماوەی (٦) مانگ تەجمیدکراویو ڕەوانەی ماڵەوە کراوەتەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا (٣) کارگێڕی مەڵبەندی کفری پلەکانیان لێوەرگیرایەوە، ئەو هەڵمەتەش دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دێت کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکانی لەدەستداو بەو هۆیەشەوە بەرپرسانی ئەو حیزبە دەستیانکردووە بە دەرکردنو گۆڕینی کادرەکانی لەناو مەڵبەندو ڕێکخستنەکانیدا.

**ئەمساڵیش نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانی تەواو نابێت**

ل٩



## شێوازەکە بە «هەڵە» وەسفدەکرێت

# دانوستانەکانی هەرێمو ناوەند دەستپێدەکەنەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

بڕیارە بەمزووانە خولێکی نوێی دانوستانەکان لەنێوان گەورە بەرپرسانی هەردوو حکومەتی بەغداو هەولێر دەستپێبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش وەفدێک بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی دەچێتە بەغدا.

عەبدوڵڵا ساڵح، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێدەچێت بەمزووانە خولێکی نوێی دانوستانەکانی نێوان هەرێمو بەغدا دەستپێبکاتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش وەفدێک بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەچێتە بەغدا.

بەڵام ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بێئاگایی خۆی لەکاتی دەستپێکردنی دانوستانەکان راگەیاندو وتی: «تائێستا بەرپرسان بە رەسمی کاتی دەستپێکردنی دانوستانەکانیان ئاشکرا نەکردووەو ئەو قسانەش کە دەکرێن شتێکی دڵنیاکەرەوە نادەن بەدەستەوە».

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ، پێدەچێت وەک هەموو جارێکی دیکە، مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکانو کێشەی پێشمەرگەو مەسەلەی نەوتوگاز، ببنە تەوەری سەرەکیی دانوستانەکان.

پێشتریش لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی (ئاکی) ئیتاڵی، وەلید حەللی، ئەندامی حیزبی دەعوەی ئیسلامی رایگەیاندبوو کە لە خولی نوێی دانوستانەکاندا بەرپرسانی هەرێمو بەغدا پلان دادەڕێژن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەژێر رۆشنایی دەستووری عێراقدا، هاوکات ئاماژەی بەوەشکرد، «لەبارەی کێشەی نەوتەوە لەگەڵ بەرپرسانی کورد لەسەر ئەوە رێکەوتووین کە سامانی وڵات موڵکی گەلی عێراق بێت بە گشتیی، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی نەوتی عێراق».

مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند پێنج لیژنەی باڵا پێکهات، بەتایبەت بۆ چارەسەری کێشەکانی نەوتو گازو ناوچە دابڕاوەکانو پێشمەرگەو سیستمی بەرگرییو دەسەڵاتو پەیوەندییەکانی دەرەوەو ئابووری، کە دەبوو ئەو لیژنانە لەماوەی یەک مانگدا راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرانی رێکەوتننامەی چوارقۆڵیو سەرکردایەتی سیاسیی حکومەتی هەرێمو بەغدا بکەن، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نۆ مانگ بەسەریدا تائێستا هیچ ئەنجامێکیان نەداوە بەدەستەوە.

بە بڕوای عەبدوڵڵا ساڵح پێکهێنانی لیژنەو وەفدو کۆبوونەوەکان شێوازێکی هەڵەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداو پێیوایە، پێویستە کورد پێش هەموو شتێک بیر لە پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵی بکاتەوە کە سەڵاحیەتی تایبەتی خۆی هەبێت.

سەرەتای ئەم مانگە لە میانەی سەردانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بۆ سلێمانیو کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی هاوبەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا پێکهێنرا.

بەڵام ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەران تەئکیدی کردەوە کە تائێستا ئەو لیژنەیە هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجامنەداوەو کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە، «لەبەرئەوە پێموایە کە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە کارێکی زۆر جدیی نەبووە».

# ـــارو ئەنجومەنی کەرکوک نیگەران دەکات



راپرسییەک شارێک دەشڵەژێنێت

بێ بەڵگە بوون، داوای یاسایی لە دژی ئەو دەستەیە تۆمار دەکەین».

### «ئامانجی سیاسیی لە پشت ئەو راپرسییەوەیە»

لەبارەی هەڵوێستی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر ئەنجامی راپرسییەکە ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئەو راپرسییە بە «پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن» لەقەڵەمدەدات، بەجۆرێک «ئامانجی سیاسیی لە پشتەوەیە»، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو راپرسییە جۆرێکە لە پیلانگێڕییو تەنیا بۆ ناوزڕاندنی دەسەڵاتی کوردە لەم شارە، بۆیە وای دەبینم ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراوی لە پشتەو پڕوپاگەندەیە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانو ئەنجومەنی کەرکوک»، وتیشی: «ئەگەر وایە بۆ دەستەی نەزاهە ئیجرائاتی پێویست ناکات، ئەی کاری ئەو دەستەیە چییە؟»، هەروەک وتیشی: «گەندەڵیی هەیە، بەڵام بەو جۆرە نا، بە شایەتی وەزارەتەکانی عێراق کە لە سەرجەم دانیشتنەکانمان لە گەڵیاندا ستایشی کەرکوکیان کردووە لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی». بە بۆچوونی ئەحمەد عەسکەری، «ئەو راپرسییە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییەو هیچ بەڵگەیەکیشی لەگەڵدا نییە، تەنیا بۆ ناوزڕاندنی کەرکوکە، ئەگەر کەرکوک یەکەم شارە بۆ گەندەڵیی ئەی دووەمو سێیەم شار کوێیە؟ کە دەبوو ئاماژەی بۆ بکرایە».

### ئەنجومەنی کەرکوک دەسەڵاتی لێپرسینەوەی نییە

عەسکەری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، وەک ئەنجومەن داوای روونکردنەوە لە پارێزگاری کەرکوک دەکەن، بەڵام دەسەڵاتی لێپرسینەوەیان نییە لەگەڵ فەرمانگە حکومییەکان، وتی: بەنیازین پارێزگاری کەرکوک بۆ روونکردنەوەی ئەو بابەتە بانگهێشتی ئەنجومەن بکەین، بەڵام ئەو کارانە پارێزگار لێیان بەرپرسە، ئەو دەسەڵاتەی ئەنجومەن کاری پێدەکات یاسای دەسەڵاتی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی ساڵی (١٩٩٧)و یاسای ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی سەردەمی دەسەڵاتی پۆڵ بریمەرە، بۆیە دەسەڵاتەکانمان سنووردارەو ئەو دەسەڵاتەی بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دراوە بە ئێمە نەدراوە، بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک.

### دەستەی نەزاهە تەئکید لە دروستیی راپرسییەکە دەکاتەوە

لەبەرامبەردا دەستەی باڵای نەزاهەی عێراق، تەئکید لە دروستیی راپرسییەکە دەکاتەوەو ئاماژە بە بوونی بەڵگەی تەواو دەکات لە داتاکانی راپرسییەکەدا، لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لە دەستەی باڵای نەزاهەی عێراق، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو راپرسییە راستەوخۆ لەلایەن دەستەی باڵای نەزاهە لە بەغداوە کراوەو هەموو داتاکانی ناو راپرسییەکە دروستنو بەڵگەی تەواویان لەسەرەو لە داهاتووشدا کاریان لەسەر دەکەینو ئەوانەی تێوەگلاون بە گەندەڵیی لە فەرمانگەکانی کەرکوکدا دەیاندەینە دادگا». وتیشی: دەستەی نەزاهە لەکاتی دامەزراندنییەوە تائێستا لە کەرکوک چەندین ئیجرائاتی یاسایی لە دژی گەندەڵکاران گرتووەتەبەرو چەندین کەسیش گەندەڵییان بەسەردا ساغبووەتەوەو حوکمی یاساییان بەسەردا سەپێنراوە، جگە لەوەی ئێستا چەندین دۆسیەی تایبەت بە گەندەڵیی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێتو لەکاتی خۆیدا رەوانەی دادگای کەرکوک دەکرێن.

## سبەی سەرۆکی کوتلەکانی پەرلەمان کۆدەبنەوە

# «دەنگنەدان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، زەوتکردنی ئیرادەی پەرلەمانتارانە»

**ئیبراهیم عەلی**
**سامان بەشارەتی**

کۆتایی هەفتەی رابردوو یەکەم کۆبوونەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تێیدا ئەندامانی هەڵبژێردراوی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم سوێندی یاساییان خوارد، چەند پەرلەمانتارێکی خولی سێیەمیش رەخنە لەوە دەگرن کە نەدەبوو بە تەزکییە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دابنرێت، بەڵکو دەبوو هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بکرایە.

لە یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە شاری هەولێر لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا بەڕێوەچوو، لەلایەن شیروان حەیدەری،بەتەمەنترین پەرلەمانتاری خولی سێیەم، یەکەمین دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمان بەڕێوەچوو، کە ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمان سوێندی یاساییان خوارد.

دواتریش د.کەمال کەرکوکی وەک سەرۆکی پەرلەمانو ئەرسەلان بایز وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمانو فرسەت ئەحمەد وەک سکرتێری پەرلەمان دانران، بەبێ هەڵبژاردنو دەنگدان کە ئەمەش بووە هۆی نارەزایی چەند پەرلەمانتارێک.

لەم بارەیەوە کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند «هەرچەندە ئەو سێ پاڵێوراوە هیچ رکابەرێکیان نەبوو، بەڵام دەبوایە پرۆسەکە بخرایەتە دەنگدانەوە نەک تەزکییەکردن».

کوێستان محەمەد ئاماژەی بەوەشکرد، هەرچەندە سێ ئەندام پەرلەمان دەستیان بۆ ئەم مەسەلەیە بەرزکردەوە، بەڵام شیروان حەیدەری کە ئەرکی سەرۆکایەتیکردنی پێسپێردرابووگوێی بەم دەستبەرزکردنەوەیە نەداو بەبێ هەڵبژاردن هەرسێ پاڵێوراوەکە پۆستەکانیان وەرگرت.

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا لە ساڵی (٢٠٠٥)، هەریەک لە سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەمان هەرچەندە رکابەریان نەبوو، بەڵام پرۆسەی دەنگدانیان بۆ ئەنجامدرا.



فۆتۆ: ئیبراهیم عەلی

سەبارەت بە پرۆسەی دەنگدان بۆ سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەمان، ئاریز عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری خولی دووەم، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەبووایە کاتێک کە سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەمان دیاریکران، بخرایاتە دەنگدانەوە با رکابەرییشیان نەبێت، چونکە لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ئەندام پەرلەمانەکان دەنگیان دا بە سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەماندا کە هیچ رکابەرێکیشیان نەبوو».

ئەو پەرلەمانتارەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پێی باشبوو، کە بۆ جوانکردنی پرۆسەکە بخرایەتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ئیرادەی ئەو ئەندام پەرلەمانانە سنووردارنەکرایە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو نەبوونی پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بۆ ئەم پۆستە، زانا رەئوف، ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی گۆڕان، ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەوان وەک لیستی گۆڕان پاڵێوراویان نەبوو بۆ ئەو پۆستە، چونکە ئەم پۆستانە لەلایەن هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی یەکلاییکرابووەوە، بەشداریکردنی لیستی گۆڕان لە ململانێی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەک ئەوەوایە بەشداریی لە گەمەیەکی دۆڕاودا بکەیت، چونکە بینیشمان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە تەزکییە دانرابوون.

زانا رەئوف وتیشی: «ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی بخرایەتە دەنگدانەوە پرۆسەکەی جوانتر دەکردو ئیرادەی ئەندام پەرلەمانەکانی زەوتنەدەکرا، چونکە هەموو لایەک دەیانزانی دەرئەنجامەکە چۆن دەبێت».

سۆزان شەهاب، وتەبێژی لیستی کوردستانی، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد «دەبوایە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بخرایەتە دەنگدانەوە، هەرچەندە پاڵێوراوەکان رکابەریان نەبوو، وەک ساڵی (٢٠٠٥) بە هەمانشێوە دەستەی سەرۆکایەتی خرایە دەنگدانەوە، لەکاتێکیشدا ئەوانیش هیچ رکابەرێکیان نەبوو».

سەبارەت بە رێگە نەدانی ئەندام پەرلەمانەکان بۆ دەنگدان لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانتار پەیمان عیزەدین، لەسەر لیستی گۆڕان، وتی: «ئەمڕۆش لیستی دەسەڵاتدار دیموکراسی خستە ژێر پرسیارەوە، دەبوایە ئیرادەی ئەو هەموو ئەندام پەرلەمانە زەوتنەکرایە، چونکە دەبوو دەستەی سەرۆکایەتی بخرایەتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەوانە چەند دەنگدەهێنن، رەنگە ئەندام پەرلەمان هەبێت لە لیستی کوردستانی ئەو کەسانەی قبووڵنەبێتو دەنگیشیان پێنەدات»

پەیمان نیگەرانی خۆی دەربڕی کە ئەم پۆستانە پێشتر یەکلاییبوونەتەوە لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوەو هیچ حیسابێکیان بۆ بۆچوونی ئەندام پەرلەمانەکانی خۆشیان دانەناوە، چونکە سەرۆکی پەرلەمان وتارەکەی حازرکردبوو پێشتر کە خوێندییەوە، کەواتە ئەو دوو رۆژ پێش دانیشتنەکە دەیزانی دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو بەپێچەوانەی یەکەم دانیشتنی خولی دووەم، لە یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمدا کەمترین بەرپرسی حکومەتی عێراقیو بیانی بەشدارییان لەو پرۆسەیەدا کردو تەنانەت هیچکام لە هێزە عێراقییەکان نامەی پیرۆزبایشیان بۆ سازدانی ئەو دانیشتنە نەنارد جگە لە عادل عەبدولمەهەدی، جێگری سەرۆک کۆمار، هەروەها قونسوڵی وڵاتانی بیانی، ئەمجارە ئامادەبییەکی زۆر کەمیان هەبوو، لەکاتێکدا نزیکەی قونسوڵییەی بیست وڵاتی بیانی لە هەولێردا هەیە، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لە قونسولی چەند وڵاتێک ئامادەبوون.

لە کۆتایی یەکەم دانیشتندا، سەرۆکی هەڵنەبژێردراوی پەرلەمان داوای لە سەرۆکی کوتلە پەرلەمانییەکان کرد کە رۆژی دووشەممە ئامادەبن لە پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی پەرلەمانی نوێ.

# «دەرکردنی ڕۆژنامەنووسان لە پەرلەمان، بۆ پاراستنی نهێنییەکان بووە»

**ستاره عارف**

ڕۆژنامەنووسان‌و پەرلەماناتارانیش ڕەخنە لە کردنە دەرەوەی ڕاگەیاندنەکان لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران دەگرن، هاوکات باسی ئەوەش دەکەن، کە کۆبوونەوەکەی ڕابردوو «خاڵی هەستیاری» تێدا باسکراوە.

ڕۆژی (٨/٢١) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوەیەکی بۆ سەرۆکی کوتلەکانی پەرلەمان‌و بەرپرسانی ئەمنیی‌و لیژنەی ئاسایش لە وەزارەتی بەرگریی‌و سەرۆکی چالاکییەکانی بەغدا ئەنجامدا، دوای ئەوەی داوا لە ڕۆژنامەوانان کرا هۆڵی کۆبوونەوەکە جێبهێڵن، بەڵام ڕۆژنامەنوسێکی کەناڵی «ئیتیجاه» نەیویست بچێتە دەرەوە بە فشار لە هۆڵی پەرلەمان کرایە دەرەوە.

سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ڕایگەیاند: هەندێک زانیاری نهێنی لەسەر مەسەلەی بەرگریی‌و ئەمنیی عێراق هەبوون‌و پێیان باشبوو لە ڕێگەی میدیاوە نەچێتە دەرەوە، بۆیە ڕێگە بە ڕۆژنامەوانان نەدرا، وتیشی: «لە کۆبوونەوەکەدا لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرانی بەرگریی‌و وەزیری ناوخۆ کرا، کە نەیانتوانیوە بە بەرپرسیارێتیی خۆیان هەستن، هەروەها بڕیاردرا هەندێک لێپرسراو بگۆڕدرێن‌و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت‌و لە هەفتەی ئایندەدا پەرلەمان دەستبەکاربێت».

لـەبـارەی کـردنـە دەرەوەی ڕۆژنامەوانان وتی: «ڕۆژنامەنووسان دژی کردنەدەرەوەیان بوون، بۆیە جێگری سەرۆکی پەرلەمان داوای لە کارمەندەکانی ناو پەرلەمان کرد، ئەگەر ناچنە دەرەوە بە فشار بیانکەنە دەرەوە، ئەم کارەش لەم چوارچێوەیەدا بووە».

ئیبراهیم ئیسماعیل، ڕۆژنامەنووس لە شاری بەغدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: شێخ خالید عەتیە، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوایکرد، ڕۆژنامەوانان کۆبوونەوەکە جێبهێڵن، «لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکە تایبەتەو هەندێک زانیاری نهێنیی‌و هەستیار باسدەکرێت»، بۆیە ناکرێت ڕاگەیاندنەکان لە هەموو دانیشتنەکەدا ئامادەبن‌و وردەکاریی دانیشتنەکان بڵاوبکرێتەوە، «چونکە لەوانەیە تیرۆریستان سوود لەو زانیارییە وردانە وەربگرن».

ئیبراهیم وتی: «ڕێگە بە ڕۆژنامەوانان درا بەتایبەتی پەیامنێری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کە تەنیا دیمەنێک لە دانیشتنەکە بگرن‌و بڕۆنە دەرەوە، لەبەرامبەردا چەند ئەندام پەرلەمانێکی تەیاری سەدری داوایانکردووە دانیشتنەکە کراوەبێت‌و ڕۆژنامەنووسانیش بەشداریی کۆبوونەوەکە بن، بەڵام خالید عەتیە ڕەتیکردەوەو پەیامنێری کەناڵی «ئیتیجاه»یش ئامادە نەبوو کۆبوونەوەکە بەجێبهێڵێت، بەزۆر کرایە دەرەوە.

ئیبراهیم ئیسماعیل پێیوایە، لە کۆبوونەوەکەدا زانیاریی ورد هەبوون کە باسبکرێن‌و کاریگەرییان لەسەر باری دەروونی خەڵک دەکردو لەلایەن لیژنەی ئەمنیی وەزارەتی بەرگریی عێراقییەوە باس دەکرا، بۆیە ڕێگە بە ڕۆژنامەنووسان نەدراوە بیگوێزنەوە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە دەڵێت: هەندێک لە پەرلەمانتاران لە شێوازی کردنە دەرەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسە ناڕازیی بوون، پێیوایە، هەڵوێستی هەردوو پەرلەمان‌و ڕۆژنامەنووسەکە ڕاست نەبوون‌و وتیشی: «پێویست بوو ڕۆژنامەنووسەکە ڕێزی لە ڕای پەرلەمان بگرتایەو پەرلەمانیش بەوشێوەیە ڕۆژنامەنووسەکەی نەکردایەتە دەرەوە».

# ڕاپۆرتەکەی دەستەی نەزاهە، پارێزگ

**ئارام جەمال**



«هەفتەی ڕابـردوو» دەستەی باڵای نـەزاهـەی عێراقی ڕاپۆرتێکی لەسەر گەندەڵیی ناو فەرمانگەکانی (١١) پارێزگای عێراق بـڵاوکـردەوە، کە لەچوارچێوەی ڕاپرسییەکی ئەو دەستەیەدا ئامادەکرابوو، بەپێی ئـەو ڕاپرسییە کـەرکـوک بە گەندەڵترین پارێزگا ناوی هاتووە لە ڕووی وەرگرتنی بەرتیل‌و فروفێڵ‌و جۆرەکانی دیکەی گەندەڵییەوە، ڕاپۆرتەکە لە ئاستی ناوخۆدا مشتومڕی زۆری دروستکردووەو پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەو ڕاپۆرتە نیگەران‌و ڕەتیدەکەنەوە کە کەرکوک گەندەڵترین پارێزگای عێراق بێت، دەستەی نەزاهەی عێراقیش تەئکید لە ڕاست‌و دروستی‌و بێلایەنیی ڕاپۆرتەکەی دەکاتەوە.

## پارێزگاری کەرکوک: ڕاپرسی کاری دەستەی نەزاهە نییە

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کـەرکـوک، بـە ئـەنـجـام‌و ڕاگەیاندنی ڕاپرسییەکە نیگەرانە‌و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەستەی نەزاهە دەستەیەکی دادوەریـیـە‌و کـاری لێپرسینەوەو دادگاییکردنی ئەو کەسانەیە کە بەگەندەڵیی تۆمەتباردەکرێن، نەک ئەوەی دەستەیەکی ڕاپرسیی بێت‌و ڕاپرسیی لەسەر شتێک بکات کە ئەرکی لەناوبردنی لە ئەستۆی خۆی بێت». پارێزگاری کەرکوک داتاکانی ناو ڕاپرسییەکە بە هەڵەو چەواشەکاریی وەسـفـدەکـات‌و وتـی: «بـۆ نموونە لە ڕاپرسییەکەدا ناوی فەرمانگەی پاسپۆرتی کەرکوک هاتووە، کە لە بنەڕەتدا پاسپۆرت لە کەرکوک دەرناهێنرێت، بەڵکو مامەڵەی هاوڵاتییانی شارەکە ڕەوانـەی بەغدا دەکرێت».

## ڕەتکردنەوەی پلەبەندییەکە

پارێزگاری کەرکوک ئاماژە بۆ ئەوە دەکـات، کە بەپێی ئـەو ئیجرائاتانەی کردوویانەو ئەو بەڵگانەی لە بەردەستیاندایە، کـەرکـوک لـە ڕووی گـەنـدەڵـیـیـەوە لە شارەکانی دیکەی عێراق باشترە، هەروەها ڕایگەیاند: زۆربەی جار لە پەرلەمانی عێراق کەرکوک بە نموونە هێنراوەتەوە لە ڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی‌و کەمیی ئاستی گەندەڵیی لە فەرمانگەکانیدا، هەروەها بەپێی لێدوانی وەزارەتە جیاوازەکانی عێراق‌و ئەو نووسراوانەی بۆمان دەگەڕێتەوە «هەمیشە کەرکوک لە پلەی یەکەمدا بووە لە بەڕێوەچوونی کارەکانی بە ڕێکوپێکی‌و بەپێی یاساو دوور لە گەندەڵیی»، وتیشی: «تەنیا لـەمـاوەی دووسـاڵـی ڕابـردوودا دەیـان کۆمپانیاو خاوەنکارمان لەسەر کەمتەرخەمیی‌و گەندەڵیی لە دروستکردنی پرۆژەکانی شارەکەدا خستووەتە لیستی ڕەشەوە یاخود سزامانداوە، کە لەوەشدا لە پێشەوەی شارەکانی دیکەی عێراقەوە بووین».

## ئیدارەی کەرکوک شکاتی هەیە

پارێزگاری کەرکوک نکۆڵی لەوەناکات کە «کەرکوکیش وەک پارێزگاکانی دیکەی عێراق بـەدەر نییە لە گەندەڵیی، بەڵام نەک ئـەوەی لە پلەی یەکەمدا بێت»و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کەرکوکیش وەک تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەدەر نییە لە گەندەڵیی، ئیجرائاتی پێویستیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کراوە، بەڵام نەک لە پلەی یەکەمدا بێت، ئێستا لێکۆڵینەوەمان لە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە دەستپێکردووەو داوای سەلماندنی داتاکانی ناو ڕاپرسییەکە دەکەین، بەجۆرێک ئەگەر ساغبوونەوە، با یاسا ڕێچکەی خۆی بگرێت‌و چ ئیجرائاتێک پێویستە بکرێت، بەڵام ئەگەر هەڵبەستراوو

## «دەیانەوێت نوێنەری ڕاستەقینەبن»

# کاری لەپێشینەی پەرلەمانتارە نوێیەکان چی دەبێت؟

**فەلاح نەجم**

ئەندامانی نوێی پەرلەمانی کـوردسـتـان دەڵـێـن، سەرجەم هەوڵەکانمان دەخەینەگەڕ، بۆ «گۆڕانکاریی ڕیشەیی» لە کارەکانی پـەرلـەمـان‌و پەیوەندییەکانی ئـەو دامـەزراوەیـە بـە خەڵک‌و حکومەتەوە کە چیتر لایەنێکی دیاریکراو بڕیار لەسەر هەموو پرسە چارەنووسسازەکانی ژیانی هاوڵاتییان نـەدا. شارەزایەکی سیاسیش پـێـیـوایە «دەبـێـت زەمینەیەکی لەبار فەراهەمبکرێت بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی پەرلەمانی نوێ دەیەوێت، چونکە تەنیا ئەندام پەرلەمانەکان ناتوانن ئەو گۆڕانە بێننەئاراوە».

ڕۆژی پێنجشەممە (٨/٢٠) پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی کوردستان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەست کە تێیدا ئەندامانی سوێندی یاساییان خواردو وەک ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو هەڵبژێردران، بۆ یەکەمجاریش بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن چووەتە پەرلەمانەوەو دەیانەوێت گۆڕانکاریی بکەن.

زانا ڕەئوف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان، جەختی لەوە کـردەوە، کە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان «ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن»، هەوڵدەدەن دەستکاریی پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان بکەن، «بۆ ئەوەی پەرلەمان بکەن بەو دامـەزراوەیـەی کە بتوانێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک بکات، نەک نوێنەرایەتی حیزبەکان»، دووپاتیکردەوە «لەمەودوا ڕێگە نادەین حیزب کـاری پەرلەمان بکات».

هەریەکە لە لیستەکانی (گۆڕان)و (خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی)و (کوردستانی) لە خولی سێیەمی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـانـدا لە کێبڕکێیەکی بەهێزدا دەبن بەتایبەت کە چاوەڕواندەکرێت هـەردوو لیستی گـۆڕان‌و خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەن‌و ببنە چاودێر بەسەر حکومەتەوە، کە چاوەڕواندەکرێت لەلایەن لیستی کوردستانییەوە پێکبهێنرێت، هەربۆیە ڕۆڵـی پـەرلـەمـانـتـارانـی نـوێ لـە دوو خولەکەی دیکە زۆر جیاوازتربێت‌و لەبەردەم کارێکی سەختدا دەبن.

زانا ڕەئوف دەڵێت: هەڵبژاردنی ئەمجارە بە لیستی داخراوبووە خەڵک دەنگی بە لیست داوە نەک ئەندام پەرلەمان، بۆیە ناتوانرێت بە موتڵەقی بوترێت ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرایەتی تـەواوی خەڵک دەکەن، بەڵام «ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەندامانی پەرلەمان بگێڕینەوە».

لەپاش ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، کـاری هاوبەش لەنێوان هـەردوو لیستی گۆڕان‌و خـزمـەتـگـوزاریی‌و چاکسازییدا هـەبـوو، بـە مـەبـەسـتـی کـاری هاوبەش لە پەرلەمانی نوێدا کە دوایـن دانیشتنی نێوان ئەو دوو لیستە ڕۆژی (٨/١٩) بەڕێوەچوو لەپێناو خۆڕێکخستنیان بۆ یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، چونکە هەردوو لیستەکە دەربارەی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت‌و بە یەکسانیی سەرفکردنی بودجەی هەرێم بۆچوونی هاوبەشیان هەیە.

سەمیر سەلیم، پەرلەمانتار لەسەر لیستی خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی، لـە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنـامـە جەختی لـەوەکـردەوە، کە بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی گرنگیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە بە وتەی ئەو: لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوە لەناو لیستەکاندا سەریهەڵداوە کێ دەتوانێت نوێنەرایەتی خەڵک بکات، نوێنەرایەتیکردنی خەڵک قورسترین ئەرکە دەکەوێتە سەرشانمان.

ئـەو ئـەنـدامـەی لیستی خـزمـەتـگـوزاریی‌و چاکسازیی ئاماژەی بەوەشکرد «پەرلەمانی ڕابردوو سیاسەتێکی داڕێژراوی باشی نەبووە کە ئێمە بتوانین لـەسـەری بـڕۆیـن، بۆیـە پێویستدەکات سیاسەتی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان دابڕێژنەوەو کەموکوڕییەکانی پەرلەمانی پێشوو چارەسەربکەن».

بە بڕوای شارەزایەکی سیاسیی بۆ ئـەوەی ڕۆڵـی ڕاستەقینەی پەرلەمان بگێڕێت، دەبێت یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەمواربکرێتەوە، یاسین عەلی، مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی سـەلاحـەدیـن، وتـی: بـۆ ئـەوەی پەرلەمان لە بناغەوە بگۆڕێت‌و ببێتە ئەو دامـەزراوەیـەی کە پێی بوترێت ئەنجومەنی نوێنەران، یان ئەنجومەنێک کە نوێنەرایەتی خـەڵـک بـکـات، «دەبـێـت یاسای هەڵبژاردنەکان هەمواربکرێتەوە، هەڵبژاردن بە لیستی کراوە بێت نەک داخراو، ئەمەش وادەکات ئەندامانی پەرلەمان تەنیا نوێنەرایەتی خەڵک بکەن نەک حیزب».

وتیشی: «سیستمی سیاسیی‌و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە گۆڕان هەیە، چونکە گۆڕینی ئەندامێکی پەرلەمان بۆ ئەندامێکی دیکە بەرەوپێشچوونێکی دڵخۆشکەر ڕوونـادات، چونکە کەسێکی بـاش لـە سیستمێکی خـراپـدا زەمینەی چاکسازیی‌و بەرەوپێشچوونی بۆ فەراهەمنەکرێت ناتوانێت ئەو چاکسازییانە بکات کە خەڵک داوای دەکات».

## بۆ / ڕۆژنامەی ڕۆژنامە – بەڕێز

## بابەت/ ڕوونکردنەوە

لـە هـەردوو ژمـاره (٥٣٦ و ٥٣٧) ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩و ٢٠٠٩/٨/٢٠و لـە لاپـەڕە یەکی ڕۆژنامەکەتاندا دوو بابەتتان بڵاوکردووەتەوە لەژێر ناونیشانی (ئاسایشی سلێمانی مامەڵەی دامەزراندنی (٢٠) کەس ڕادەگرێت)، لە یەکەمدا باسی ڕاگرتنی مامەڵەکانتان کردووەو لە ژمارەی دوای ئەویشدا باسی ڕاییکردنی ئەو مامەڵانەتان کردووە، بە وتەی خۆتان دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکەتاندا ئێمە ئەو کارەمان کردبێت. سەرەتا سەرلەبەری هەردوو هەواڵەکەتان ناڕاستەو بەهیچ شێوەیەک کارێکی لەو چەشنە ڕوونەداوە، لەبەرئەوەی کە بەڕێوەبەرێتیمان دامـەزراوەیـەکـە بە یەک چاو سەیری هەموو هاوڵاتییانی کوردستان دەکات‌و گەواهی ئەم وتەیەشمان کـردەوەو ئاکارەکانمانە کە پێویست بە ژماردن‌و وەبیرهێنانەوە ناکات، بۆ حاڵەتی دامەزراندنی ئەو بەڕێزانەش بەوشێوەیەی ئێوە نەبووە، بەڵکو هەرکەسێک شارەزای کارەکانمان بێت دەزانێت کە دامەزراندن‌و ڕاییکردنی مامەڵەی هاوڵاتییان بەندە بەپیرەوەهاتنی خاوەنی مامەڵەکان‌و تاچەند خاوەنەکەی پێداویستی‌و کارەکانی خۆی بەخێرایی ئەنجامبدات خێراتر کارەکانی ڕایی دەبێت‌و ئەوەشی بە پێچەوانەوە سست بێت‌و پێداویستییەکانی پێنەبێت کارەکانی دوادەکـەون، وەک ئەو چەند مامۆستایەی کە ئێوە ئاماژەتان پێداوە کە لەلای ئێمە شتێکی وانەبووەو ئەگەر هەبووبێت لە ڕیزی ئەوکەسانەبوون کە خۆیان بوونەتە هۆی دواکەوتنی مامەڵەکانیان، چونکە ئێمە وەک ئاسایش ڕۆژانە سەدان کەس ڕوومان لێدەنێت‌و تائێستاش کەس گلەیی لێمان نەبووەو خزمەتکردنی گەلەکەمان ئەرکی سەرشانمانەو لەم پێناوەشدا ئەوەندەی توانیبێتمان دریخیمان نەکردووە.

لەگەڵ ڕێزدا..

**عەمیدی ئاسایش**
**بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی**

# ئایا توندوتیژیی، هێزەکانی ئەمریکا دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو شارەکان؟



بەغدا، لە چوارشەممەی خوێناوییدا فۆتۆ: AP

شالاو فەتاح

تەقینەوەکانی ڕۆژی چوارشەممە (٨/١٩)و هەینی (٨/٢١) دوو شت دەردەخەن، یەکەمیان لاوازیی هێزەکانی ئاسایشی عێراق، دووەمیان پێویستی پاڵپشتی هێزەکانی ئەمریکا.

هەنگاوی پێویست بۆ ئەم دوو خاڵەش، بریتییە لە گۆڕینی بەرپرسەکانی عێراق و گەڕاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ناو شارەکان، بەڵام ئایا حکومەتی عێراق رازییە بە گۆڕینی بەرپرسەکانو گەڕانەوەی هێزە ئەمریکییەکان؟ لەو پرسیارەش گرنگتر ئەوەیە، کە ئایا ئەمریکا رازییە بەوەی ئەو هەنگاوانە لە عێراقدا بنرێن؟ ئەم پرسیارانە لە میدیای جیهاندا بووەتە جێی مشتومڕێکی زۆرو باس لەوەدەکرێت کە بەردەوامبوونی تەقینەوەکان زۆر لایەنی نائومێدکردووەو پێویست بە گۆڕانی قووڵدەکرێت لە زۆر لایەنەوە.

## توندوتیژیی و ترسی گەڕانەوەی ململانێی تایەفی

ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا دەنووسێت، «تەقینەوەکانی ئەم دواییە خراپترین هێرشی تیرۆریستیبوون لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە». هێزە ئەمریکییەکانیش دەڵێن کە عێراقییەکان ترسیان لەوە هەیە توندوتیژیی بیانگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی ململانێی تایەفی. تەقینەوەکەکان بەرەنگارییەکی گەورەن بۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حکومەتەکەی نوری مالیکی. لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە شارو شارۆچکەکاندا پەرلەمانتارە عێراقییەکان مەترسی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژییان کردووە، بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا، بەرپرسێکی سەربازیی ئەمریکاش پێیوایە، ئەوە وریاکردنەوەی هێزە عێراقییەکانە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە بۆ ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن.

ژەنەراڵ رای ئۆدێرنۆی بەرپرسی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاش لە عێراقدا دەڵێت: «چاوەڕوانی تەقینەوەی زیاتریش دەکەین، ئەمە بەشێکە لەو مەترسییانەی کە دەبێت قبووڵی بکەین».

## گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ناو شارەکان

هەرچەندە بەرپرسانی ئەمریکا ئاماژە بە داوای عێراق دەدەن بۆ هێشتنەوەی هێز لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا سوورە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی بەپێی پلانی پەسەندکراوی ئەمریکا.

گەورە بەرپرسێکی ئەمریکاش لەبارەی داوای عێراقییەکانەوە بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا رایگەیاند: «کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد داوای مانەوەمان لێبکەن، بەڵام واپێدەچێت داوای مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ شارە کێشەدارەکانیش بکرێت». بەرپرسە ئەمریکییەکان سکاڵای نەبوونی هاوکاری لەنێوان بەرپرسەکانی ئاسایشی عێراقو هێزەکانی ئەمریکا دەکەنو دەڵێن بەبێ بوونی ئەم هاوکارییە توانای کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی بۆ تێکشکاندنی هێرشەکانمان نییە. مەلیکە جابر، کارمەندێکی وەزارەتی داراییبوو لەبارەی ترسی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژیی دەڵێت: «حکومەتێکی بێهێزمان هەیەو توندوتیژیی زیاتریش بەڕێوەیە بەبێ بوونی پشتگیریی هێزە هاوپەیمانەکان».

## بەرپرسانی عێراق یەکتر تۆمەتباردەکەن

ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا دەنووسێت: لەدوای تەقینەوەکان بەرپرسە عێراقییەکان یەکتری تۆمەتباردەکەن، پەرلەمانتارێکی شیعە دەزگای هەواڵگریی تۆمەتباردەکاتو دەڵێت: «کەمتەرخەمیی و پەککەوتن هەیە لە کارەکانی دەزگای هەواڵگریداو هاوکارییکردن کەمە، مشتومڕو شەڕە سیاسییەکان کاریگەریی روونیان لەسەر بارودۆخی ئاسایش هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی لێهاتوو بۆ پۆستێک دیاریبکەین رووبەڕووی بەرهەڵستیو سازشکاریی دەبینەوە».

لیوا قاسم عەتا، بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی سەپاندنی یاسا لە بەغدا، لایەنگرانی بەعس تۆمەتباردەکاتو لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی نیشتمانی رایگەیاند: «تەقینەوەکان لەلایەن لایەنگرانی بەعسی رووخاوەوە ئەنجامدراونو چەند کەسێکیش بە تۆمەتی ئەنجامدانیان دەستگیرکراون».

کۆبوونەوەکەی پێرێ (هەینی) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆتایی پێهێنرا بەهۆی پێکنەهاتنی دوو وەزارەتەوە لەسەر ئەوەی بەرپرسیارێتی ئەمنیی بەغدا لەسەر کێیە. عەبدولقادر عوبێدی، وەزیری بەرگریی، رایگەیاند: «ئاسایشی بەغدا بەرپرسیارێتی سوپا نییە، بەڵکو وەزارەتی ناوخۆ لێی بەرپرسیارە». جەواد پۆلانی، وەزیری ناوخۆش لە وەڵامدا دەڵێت: «وەزارەتەکەی بەرپرسیارێتی ئەو ئەرکەی نییە، بەڵکو بەغدا بەپێی بڕیارێکی تایبەت کە لەکاتی کێشەی تایەفیدا دراوە، دەکەوێتە ئەستۆی خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانەوە». زۆرترین رەخنەکان ئاراستەی دەزگای هەواڵگریی دەکران کە نوێنەریان لە کۆبوونەوەکەدا نەبوو، بەرپرسانی عێراقیش لە کۆبوونەوەکەی هەینیدا رایانگەیاند؛ دەبێت پشت بە هێزەکانی ئەمریکا ببەسترێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری موخابەراتیو «پێدەچێت داوای یارمەتی زیاتریشیان لێبکرێت».

## متمانە بە ئاسایشی عێراق لاوازدەبێت

گۆڤاری بەناوبانگی تایمی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا دەربارەی تەقینەوەکان دەنووسێت، تەقینەوەکانی ئەم دواییە هیوای عێراقێکی ئارام لاوازدەکات، خەڵکی لە حکومەتی عێراق نیگەرانەو پێیانوایە کۆنترۆڵی ئاسایشی لەدەستداوە، ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تەقینەوە دەبێت بە خاڵەکانی پشکنیندا رۆیشتبن، بەڵام ئایا چۆن گەیشتنە شوێنی تەقینەوەکان؟

هادی عامری، بەرپرسی کۆمیتەی ئاسایشو بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نیگەرانی خۆی دەردەبڕێتو دەڵێت: «رووبەڕووی دوژمنێکی گەورە دەبینەوە، کاری ئێمە ئەوەیە کە ئاسایش بۆ خەڵکی دابینبکەین».

هەرچەندە حکومەتی عێراق ناڕازییە لە دەزگاکانی هەواڵگریو ئاسایش، بەڵام هیچ وەزیرێک لەسەر ئەم کەمتەرخەمییانە دەرناکرێت، بەڵکو تەنیا چەند ئەندامێک لە وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگری دەردەکرێن. لەدوای تەقینەوەکان حکومەتی عێراقی داوای یارمەتی موخابەراتی لە هێزەکانی ئەمریکا کردووە. لەبارەی ئەو لایەنانەی کە پێدەچێت بەرپرسیاری تەقینەوەکان بن، حکومەتی عێراقی ئایینیە توندڕەوەکانو لایەنگرانی حیزبی بەعسی رووخاو تۆمەتباردەکاتو رەخنەش لە دەوڵەتانی دراوسێ دەگرێت بەهۆی رێگەدانیان بە دزەکردنی چەکدار بۆ ناو عێراق لە سنوورەکانیانەوە. راوێژکارێکی سیاسیی نوری مالیکیش وتی: «ئەوانە حکومەتێکی بەهێزیان لە عێراقدا ناوێت، دەیانەوێت بەهەر رێگەیەک بێت کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی خەڵکی عێراق دروستبکەن».

## بەعسییەکان بەرپرسی تەقینەوەکانن

ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمزی ئەمریکا باس لە دەستگیرکردنی کۆنە بەعسییەکان دەکات، وەک تۆمەتباری ئەنجامدەری تەقینەوەکانی ئەم دواییەی عێراق، ڕۆژنامەکە لە راپۆرتێکدا دەنووسێت، حکومەتی نوری مالیکی لەژێر فشاری تاقیکردنەوەی ئەوەدایە کە دەتوانێت کۆنترۆڵی ئاسایش بکات یان نا. حکومەتی عێراق، پێرێ هەینی رایگەیاند، هەندێک لە ئەندامانی تۆڕێکی کۆنە بەعسییان دەستگیرکردووە بە تۆمەتی ئەنجامدانی تەقینەوەکانی بەغدا.

بەرپرسانی عێراقیش داوای پێداچوونەوەیەکی وردی ستراتیژی ئاسایش لەعێراقدا دەکەنو داوای فشار خستنە سەر مالیکیش دەکەن، تا ئەو بەرپرسیارێتیانە باشتر لەئەستۆ بگرێت.

لیوا قاسم عەتا، رایگەیاند، تۆڕێکی لایەنگری بەعسی پێشوویان چەند سەعاتێک دوای تەقینەوەکانی چوارشەممە دەستگیر کردووەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لەگەڵ گروپە دەستگیرکراوەکەدا، پەیوەندیی رژێمی بەعسی پێشوو بە تەقینەوەکانی دوێنێ دەردەخەن، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێکی زیاتربدات. جەواد پۆلانی لەبارەی توانای لە ئەستۆگرتنی ئەرکی ئاسایشی هاوڵاتییانەوە دەڵێت، هێزەکانی ئاسایشی عێراق بە یارمەتی موخابەراتیو تەکنیکی هێزە ئەمریکییەکان توانای لە ئەستۆگرتنی ئەرکی ئاسایشیان هەیە، بەڵام پێویستیان بە یارمەتی سەربازیی هێزە ئەمریکییەکان نییە. بەرپرسێکی سەربازیی ئەمریکاش رایگەیاند، کە هێزە عێراقییەکان لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە لە شارو شارۆچکەکان داوای یارمەتی تەکنیکیو موخابەراتییان کردووە.

## پەترایۆس: هێشتا ئەلقاعیدە بەتوانایە

ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمزی بەریتانی، لە راپۆرتێکدا ئاماژە بە هاندانی بەرپرسە عێراقییەکان دەکات لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکاوە بۆ شەڕی دژەتیرۆر، راپۆرتەکە دەنووسێت، لەدوای تەقینەوەکانی بەغداوە، ژەنەراڵ پەترایۆس فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا رایگەیاند، پێویستە عێراقییەکان شەڕی ئەلقاعیدەو گروپە توندڕەوەکانی دیکە بکەن پێویستییەکی روونو ئاشکرا هەیە بۆ فشارخستنەسەر هێزە توندڕەوەکان ئەم فشارەش دەبێت بەردەوامبێتو کاتی نەبێت دواتر پەترایۆس باس لە توانای هێزەکانی ئاسایشی عێراق دەکاتو دەڵێت: «لە زۆرینەی شوێنەکانی عێراق هێزەکانی ئاسایش ئەرکەکانی خۆیان بەباشی بەجێگەیاندووەو چاوەڕوانی زیاتریان لێدەکرێت، ئێستا گومان هەیە لە ململانێکانی باکووری عێراقو بەغدا».

دواتر پەترایۆس رای خۆی دەربارەی ئەوەی کە دەوترێت عێراق گەڕاوەتەوە بۆ باری شلۆقی ئەمنیی ساڵەکانی پێشوو، وتی، عێراق نەگەڕاوەتە بۆ بارێکی ئەمنیی شلۆق، بەڵام ئەم تەقینەوانە ئەوە دەردەخات کە ئەلقاعیدەو گروپە سوننیە توندڕەوەکان هێشتا توانای ئەنجامدانی کاری توندوتیژییان لە عێراقدا ماوە.

پێش تەقینەوەکانی هەفتەی رابردوو، مالیکی بڕوایەکی زۆری بە پاراستنی ئاسایشی عێراق لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەدەستهێنابوو، هەربۆیە داوای لابردنی بەربەستە کۆنکرێتییەکانی کرد، بەڵام ئێستا ئەو دیوارانە بە پێویست دەزانرێن وەک بەشێک لە پاراستنی ئاسایشی عێراق.

## هێزەکانی ئەمریکا نائومێدن لە هێزەکانی عێراق

ئاژانسی هەواڵی سۆمەریە لە هەواڵێکدا باس لە نائومێدبوونی بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمریکا دەکات لە بەرپرسەکانی ئاسایشی عێراق.

ژەنەراڵ فرانک هێلمک، بەرپرسی راهێنانی هێزە عێراقییەکان ڕۆژی پێنجشەممە (٨/٢٠) رایگەیاند، نائومێدبووە لە خاوی پێشکەوتنی پرۆسەی راهێنانی هێزە سەربازییەکان. لەبارەی تەقینەوەکانی ڕۆژی چوارشەممە (٨/١٩)ەوە هێلمەت دەڵێت: «تەقینەوەکان لەبەر بێئاگایی هێزە ئەمنییەکان بوون». هەروەها هێلمک داوای خێراکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی عێراقی کرد، بەڵام ئەوەشی راگەیاند، دڵنیانییە لەبارەی ئامادەکردنی هێزە راهێنراوەکانی عێراقەوە پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. ژەنەراڵ هێلمک ئاماژە دژوارییی دروستکردنی دەزگایەکی موخابەراتی دەکاتو دەڵێت: «ئەوە ئاسانە کە هێزێکی سەربازیی پیادە دروستبکەیت، بەڵام دروستکردنی دەزگایەکی هەواڵگریی پتەو ئەرکێکی زۆر قورسەو کاتی دەوێت».

# هەرەسێکی مەترسیداری ئاسایش لەعێراقدا

هاوڕێ عەبدوڵڵا

تەنیا لەم مانگەدا زیاتر (٢) هەزار هاوڵاتی عێراق بوونەتە قوربانی ئەو تەقینەوانەی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا ئەنجامدراون. ئەوەش بە هەرەسێکی گەورەی ئەمنیی ناودەبرێت، حکومەتی عێراق دەستەوستانەو ئەمەش کابینەکەی مالیکی ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە دەکاتەوە.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناو شارەکانی عێراق لە (٢٠٠٩/٦/٣١) جارێکی دیکە «گرووپە چەکدارەکان» کەوتنەوە گیانی هاوڵاتییە عێراقییەکان‌و تەنیا لەو مانگەدا زیاتر لە (٢) هەزار هاوڵاتی عێراقی بوونەتە قوربانیی، لە (٧/٣١) – (٨/١٠) لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق بەهۆی تەقینەوەو کردەوەی خۆکوژیی تیرۆریستان‌و گرووپە چەکدارەکانەوە زیاتر لە (٢٠٠) هاوڵاتی عێراق بوونەتە قوربانیی، (٨/١٩) چەند تەقینەوەیەک شاری بەغدایان هەژاندو زیاتر لە (١٠٠) کوژراو (١٢٠٣) بریندار لێکەوتەوە.

ڕۆژی دواتر لە هەریەک لە قەزاکانی (محاویل، موسەییەب، حلە)ی پارێزگای بابل سێ تەقینەوە لە یەککاتدا ڕوویانداو بەهۆیەوە (٣٠) کەس گیانیانلەدەستداو زیاتر لە (٤٠٠) کەسیش بریندارکران، ڕۆژی (٨/٢١) لە بازاڕێکی ناوچەی دۆرە لە بەغدا ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو تەقییەوە، لە ئەنجامدا (٢) کەس گیانیانلەدەستداو زیاتر لە (٢٠) کەسیش بریندار بوون، هەمان ڕۆژ لە سنووری پارێزگای کەرکوک ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و خێزانەکەی‌و منداڵێکی بریندارکران.

## هۆکاری هەڵکشانی توندوتیژیی لە عێراقدا

تەقینەوە «تیرۆریستی»یەکان لە عێراقدا ڕوو لە زیادبوونەو چاودێرانیش لاوازیی ستراتیژیەتی ئەمنیی عێراق‌و سستی دەزگا ئەمنییەکان‌و بێباکی بەرپرسانی ئەمنیی‌و بەهێزبوونی گرووپە چەکدارەکان بە هۆکار دەزانن بۆ خراپبوونی بارودۆخی ئەمنیی.

فریاد ڕەواندزی، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش‌و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەند هۆکارێک بوونەتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنیی عێراق، لەوانە ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوی قاعیدەو پاشماوەکانی بەعس‌و ئەو هێزانەی کە دژی عێراقن، ئەمانە جارێکی دیکە کەوتوونەتەوە خۆیان‌و پێکەوە هەماهەنگی دەکەن بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەمنیی‌و تەنانەت مەبەستیان تێکدانی بارودۆخی سیاسیشە لە عێراقدا».

هۆکارێکی دیکەی گەڕاندەوە بۆ بێباکی هێزی سەربازیی‌و ئەمنیی عێراق وتی: «لەکاتێکدا ئێمە لە ناوەڕاستی ڕێگەداین لە شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریستان، کەچی ماوەیەک لەمەوبەر وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند، کە عێراق کۆتایی بە شەڕی قاعیدە هێناوە، ئەم ڕاگەیاندنەی وەزیری ناوخۆ لێکدانەوەیەکی هەڵەبوو، چونکە تائێستا قاعیدە لە مەسەلەی تیرۆرکردندا باڵادەستە، هەروەها خەوتوویی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بووەتە هۆی خراپبوونی بارودۆخی ئەمنیی، جگەلەوە پەیوەندیی‌و هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی هەواڵگریدا نییەو هەر دەزگایەو بۆ خۆی کاردەکات‌و ئاگایان لەیەکتر نییە».

لە ماوەی ڕابردووشدا زۆرینەی کوتلە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق ڕەخنەیان لە گەڕانەوەی چەندین ئەفسەرو پلەداری بەعس بۆ ڕیزەکانی سوپاو هێزە ئەمنییەکان گرت‌و بە مەترسیدار ناویانبرد.

لەوبارەیەوە فریاد ڕەواندزی وتی: «هۆکارێکی دیکە بوونی چەندین ئەفسەری پلەداری کۆنەبەعسییە کە تائێستا ئینتیمایان بۆ حکومەتی نوێی عێراق نییەو بە عەقلییەت‌و دیدی کۆنەوە کاردەکەن‌و ئەم ئەفسەرە پلەدارانە لەبری ئەوەی زانیاری بدەنە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، زانیاری دەدەنە قاعیدەو گرووپە چەکدارەکان، حکومەتی عێراقیش دانی بەوەدا ناوە کە لە دەزگای هەواڵگری (١٣٦) ئەفسەر کە پلەی باڵایان هەیە هەموویان بەعسیبوون، هەروەها ناڵەباریی بارودۆخی سیاسیی‌و بوونی پەیوەندییەکی ناڵەبار لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا، بەتایبەتی پەیوەندیی سوننەو شیعە زەمینەی بۆ بەردەوامبوونی کردەوە تیرۆریستییەکان خۆشکردووە».

## حکومەت بەخۆیدا دەچێتەوە

لەگەڵ بەردەوامبوونی تەقینەوەکانی عێراق، داوادەکرێت بەرپرسانی وەزارەتە تایبەتەکان بە لایەنی ئەمنیی ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە بکرێنەوەو لە پۆستەکانیان لاببرێن‌و هاوکات داوادەکرێت حکومەتی عێراق بەخۆیدابچێتەوە.

مەها ئەلدوری، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ، لە لیستی سەدر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: «پێویستە دەستبەجێ وەزیرانی پەیوەندیدار بە ڕەوشی ئەمنیی لەسەر کار لابدرێن‌و تەنیا ئەوە نەبێت هەندێک ئەفسەر، بەرپرسیارێتییەکانیان لێ بسەنرێتەوە، چونکە تەقینەوەکان هەرەسی ترسناک‌و شکستی گەورەن کە بەهۆیەوە سەدان هاوڵاتی عێراقی بوونەتە قوربانیی ئەو تەقینەوانە».

هاوکات دوای تەقینەوەکان، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەستیکردووە بە ئیجرائاتکردن لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیداو بە فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارەیەک بەرپرسی ئەمنیی دەستبەسەرکراون.

لیوا قاسم عەتا، وتەبێژی فەرماندەیی پرۆسەکانی بەغدا ڕایگەیاند: «نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق فەرمانیداوە بە دەستبەسەرکردنی سەرجەم لێپرسراوی دەزگا ئەمنییەکانی ساڵحیەو بابولمعەزەم‌و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت‌و بەوهۆیەشەوە هەریەک لە ئامر لیوای بەغداو بەڕێوەبەری پۆلیس‌و بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن‌و بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆو لێپرسراوی هەواڵگریی‌و فەرماندەی پۆلیسی ئامادە، لە ساڵحیەو بەڕێوەبەری پۆلیس‌و بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆو بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن‌و لێپرسراوی هەواڵگری لە بابولمعەزەم دەستبەسەرکراون.

هاوکات نوری مالیکی، لە بەیاننامەیەکدا زنجیرە تەقینەوەکانی بەغدای بە هەوڵێکی مایەپوچ بۆ شێواندنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق وەسفکردو ئاماژەی بەوەدا، پێویستە چاوپێداخشاندنەوە بە پلان‌و شێوازی ئەمنیدا بکرێت».

هەر لەوبارەیەوە ڕەواندزی دەڵێت: «پێویستە حکومەتی عێراق بەخۆیدا بچێتەوە، بەتایبەت لە ستراتژییەتی ئەمنیداو لە ئێستاوە سیاسەت‌و ستراتیژییەتێکی نوێ بگرێتەبەر بۆ چاکبوونی بارودۆخی ئەمنیی».

لەلایەکی دیکەوە لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا ڕایگەیاند، پێویستە پێداچوونەوە بۆ هێزە ئەمنیەکان بکرێت، «دەبێت سوپاو دەزگاکانی ئەمنیی لە بەعسی‌و سەدامییەکان‌و پاشماوەکانیان پاکبکرێنەوە».

## وڵاتانی دراوسێ هۆکارن

بە وتەی بەرپرسان‌و چاودێرانی سیاسیی عێراق وڵاتانی دراوسێ هاوکاری گرووپە چەکدارەکان دەکەن‌و ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە بەردەوامێتی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنیی عێراق.

بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش‌و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، لەم دواییانەدا وڵاتانی دەوروبەری عێراق بەشێوەیەکی توند دژی عێراق وەستاون‌و پلانیان هەیە بۆ پشتیوانیکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان‌و بەعسییەکان‌و پارەیەکی زۆریان پێدەدەن، بەتایبەتی وڵاتانی (سوریا، سعودیە)، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان.

هەروەک حەیدەر ئەلعەبادی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە لیستی ئیئتیلاف لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: «سعودییەو چەند وڵاتێکی عەرەبی ملیارەها دۆلاریان خەرجکردووە بۆ ئەو زنجیرە تەقینەوانەی کە بەم دواییە لە عێراقدا ڕوویاندا، بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا شکستپێبهێنن».

## ئەمریکا بێهیوایە

دوای تەقینەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو بەرپرسانی ئەمریکا وێڕای نیگەرانییان لە بەرامبەر ئەو ژمارە زۆرە لە کردەوەی توندوتیژیی لە ئێستادا بێهیوان لە ئاساییبوونەوەی ڕەوشی ئەمنیی عێراق‌و پێکهێنانی دەزگایەکی هەواڵگریی بەهێز، لەگەڵ ئەوەشدا سوورن لەسەر بڕیاری کشانەوەی هێزەکانیان لە خاکی عێراقدا.

ژەنەراڵ فرانک هێلمک، بەرپرسی ڕاهێنانی هێزە عێراقییەکان ڕایگەیاند، کە نائومێدبووە لە خاوی پرۆسەی ڕاهێنانی هێزە سەربازییەکان،

ناوبراو داوای خێراکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی عێراقی کرد، بەڵام ئەوەشی ئاشکراکرد، کە دڵنیانییە لەبارەی ئامادەکردنی هێزە ڕاهێنراوەکانی عێراقەوە پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، وتی: «ئەوە ئاسانە کە هێزێکی سەربازیی پیادە دروستبکەیت، بەڵام دروستکردنی دەزگایەکی موخابەراتی پتەو ئەرکێکی زۆر قورسەو کاتی دەوێت».

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ڕایگەیاند: زنجیرە تەقینەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری بەغدا، کاریگەریی نابێت بۆ سەر پلانی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق لە دوو ساڵی داهاتوودا.

کۆشکی سپیش ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو تەقینەوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە عێراقدا، کارێکی سەرلێشێواوانەبوو کە لەلایەن توندڕەوەکان‌و یاخیبووانەوە جێبەجێکران‌و ئامانجیان تێکدانی ژیانی هاوڵاتییانی عێراق‌و پرۆسەی سیاسییە لەو وڵاتەدا.

## ئەنجومەنی نوێنەران داوای چارەسەردەکات

بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە خراپبوونی ڕەوشی ئەمنیی‌و دانانی چارەسەر، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی دەکات کۆببێتەوە.

ڕۆژی هەینی (٨/٢١) سەرۆکی لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆبوونەوەیەکی داخراوی بەپەلەیان لەگەڵ وەزیری ناوخۆو وەزیری بەرگریی‌و وەزیری ئاسایشی نیشتمانی عێراق‌و ئەندامانی لیژنەی ئاسایش‌و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سازکرد.

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێستا عێراق ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ئەمنیی مەترسیدار بووەتەوە، لە کۆبوونەوەکەی پێرێیدا بۆ ڕێگەگرتن لە خراپتربووونی ئەو بارودۆخە مەترسیدارە بڕیاردرا ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کۆببێتەوە، هەروەها بڕیارە پەرلەمانی عێراق دانیشتنێکی نائاسایی سازبکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەمنیی».



تەقینەوەکەی بەردەم وەزارەتی دەرەوەی عێراق — فۆتۆ: AP

ژمـارە (538) یەکشەممە 2009/8/23
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە


# ئەنجامی هەڵبژاردنو مەترسی دابەشبوونی ئەفغانستان

ئا: شالاو فەتاح

جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکەی ئەفغانستان، لە رۆژی پێنجشەممە (٨/٢٠) دەستپێکردووە، لـەدوای تەواوبوونی دەنـگـدانو دەنـگـەکـانـیش بـەدەسـت جیادەکرێنەوە لە (٦٢٠٠) بنکەی دەنگداندا. داوا لە بنکەکانی دەنگدانکراوە کە دوای تەواوبوونی جیاکردنەوەی دەنگەکان دەستبەجێ ئەنجامەکان رابگەیەنن لەبەر مەترسی ساختەکاریو چاودێرانی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان ئاماژە بەبوونی ساختەکارییەکی بـەرفـراوان دەکـەن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا.

چەند راپۆرتێکیش بـاس لە بوونی توندوتیژیو نارێکخراوەیی دەکـەن لە هەڵبژاردنەکاندا، تەنانەت راپۆرتێکی ئەسۆشیەیتد پرێس، باس لە بڕینی پەنجەی دوو هاولاتی ئەفغانی دەکات کە دەنگیانداوە، ساختەکارییەکان زیاتر بەهۆی خەڵکی نەخوێندەوارەوە بووە کە پێیانوتراوە دەنگ بە کێ بدەن. لە راپۆرتێکدا باس لە دەنگدانی چەند بارەو شێوەی دیکەی ساختەکاریی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چاودێرەکانی رێکخراوی یەکێتی ئەوروپا لە ئەفغانستان دەڵێن، بەشێوەیەکی گشتیی دەنگدانەکە دادپەروەرانەو باش بەڕێوەچووە.

فلیپ مۆرۆلین، بەرپرسی چاودێرانی یەکێتی ئـەوروپـا لە هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان رایـگـەیـانـد: ئەنجامی هەڵبژاردنەکان باشبووە، بەڵام بەهۆی مەترسی تاڵیبانەوە هەڵبژاردنەکان ئازادنەبووە لە هەندێک ناوچەی ئەفغانستان، بەڵام ئـەوەی چاودێرانی ئێمە بینیویانە هەڵبژاردنێکی باشبووە.

بەڵام ئەم رایـەی چاودێرانی یەکێتی ئەوروپا لەلایەن چاودێرانی دیکەوە بە توندیی رەخنەی لێدەگیرێت، پەیامنێری کەناڵی ئەلجەزیرە لـەبـارەی راپۆرتی چاودێرانی رێکخراوی یەکێتی ئەوروپاوە لە کۆمەڵێک چاودێریی دیکەی پرسیووەو ئەوانیش ئاماژەیان بـەوە کـردووە کە سـەریـان سـوڕمـاوە لـەو راپـۆرتـەی رێکخراوەکە، «چونکە ناتوانین بڕیار لەسەر سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان بدەین تا ئەنجامەکان رانەگەیەنرێت، ئەمە جگە لە بوونی ساختەکاریو توندوتیژیی لە هەڵبژاردنەکاندا».

وەزیـر سافـی، مامۆستای یاسا لە زانکۆی کابوڵ، چاودێریی نێودەوڵەتی بە «خەیاڵی» لەقەڵەمدەداتو پێیوایە، شتێک بەو ناوەوەبوونی نەبووە، سافی دەڵێت: «سیستمی چـاودێـریـی بـوونـی نەبوو، بەتایبەت سستمی چاودێریی نێودەوڵەتی».



بۆ نموونە لە زانکۆی کابوڵ هیچ پێویستمان بە سستمی چاودێریی نێودەوڵەتی نەبوو، چونکە دواکەوتنو خوێندکارانیش خۆیان دەیانزانی دەنگبدەن، بۆ هەندێک ناوچەی دیکە، دەزگـا چاودێرییەکان تەنانەت سەردانیشیان نەکردبوون.

بەرپرسانی دەرەکیش باس لە گەیشتنی (١٠٠) سکالا دەکـەن لـەبـارەی بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە جگە لە هێرشە بەردەوامەکانی تاڵیبان بەتایبەت لە باشووری ئەفغانستان.

پرۆفیسۆر ئەمین سایکال بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی عەرەبی- ئیسلامی کە چاودێرێکی هەڵبژاردنەکان بوو رایگەیاند: کە هێشتا زووە بڕیار لەسەر سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان بدەین، «پشت بە ئەنجامەکان دەبەستێت، چاوەڕێین بزانین ئایا رکابەرەکان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی دووەم یان نا، بەڵام بە تەئکید ساختەکاریو نارێکخراوەیی هەبووە».

هەرچەندە چەند لایەنێک ئاماژە بە سەرکەوتن دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام هێشتا بـراوە ئاشکرا نەکراوە. هەریەکە لە حامید کـارزایو عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاش پەیمانیان بە نوێنەری ئەمریکا لە ئەفغانستان داوە، کە لە حاڵەتی دۆرانـدا ئەنجامەکە قبوڵدەکەنو خەڵک نانێرنە سەر شەقامەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولا هەر لە ئێستاوە سەرکەوتنی خۆیان راگەیاندووە.

راپرسییەکانی پێش دەنگدان ئەوەیان دەخستەڕوو کە حامید کارزای زۆرترین دەنگ بەدەستدەهێنێت، بەڵام پێدەچێت پێویست بە هەڵبژاردنی دووەم بکات بەهۆی رکابەرەکەیەوە کە عەبدوڵڵا عەبدوڵڵایە، چونکە ئەگەر هیچ یەکێکیان رێژەی (٥٠+١)ی دەنگەکان بەدەستنەهێنن، ئەوا هەڵبژاردنەکان پێویست بە هەڵبژاردنی دووەم دەکاتەوە، کۆمیتەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستانیش داوای لە کاندیدەکان کردووە کە جاڕی سەرکەوتن نـەدەن تا ئەنجامە رەسمییەکان رادەگەیەنرێت.

ژمارەیەک لە چاودێرە دەرەکییەکانیش بـاس لـەوە دەکـەن، کە جیاکردنەوەی دەنگەکان لەنێوان کـارزایو عەبدوڵڵا عەبدوڵڵای وەزیری دەرەوەدا کە پشتگیریی تاجیکیەکانی ئەفغانستانی هەبووە، پێدەچێت ئەفغانستان دابەشبکاتە سەر دوو ناوچەی ئیتنیو ناکۆکی دروستبکات، ریچارد هوڵبروک نوێنەری تایبەتی ئەمریکا لە ئەفغانستانو پاکستان، نیگەرانی خۆی لـە مـەتـرسـی دروسـتـبـوونـی ململانێ راگەیاندو وتی هەردوولا بیروڕای خۆیان دەسەپێنن، بەڵام وتوویانە رێزی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش دەگرن.

لەلایەکی دیکەوە، گۆردن براونی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاو ژەنەراڵ پەترایۆسی فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە دانیشتنێکدا باس لە گرنگی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان دەکەنو پێیانوایە، کە هەلێکە بۆ فەرامۆشکردنی ئەلقاعیدە لەو وڵاتەدا. هەرچەندە ئاماژە بەبوونی چەند کوژراوێکی هێزەکانی بەریتانیا دەکـرێـت لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستاندا، بەڵام سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە هەڵبژاردنەکانی بە ئیجابی لەقەڵەمداو دەیڤد میلیباندی وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش ئەوەی بە چوونی ئەفغانییەکانی بۆ دەنگدان لەژێر هەڕەشەی تاڵیباندا بە «ئازایەتییەکی بێوێنە» لەقەڵەمدا.

**زانیاریی لە سایتەکانی بی.بی.سیو ئاژانسی هـەواڵـی فـرانـس پرێسو ئەسۆشیەیتد پرێسو ئەی.بی.سی نیوزو ئەلجەزیرە وەرگیراون.**

# دەوڵەت باخچەلی: ئەردۆغان بە پلانی ئەمریکا کار بۆ چارەسەری پرسی کورد دەکات

ئا: ئارام شێخ وەسانی

دوای ئـەوەی ئەردۆغان پڕۆژەیەکی خـسـتـەڕوو سـەبـارەت بـە پـرسـی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بە توندیی لە دژی ئەو پـڕۆژەیـەی ئـەردۆغـان وەستانەوە، هەریەکە لە دوو پارتی مەهەپەو جەهەپە کە دوو پارتی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی حکومەتەکەی ئەردۆغانن، لە لێدوانەکانیاندا رەخنەیان لە پڕۆژەکەی ئەردۆغان گرتووەو بە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا ئەژماریانکردووەو پێیانوایە، ئەو پڕۆژەیەی ئەردۆغان کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر هەیمەنەی دەوڵەتی تورکیا.

لـەدوا لێدوانیدا دەوڵـەت باخچەلی کـە رۆژنـامـەی حـوریـیـەتـی تورکیا بڵاویکردووەتەوە، سەبارەت بە پڕۆژەی چـارەسـەری کێشەی کـورد لـەلایـەن ئەردۆغانەوە دەڵێت: «ئەو پڕۆژەیە بەپلانو پشتگیریی ئەمریکا جێبەجێدەکرێت، ئەمەش مەترسییەکی گـەورەیـە»، ئەم لێدوانەی سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا لەکاتێکدایە کە وەزیـری ناوخۆی تورکیا هەموو هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ باوەڕپێهێنانی هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆن، بۆ ئەوەی پشتگیریی لە پڕۆژەکەی ئەردۆغان بکەن لە چارەسەری کێشەی کورد.

بەپێی ئەو لێدوانەی باخچەلی، تائێستا سـوورن لە دژایەتیکردنی پڕۆژەکەی ئەردۆغان.

لـەبـەرامـبـەر ئـەو تـۆمـەتـانـەی کە خراونەتەپاڵ ئەردۆغان سەبارەت بەپڕۆژەی چارەسەری کێشەی کورد، بەتایبەت دوا لێدوانی باخچەلی، رۆژی هەینی رابردوو ئەردۆغان لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا بە توندی وەڵامی باخچەلی دایـەوەو سایتی تورکیش دەیلی نیوز بڵاویکردووەتەوە کە ئەردۆغان داوای لە باخچەلی کردووە قسەکانی بسەلمێنێت، «ئەگینا درۆدەکاتو بێئەدەبی نواندووە، ئەردۆغان دەڵێت «ئەگەر ئەو قسانەی دەوڵەت باخچەلی راست بن ئەوا بابێت بیسەلمێنێت کە ئاخۆ ئەمریکا لە کوێی ئەو پڕۆژەیەدایە، پڕۆژەکە لە چ جەمسەرێکەوە پلانی ئەمریکایە، ئەگەر قسەکانی نەسەلمێنێت، ئەوا مانای وایە ئەو درۆدەکاتو بێڕێزیی نواندووە».

چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا یەکێکە لە بابەتە گەرمەکانی ئەو وڵاتە لە ئێستادا، ئەردۆغانو گویل بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی رایەکی گشتیی سەبارەت بە نەخشەکە کە رەزامەندییەکی گشتیی بەدەستبهێنێت، بەڵام دژایەتیکردنی پڕۆژەکە لەلایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیاوە، تارادەیەک گرفت دروستدەکەن لەبەردەم پڕۆژەکەدا.

یەکێکی دیکە لە بۆچوونەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، بریتییە لـە پرسی دابەشکردنی خاکی تورکیا بەهۆی پڕۆژەکەی ئـەردۆغـانـەوە، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەوڵی ئـەوەدان کە شەقامی تورکیا وا تێبگەیەنن کە ئەو پڕۆژەیە هەنگاوی یەکەمی دابەشکردنی خاکی تورکیایە، بۆیە بەمەترسییەکی گـەورەی باسدەکەن بۆ هاوڵاتییانو لایەنگرانیان.

وێڕای هەموو ئەو گرفتانەی کە هاتوونەتە بـەردەم پـڕۆژەکـەی ئـەردۆغـان، بەڵام پڕۆژەکە بەردەوامەو گفتوگۆو دیدارەکانی ئەردۆغان لەگەڵ کەسایەتیو شارەزایان درێـژەی هەیە، لە تازەترین هەنگاویشدا حکومەتی تورکیا بڕیاریداوە وەک هەنگاوێکی سەرەتایی ناوی هەموو ئەو گوندە تورکییانە بگێڕێتەوە سەر ناوە رەسەنەکوردییەکانی خۆیان، کە پێشتر ئەو ناوانە لابرابوونو قەدەغەکرابوون، سایتی هەواڵی رۆیتەرز بڵاویکردەوە کە تورکیا بەنیازە ناوی دوانزەهەزار گوندی کوردنشین بکاتەوە بەناوە بنەرەتییە کوردییەکانیان، هەروەها لە ماوەی ڕابـردوودا تورکیا هەنگاوێکی دیکەی جێبەجێکرد، ئەویش رێگەدان بوو بە مامۆستایانی ئایینی بۆ ئـەوەی وتار بەزمانی کوردی بخوێننەوە، بەبێ ئەوەی رووبەڕووی لێپێچینەوە بکرێنەوە.

## لە تورکیا دەوڵەت یەکدەنگە



هێمن لهۆنی

پێنجشەممەی رابـــــردوو ئـەنـجـومـەنـی ئـاسـایـشـی نەتەوەیی تورکیا کۆبـووەوەو بڕیاریدا پشتیوانیی «کـرانـەوە دیموکراتییەکەی» حکومەتی تورکیا بکاتو بەمەش دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆغانی بە دەوڵەتی کرد. ئەم ئەنجومەنە کە بە تورکییەکەی بە (M.G.K) ناسراوە گەورەترینو بەهێزترین دەزگـای بـڕیـاری تورکیایە، کە کە پێکدێت لە سـەرۆک کۆمارو دامـەزراوەی سەربازییو هەندێک لە ئەندامانی حکومەت. ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا باسدەکرێت بریتییە لە بابەتو دۆکیۆمێنتە زۆر هەستیارو نهێنییەکانی دەوڵەت کە پێیدەوترێت «کتێبی سـوور»و دامـەزراوەی سەربازییش لەم ئەنجومەنەدا قسەی خۆی دەکاتو کاریگەریی خۆی لە سیاسەتی وڵات نیشاندەدات، بەپێی دەستووری تورکیا کە دەگەڕێتەوە بۆ کودەتای ١٩٨١و لەلایەن عەقڵییەتی سەربازییەوە نووسراوەتـەوە، پێگەیەکی بەهێزی داوەتە سوپای ئەو وڵاتە. دامەزراوەی سەربازیی تا پێش هاتنی دادوگەشەپێدانو فشارەکانی یەکێتیی ئـەوروپـا دەوڵەتی تورکیای بە دەوڵەتێکی سەربازیی دەبینی.

پێشتر سوپا بەتوندترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پۆزەتیڤانە دەکرد کە بەرەو رووی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتـەدا دەوەستایەوە لەگەڵ هێرشی سەربازیدا بـوو، چونکە هێزی ئەو پەیوەست بوو بە بوونی کێشەکانەوە. بە داگیرساندنی گڵۆپی سەوز ئەو ئەنجومەنە پڕۆژەکەی پـارتـی دادوگـەشـەپـێـدانـی کـردە پڕۆژەیەکی نیشتمانیی. هیچ کەس لە تورکیا ناتوانێت موزایەدە بەسەر دامــەزراوەی سەربازییەوە بکات لەسەر مەسەلەی یەکێتیی خاکو نەتەوە، ئێستا ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە لە بەرەیەکی شلۆقدانو مامەڵەیەکی روونیان نییە بۆ ئەندامانیان، ناتوانن لە یەککاتدا بەرەنگاری دامەزراوەی سەربازییو تەنفیزی، بە مانایەکی دیکە، دەوڵـەت ببنەوە. دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت کە ئەوەی ئێستا دژی ئەم پڕۆژەیەی حکومەتە تەنیا جەهەپەو مەهەپەو هەندێک گروپی بچووکی دیکەنو پارتەکانی دەسەپەو سەعادەت کە لەدەرەوەی حکومەتیشن پاڵپشتی خۆیان بۆ پڕۆسەکە دەربڕیوە.

ئـامـاژەکـان دەیسەلمێنن کە حکومەتەکەی ئەردۆغان لە پێگەیەکی بەهێزدایەو دەتوانێت دەستکراوەتر بــەرەوە دەستپێشخەرییەکەی بـچـێـت. هــەرچـــەنـــدە، ئـەو نەخشەرێگایەی حکومەتی تورکیا هێشتا ئاشکرانەکراوە، بەڵام وەک میدیاکانی تورکیا باسیانکرد لە کۆبوونەوە حەوت کاتژمێرییەکەی (M.G.K) خراوەتە بەر گفتوگۆ. ئەو پڕۆژەیە وەک پێشبینیدەکرێت بریتی دەبێت لە پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسییو ئابووریی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا. دەوڵەتی تورکیا بەم کـارەیو هـەروەک لە بەیاننامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیادا بەدیدەکرێت، گەیشتووەتە ئەو بۆچوونەی کە تاکە رێگا بۆ لە ناوبردنی «تیرۆر»و توندوتیژیی بریتییە لـە خـۆشـگـوزەرانـیو کرانەوەی زیاتر بە رووی کوردو کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانەی لـەنـێـوان شـارە کوردنشینو تورکنشینەکاندا هەن.

# یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێ چۆن بەڕێوەچوو؟


فۆتۆ: ئیبراهیم عەلی

**بەرهەم خالید**

وەک بڕیاربوو ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی هەرێم یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدا، بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکەو شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکو جێگرو سکرتێری پەرلەمان بە تەزکییەو چەپڵەڕێزان، بووە جێگەی ڕەخنەی ئەندامانی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمانو چاودێرانو تەنانەت بەشێک لە پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵاتیش دیاریکردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان بەو شێوازە بە «نایاسایی» لە قەڵەمدا، لەلایەکی دیکەوە ڕێگە نەدرا بە چەند پەرلەمانتارێک بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو حاڵەتە دەرببڕن.

پاش ئەوەی ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم بەڕێوەچوو، دواتر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە (٢٠٠٩/٨/٧)دا ئەنجامە کۆتاییەکانی ئەو هەڵبژاردنەی ڕاگەیاند، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، ڕۆژی (١٨)ی ئەم مانگە بانگهێشتی ئەندامانی نوێی پەرلەمانی کرد، بۆ ئەوەی ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/٢٠) یەکەم دانیشتنی خولی سێیەم ئەنجامبداتو ئەندامانو سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی بخۆن.

دانیشتنەکەی پەرلەمان لە شاری هەولێرو لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمانو لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا بەڕێوەچوو.

یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمان، بە ئامادەبوونی سەرۆک کۆماری عێراقو سەرۆکی هەرێمو ئەندامانی خولی دووەمو سێیەمی پەرلەمانو ژمارەیەک لە بەرپرسانی دیکەی هەردوو حکومەتی هەرێمو فیدراڵو نوێنەرانی سەرۆکایەتییەکانی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو پارتە کوردستانیو باڵیۆزخانەی وڵاتان لە بەغداو نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانە لە هەولێر بەڕێوەچوو، ئەگەرچی جەلال تاڵەبانی دوای سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەمان گەیشتە هۆڵەکەو تەنیا ئامادەی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بوو.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا، عەدنان موفتی سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمان، وتارێکی پێشکەشکردو باسی لە کارەکانی خولی دووەمی پەرلەمان کردو دواتر عەدنان موفتی داوای لە شیروان حەیدەری کرد، وەک بە تەمەنترین پەرلەمانتاری خولی سێیەم لە بەردەمیدا سوێندی یاسایی بخوات، کە دوای نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان بە تەمەنترین ئەندامی خولی نوێی پەرلەمانە، نەوشیروان مستەفا بەشداری دانیشتنەکە نەبوو و لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ڕایگەیاندووە، بەهۆی سەرقاڵییان بە ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕانو خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمو کەرکوکو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەشداریی ئەو دانیشتنەی پەرلەمان ناکاتو لەهەمانکاتدا هەریەکە لە محەمەد تۆفیق ڕەحیمو عوسمان بانیمارانی کشانەوەی خۆیان ڕاگەیاندو بەشداریی دانیشتنەکەیان نەکرد.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەبوو لەگەڵ شیروان حەیدەری، سەرۆکی ئەو دانیشتنەی پەرلەماندا دوو لە کەم تەمەنترین ئەندامانی خولی سێیەم دانیشتنەکەیان بەڕێوەببردایە، بەڵام لەلایەن ڕێکخەرانی دانیشتنەکەوە ئەوە نەکرا، کە دەبوو هەریەکە لە د.ڕێباز فەتاح، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕانو بەفرین حسێن خەلیفە، پەرلەمانتاری لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی هاوکاریی شیروان حەیدەری بکەن لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکەدا.

## سوێندخواردن تەنیا بە کوردی بوو

حەیدەری دانیشتنی یەکەمی بە ناوی خواو گەلەوە دەستپێکردو کارنامەی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی ڕاگەیاندو داوای لە ئەندامانی نوێی پەرلەمان کرد، کە ئامادەبنو سوێندی یاسایی بخۆن، پاشان یەکە یەکەی ئەندامانی نوێ سوێندی یاساییان خوارد. خاڵێکی جێی سەرنج ئەوەبوو کە سوێندەکە بە زمانی کوردی نوسرابوو و نوێنەری هەموو نەتەوەکان بەو زمانە سوێنددرانو بەوهۆیەشەوە هەندێک لە پەرلەمانتارانی نەتەوەکانی دیکە نەیانتوانی بە ڕەوانی سوێندە نووسراوەکە بخوێننەوەو بە چەندین هەڵەی زمانەوانیو بە زمانێکی ناڕەوان سوێندیان خوارد.

## پێشتر سەرۆکایەتی یەکلایی کرابووەوە

دواتر حەیدەری دەرگای خۆپاڵاوتنی بە ڕووی لیستەکاندا کردەوە، تاوەکو ناوی کاندیدەکانی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشکەش بکەن، بەڵام تەنیا لیستی کوردستانی ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی خستە بەردەم سەرۆکی کاتیی، کە ئەوانیش د.کەمال کەرکوکی بۆ سەرۆکو د.ئەرسەلان بایز بۆ جێگرو فرسەت ئەحمەد بۆ سکرتێری پەرلەمان پاڵێورانو هەریەکە لە لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازیی کە (٣٨) کورسی پەرلەمانیان هەیە، هیچ کاندیدێکیان بۆ ئەو پۆستانە نەبوو، لەکاتێکدا پێشتر هەماهەنگی لەنێوان ئەو دوو لیستەدا کرابوو بۆ ئەوەی کاندیدیان هەبێت لە بەرامبەر لیستی کوردستانیدا، بەڵام ئەوەی بووە جێگەی سەرنجو ڕەخنەی بەشداربووان هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی بوو کە بەبێ دەنگدانو بە تەزکییەو لەنێو چەپڵەڕێزاندا هەڵبژێردران، هەروەک عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان ڕایگەیاند: «ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی پەرلەمانی نوێ زیاتر بۆ پیاهەڵدان بووەو هیچ مۆرکێکی دەستبەکاربوونی پەرلەمانی پێوەدیارنەبووەو چەند سیناریۆیەکی بۆ بێنرخکردنی پەرلەمان لەخۆگرتبوو».

لە میانی لێدوانێکیدا پەرلەمانتارەکەی لیستی گۆڕان وتیشی: «پێشتر سیناریۆی دابەشکردنی پۆستەکان لەلایەن لیستی کوردستانییەوە ئامادەکرابوو، دەبوایە سەرۆکی پەرلەمان لەڕێی دەنگدانەوە هەڵبژێردرایە، نەک بە تەزکییە بۆئەوەی بۆی دەربکەوتایە چەند پەرلەمانتار دەنگی پێداوەو چەند ڕەتی دەکاتەوەو چەند پەرلەمانتاریش دەنگ نادات، بەڵام کارەکان پێشتر ڕێکخرابوون».

هەروەها سۆزان شەهاب، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی، لە لێدوانێکدا بۆ سایتی ئاوێنە ڕایگەیاند: «ئەو جۆرە هەڵبژاردنەو بە تەزکییە نایاساییە».

## بواری ڕەخنە نەدراو سەرۆکی لیستی دەسەڵات جیاکرابووەوە

لەلایەکی دیکەوە کاتێک سێ پەرلەمانتار کە دووانیان لە لیستی گۆڕان بوون ویستوویانە ڕەخنە لەسەر ڕێوڕەسمی یەکەم خولی پەرلەمانو هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەمان بگرن، ڕێگەیان پێنەدراوە قسە بکەنو لە وتاری سەرۆکی نوێی پەرلەمانو جێگرەکەشیدا جۆرێک لە پیاهەڵدان بە لیستی کوردستانیدا بەدیدەکرا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی تەنیا سەرۆکی لیستی کوردستانی لە بەشی پێشەوەی ناوەڕاستی هۆڵەکەدا شوێنی بۆ تەرخانکرابوو، سەرۆکی لیستەکانی دیکە پەراوێزخرابوون لە بەشی چەپی هۆڵەکەداو چەند کەسو میوانێکیش شوێنیان نەبوو دابنیشن، هەربۆیە کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: لە دانیشتنی ڕۆژی دووشەممەدا ئەو ناڕەزاییانە دەگەیەننە سەرۆکایەتی پەرلەمانو لێی بێدەنگ نابن.

پاشان شیروان حەیدەری، سەرۆکی کاتیی، پۆستەکەی ڕادەست بە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردراو کردو دواتریش، د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، وتاری سەرۆکایەتی نوێی پێشکەشکردو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە پەرلەمانی نوێ پەرلەمانێکی فرە ڕەنگییەو ڕێژەی ئافرەتان تێیدا (٣٥٪)و ڕێژەی (٤٠٪)ی پەرلەمانتاران تەمەنیان لە خوار (٤٠) ساڵییەوەیەو بەرگریی لە دەستووری هەرێم کرد، کە لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی هەرێمەوە پەسەندکراو بووە جێگەی ناڕەزایی زۆرێک لە هاوڵاتییانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان.

دواتر مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێم، سوێندی یاسایی خواردو بۆ دووەم جار بووە سەرۆکی هەرێمو دواتر جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ، وتاری خۆی بە زمانی عەرەبی پێشکەشکرد، تێیدا وێڕای پیرۆزبایی لە بارزانیو ئەندامانی نوێی پەرلەمان، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.


فۆتۆ: ئیبراهیم عەلی

## بارزانی ئامادەیە گوێبگرێت

پاشان بارزانی وتاری خۆی پێشکەشکردو پیرۆزبایی لە سەرۆکایەتیو ئەندامانی نوێی پەرلەمان کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن، وتیشی: «ئێمە دەچینە قۆناغێکی نوێو بە دەستخستنە ناو دەستی یەکتر خزمەت بە گەلەکەمان دەکەین، بیروڕای جیاواز دەبێتە هۆی چالاکی پەرلەمانو باشترکردنی ئەزموونەکەمان، هەروەها دەبێت کەموکوڕییەکان نەهێڵێت، نەک بۆ شکاندنی یەکتری بێت».

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا، بارزانی وتی: «دڵنیان کە ئێوەو ئێمە پابەندی ئەو سوێندە دەبین کە خواردمان، من خۆم بە برای ئێوە دەزانمو ئامادەم گوێ لە هەموو جۆرە ڕەخنەیەک بگرم، ئەگەر ڕەخنەکە ڕەقیش بێت، ئەگەر لە بەرژەوەندیی گەلدا بێت، هەروەها هەمووڵایەک چاودێریی ئێمە دەکەن بەوەی ئایا ئێمە لە ئاست جێبەجێکردنی بەڵێنەکانماندا دەبین».

پەرلەمانی نوێی کوردستان ڕۆژی (٢٥)ی مانگی ڕابردوو لە هەرسێ شارەکەی هەرێم بەڕێوەچوو، تێیدا بۆ یەکەمینجار چەند لیستێک وەک ڕکابەری لیستی یەکێتیو پارتی بەشدارییان تێداکردو توانی قۆرغکردنی دەسەڵات لەلایەن ئەو دوو حیزبەوە کۆتایی پێبهێنێتو بۆ یەکەمجار چاوەڕواندەکرێت ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەنێو پەرلەمانی کوردستاندا سەرهەڵبدات، کە کار بۆ بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتو ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزارییو گۆڕینی سیستمی سیاسیی لە کوردستاندا بکاتو چاوەڕوانیش دەکرێت لە چەند هەفتەی ئایندەدا سەرۆکی هەرێم لیستی براوە ڕابسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە چاوەڕواندەکرێت د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح پێکیبهێنێت.

پێکهاتەی پەرلەمانی نوێ پێکدێت لە فراکسیۆنەکانی لیستی کوردستانی، کە لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتییە بە (٥٩) کورسیو لیستی گۆڕان (٢٥) کورسیو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی (١٣) کورسیو بزووتنەوەی ئیسلامیی (٢) کورسیو ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی (١) کورسیو پشکی کۆتاش، لیستەکانی کلدو ئاشووریو سریان (٣) کورسیو بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی (٣) کورسیو ڕافیدەین (٢) کورسیو لیستەکانی هەولێری تورکمانیو چاکسازی تورکمانیو ئەرمەنەکان هەریەکەو کورسییەکەیان بەدەستهێناوە، بڕیارە لەدوای کۆبوونەوەی سبەینێ سەرۆکی فراکسیۆنەکان لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/١)ەوە دانیشتنەکانی دەستپێبکات.

### سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمان لە کەموکورتییەکان ناپێچنەوە

# نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانی ئەمساڵیش تەواو نابێت


دروستکردنی ئەم نەخۆشخانەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی سلێمانییە لە نەبوونی شاری پزیشکی، چونکە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا شاری پزیشکی (مدينه الطب) لە هەموو پارێزگاکانی عێراق دروستکراوە جگە لە سلێمانی
فۆتۆ: رۆژنامە

سەنگەر جەمال

**دوای نزیکەی (٦) ساڵ کارکردن، تائێستا لە (٦٠٪)ی کارەکانی پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی شاری سلێمانی تەواوبووە، کە (٥٧) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە (٤٠ ملیۆن دۆلاری لە بڕیاری ٩٨٦ و حکومەتی هەرێمیش ١٧ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردووە) چاوەڕواندەکرێت تا کۆتایی ساڵی داهاتووش تەواونەبێت، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش نکووڵی لەوە ناکەن کە تەواوبوونەکەی دەکەوێتە ساڵی داهاتووەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە مانگێک لەمەوبەر جێگری سەرۆکی حکومەت سەردانی پرۆژەکەی کردو بەڵێنی زوو تەواو بوونی درا.**

## نەخۆشخانەکە

نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی شاری سلێمانی، ڕووبەری بیناکەی (٥٥) هەزار مەتر چوارگۆشەیە لەسەر ڕووبەری (٧٣) دۆنم زەوی لە باکووری شاری سلێمانیو لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود دروستدەکرێتو یەکێکە لەو نەخۆشخانانەی کە لە شارەکانی دیکەی عیراقدا جێبەجێکراون.

پرۆژەکە سەرەتا کۆمپانیای (uienc) کۆریای باشوور جێبەجێکردنی پێ سپێردرا کە بڕیاربوو لە ماوەی (٧٣٠) ڕۆژدا تەواوی بکات، بەڵام دوای ئەوەی تەواونەکراو شکستیهێنا حکومەت خۆی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی گرتەئەستۆ.

نەخۆشخانەکە لە دوو ڕوو پێکهاتووە، ڕووی یەکەمی (٣) نهۆمەو ڕووی دووەمیشی (٢) نهۆمە، دوو پارکی ئۆتۆمبیلی تێدایەو بڕیارە (٦٨٠) ئامێری پزیشکی تێدابێتو نزیکەی (٣) هەزار کارمەند کاری تێدابکەنو هەموو جۆرە نەخۆشێک لەخۆبگرێت.

## شکستهێنان

دواکـەوتـنـی کـارەکـانـی پـرۆژەی دروسـتـکـردنـی نـەخـۆشـخـانـە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکە لەکاتێکدایە کە چەند جارێک ماوەکەی درێـژکـراوەتـەوەو لە بودجەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک لە بڕیاری (٩٨٦) بڕی (٤٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو حکومەتی هەرێمیش (١٧) ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ تەرخانکردووە، سەرپەرشتیاری پرۆژەکەش هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکە بۆ کۆمپانیای جێبەجێکار دەگەڕێنێتەوە.

بەپێی وادەی دیاریکراو لەو کاتەوە کە دەست بەکارکردن کـراوە تێیدا دەبـوو لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی (٢٠٠٦)دا نەخۆشخانەکە تەواو بکرایە، بەڵام تەواونەکراو (٤٦٤) ڕۆژی بۆ نوێکرایەوەو بەڵێنی ئەوە درا کە مانگی (کانونی یەکەم /٢٠٠٩) تەواوبکرێت، ئێستاش ئەو وادەیـە دوورخـراوەتـەوە بۆ کۆتایی ساڵی داهاتوو ئەوەش دوای ئەوەی تەندەری نوێی بۆ کراوەتەوەو تائێستا (٦٠٪)ی کارەکانی تەواوبووە.

هێمن خالید شەفیق، سەرۆکی بۆردی سەرپەرشتیاریی پـرۆژەی نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکە، نکووڵی لە دواکەوتنی پرۆژەکە ناکاتو ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە تائێستا (٦٠٪)ی کارەکانی تەواوبووە ئەوەش بۆ کاری هونەرییو کێشەی دارایی کۆمپانیای جێبەجێکاری گەڕاندەوەو وتی: «ئێستاش خۆمان جێبەجێی دەکەین، کۆمپانیاکە هیچ پەیوەندییەکی بە پرۆژەکەوە نییەو تەنیا هەندێک کاری ئیداریی نەبێت، چونکە خۆمان پارە سەرفدەکەینو هەموو کەرەستەکانیش خۆمان دەیکڕینو کرێی کرێکارو ئیشەکانیش خۆمان دەیدەین».

هێمن خالید، جەختی لـەوەکـردەوە کە کۆمپانیا کۆرییەکە نەیتوانی نەخۆشخانەکە تـەواوبـکـات «دواتـــر ئـێـمـەش ساڵێک وەستاندمان، لەو ماوەیەشدا گۆڕانی زۆر بە سەر نرخی کەرەستەکاندا هات»، هۆکاری وەستاندنەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «دیزاینە سەرەتاکەی هەڵەی تێدابووەو خۆیان بە هاوکاریی زانکۆی سلێمانی دیزاینو هەڵەو کەموکوڕییەکانیان چاککردووە»و وتیشی: پێویستبوو ئـەو گۆڕانکارییانە بکەینو هەڵەکان چاکبکەینەوە، چونکە بەو شێوەیە نـەدەبـوو، پەیوەندیشمان بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)وە کرد، بەڵام ئەوان دیزاینەکەیان بۆ چاک نەکردین کە ئـەوەش کاتی زۆر ویست، جگە لەوانەش گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە نزیک شوێنی کارکردنی پرۆژەکە دۆزرایـەوەو کاریگەریی لەسەر دواکەوتنەکەی هەبوو».

بە وتەی سەرۆکی بۆردی جێبەجێکردنی پرۆژەکە هەرچەندە کۆمپانیاکە کار لە پرۆژەکەدا ناکات، بەڵام لە ئێستادا کارکردن تێیدا نەوەستاوەو لەڕێی هەندێک کۆمپانیای خۆماڵییەوە کـاری دیکەی تێدادەکەنو بۆردی سەرپەرشتیار خۆیان کەرەستەو کرێکار دابیندەکەنو وتیشی: «بەوشێوەیە توانیمان هەیکەلەکەو زۆرشتی تەواوبکەین، ئێستا تەنیا ئیشی کۆتایی ماوە کە کارەباو میکانیکەو ئەوەشمان خستووەتە تەندەرەوە کە (٧) کۆمپانیای بیانی بەشدارییان تێداکردو ریزبەندمانکردو ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیـران بۆ ئـەوەی ئـەوان بڕیار لەسەر یەکێکیان بدەنو بودجەی بۆ تەرخانبکرێت.

## پەرلەمان لێپێچینەوەی نەکرد

هەرچەندە ساڵی ڕابردوو نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی لەسەر کێشەو کەموکوڕییو کەمتەرخەمیو هـۆکـاری دواکـەوتـنـی دروسـتـکـردنـی نەخۆشخانەکە کردو ڕاپۆرتێکی لەوبارەیەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە، بەڵام هیچ بەدواداچوونێکی بۆ نەکرا.

مـحـەمـەد ڕەفـعـەت، لـێـپـرسـراوی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان (خـولـی دووەم) جەختی لـەوەکـردەوە کە ساڵی ڕابـردوو لە ڕاپۆرتێکیاندا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاماژەیان بە خراپی کاری پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکە کردبوو بەو پێیەی: «چەند ساڵێکە کاری تێدادەکرێت، بەڵام تائێستا تەواونەکراوە»، ئەوەشی خستەڕوو کە هەرچەندە ڕاپۆرتەکەیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بەڵام هیچ ئیجرائاتێک نەکرا.

## حیزبەکان دەیانەوێت کەموکوڕییەکانی حکومەت دەرنەکەوێت

محەمەد ڕەفعەت دەڵێت: «لەبەرئەوە بەدواداچوونمانکرد بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری تەواو نەبوونی بزانینو کێ کەمتەرخەمە تێیدا تا ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بکەین»، هـەروەک ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە کەمتەرخەم دەزانێت بەوپێیەی ڕاستەوخۆ ئەوان سەرپەرشتی پرۆژەی نەخۆشخانەکە دەکەنو وتیشی: «هەموو ساڵێک بودجەشیان بۆ دیاریکردووە، بەڵام بەداخەوە ئەو بودجەیە سەرفدەکرێتو کەس نازانێت چی لێدێت».

لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان (خولی دووەم) ڕەخنە لە هەڵوێستی سەرۆکایەتیو لێنەپێچینەوەیان دەکاتو دەڵێت: «ڕاپۆرتەکەمان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوو، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ملکەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بـووەو نەیانویستوە لێپرسراوێکی حکومی یا وەزیرێک بانگبکرێتە پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ دەسەڵاتی حیزب دەگەڕێتەوە بەسەر دەسـەڵاتـەکـانـی تەشریعیو تەنفیزیو قەزاییەوە»، پێشبوایە لەبەرئەوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان خۆیان لە حکومەتدانو بۆ دەرنەکەوتنی گەندەڵییەکانیان «سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لە مەکتەبی سیاسییەکانی ئـەو دوو حیزبە گـەورەیـە پێکدەهاتو نەیاندەویست کەموکورتییەکانیان لەبەردەم پەرلەماندا بکەوێتەڕووە ناشیانەوێت هەیبەتی حکومەت بشکێنن کە خۆیان پێکیانهێناوە».

## ساڵێکی دیکە تەواودەبێت؟

هەرچەندە زیاتر لە (٥) ساڵە کار لە پـرۆژەی نەخۆشخانەکەدا دەکرێت، بەڵام تائێستا (٦٠٪)ی کارەکانی تەواوبووەو وەک سەرپەرستیاری پرۆژەکەش هێمای بۆدەکات ئەمساڵیش تەواونابێت.

هێمن خالید شەفیق، سەرۆکی بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، ئاماژە بەوەدەکات کە بڕیاربوو کۆتایی ئەمساڵ کارەکانی تەواو بووایە، بەڵام بەهۆی تەندەرکردنەوەکەوە دوادەکەوێتو وتیشی: «ئەو کارانە نزیکەی (٧) مانگ دوایخستین، بەوهۆیەشەوە تەواوبوونی کارەکان ڕەنگە بکەوێتە مانگی ئابی ساڵی داهاتووەوە».

## تەواونەکردنی زیان بە سلێمانی دەگەیەنێت

د.ڕێکەوت محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی بەوەکالەت دەڵێت: ئەو نەخۆشخانەیە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ خەڵکی سلێمانیو لە ماوەی ڕابردوودا جێگری سەرۆکی حکومەت سەردانی پرۆژەکەی کرد کارەکە دەدرێتەوە بەڵێندەرێکی دیکە.

ئەو پێیوایە بەو بڕە پارەیەی پێشتر تەرخانکراوە پرۆژەکە تەواونابێتو «نزیکەی (٤٠) ملیۆنێکی دیکەشی دەوێت».

محەمەد ڕەفعەت ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە ئەو نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییە یەکێکە لەو پرۆژانەی بۆ هەموو شارەکانی دیکەی عێراق کراوەو لە دهۆکو هەولێر تەواوبووە، بەڵام ئەوەی سلێمانی چەند ساڵە کاری تێدادەکرێتو کۆتایی نەهاتووە. لەکاتێکدا هاوڵاتییانی شاری سلێمانی پێویستیان بە خزمەتگوزاریی تەندروستی هەیە.

لەلایەکی دیکەوەو لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ ڕۆژنامە د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، باسی لەوەکرد کە لە هەموو پارێزگاکانی عێراقدا تەنیا شاری سلێمانی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی نەبووە، «بەڵام بەداخەوە زۆر لەوادەی یاسایی خۆی تێپەڕیوە، ئەگەر ئەو پرۆژەیە تەواونەبێت، شاری سلێمانی زۆر زەرەرمەند دەبێت، چونکە هیچ نەخۆشخانەیەکمان نییە لە نەخۆشخانە بچێتو هەمووی بینای فەرمانگەیە کراوەتە نەخۆشخانە».

**ئەندامێکی خولی دووەمی پەرلەمان:**

**سەرۆکایەتی پەرلەمان لێپێچینەوەی لە دواکەوتنو کەمتەرخەمییەکانی پرۆژەکە نەکرد، هۆکەشی ئەوەیە کە نەیانویستوە لێپرسینەوە لە حکومەت بکەن، چونکە خۆیان مەکتەبی سیاسی حیزبەکان بوونو خۆیشیان حکومەتیان پێکهێناوە**

## دەسەڵات هۆکارەکەی بۆ وشکەساڵی دەگەڕێنێتەوە

# نرخی گۆشت بەردەوام بەرزدەبێتەوە

سەرکەوت ئەحمەد



نرخی کیلۆیەک گۆشت زیاترە لە ڕۆژانەی زۆرێک لەهاوڵاتیان فۆتۆ: سەرکەوت

نرخی گۆشت بەردەوام لە بازاڕەکانی کوردستانو بەتایبەت لەشاری سلێمانی لەبەرز بوونەوەدایەو هاتنی مانگی ڕەمەزانیش ئەگەری بەرزبوونەوەی زیاتری داوە بە نرخی گۆشت.

سەیفەدین محێدین محەمەد، ماوەی (١٣) ساڵە لەناو بازاڕی سلێمانیدا پیشەی قەسابی دەکات، بە وتەی خۆی پیشەکەی بێزارەو باسی لەهۆکارەکانی گرانبوونی نرخی گۆشت کردو ئاماژەی بەوەدا کە لەبەر ئەوەی هیچ پلانێک یان بودجەیەک تەرخان نەکراوە بۆ ئەوەی پشتگیریی لە مانەوەی ئاژەڵ یان زیادکردنی بکات، هەروەها دووریی کوشتارگەکە لێیانەوەو زۆریی خەرجیی هاتوچۆ، لەلایەکی دیکەیشەوە گرانکردنی نرخی سەربڕین کە بۆ یەک سەر (٦) هەزار دینارە، بەڵام جاران تەنیا (١٥٠٠) دینار بوو، وایکردووە نرخی گۆشت بەرز بێتەوە.

بەوتەی سەیفەدین شاگردێکی پێویستە بۆ ئەوەی شەو گۆشت وەربگرێت، شاگردێکی دیکەشی دەوێت، کە لە کوشتارگە ئاژەڵ بباتە ژوورەوەو پاکی بکاتەوە.

تا ئێستاش نرخی گۆشتی ئاژەڵی زیندوو بە پارەی سویسری کۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئێستا نرخی کیلۆیەک گۆشتی مەڕ بووەتە (٣٣) دینار واتە (٥٠٠٠ دینار)، کیلۆیەک کاوڕ بووەتە (٣٧) دینار، کیلۆیەک گۆشتی مانگا بووەتە (٢٧) دینار، کیلۆیەک گۆشتی نۆبەن بووەتە (٣٧) دینار.

بەوتەی هەندێک لە قەسابەکان هەندێ قەساب هەن هەمیشە لە نرخەکانی چاودێریی بازرگانی لادەدەنو تا ئێستاش غەرامە نەکراونو باسیش لەوەدەکەن کە تا ئێستا نوێنەرێکیان نییە کە قەساب هەڵیبژاردبێتو بەرگرییان لێ بکات، کە کۆبوونەوەش دەبێت نوێنەرەکە کەس ئاگادار ناکاتەوە.

پێشڕەو فایەق خوارەحم، بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی سلێمانی، باسی لەوەکرد کە ڕۆژی (٨/١٧) کۆبوونەوەیەک کراوەو نوێنەری خۆیانو قەسابەکانو ڤێتێرنەری ئامادەی بوونو بڕیاریانداوە بە لەبەرچاوگرتنی گرانبوونی نرخی زیندە قەپان (ئاژەڵی سەرنەبڕدراو)و لەبەر ئەوەی قەسابەکان وتوویانە ئەگەر ئەو نرخەیان بۆ زیاد نەکەن مان دەگرن، لە کۆتاییدا بڕیاریانداوە گۆشت لە سلێمانی ببێتە (١٤) هەزار دینار.

پێشڕەو فایەق، ئاماژەی بەوەشکرد کە چاودێریی بازرگانیی خۆی نرخ دانانێتو غەرامەش دیاری ناکات، بەڵکو لیژنەیەک لە سەرووی خۆیانەوە وەکو وەزارەتی بازرگانی، ئەوکارە دەکاتو لە داهاتووشدا دەبێت پەرلەمان بڕیار بداتو وتی: «ئەوەی لای ئێمە هەیەو ساڵانە تازە دەکرێتەوە، بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی لە توانایدایە (٥٠) هەزار دینار غەرامە بکات».

بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانیی سەبارەت بە کەمیی غەرامەکە، کە لە نرخی چەند کیلۆیەک گۆشت تێپەڕ ناکات وتی: «زۆر کات باسیان کردووە کە لیژنەیەک لەسەرەوە پێویستە نرخی سزاکان دیارییکات بۆ سەرپێچییەکانی ناو بازاڕەکان نەک هەر بۆ گۆشت، بەڵکو لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار ئەوەی نەخستووەتە بەرنامەی کاریەوە.

ئەو باسی لەوەش کرد لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی لیژنەی بازرگانی لیژنەیەکی کارا نییە لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی کەمەو تەنیا سێ کەسەو پێویستی دەکرد پارێزگاری سلێمانی خۆی سەرۆکی لیژنەکە بێت، چونکە لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانو عێراق پارێزگار دەبێتە سەرۆکی ئەو لیژنەیە.

هەندێک لە پسپۆڕانی ڤێتێرنەری هۆکاری گرانبوونی نرخی گۆشت دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ئاژەڵی زیندوو نرخی زیادیکردووە، کاتێک ئاژەڵی زیندووش نرخی زیادیکرد مانای وایە نرخی گۆشتیش زیاد دەکات، چونکە لە ئاژەڵدا هەمووی گۆشت نییە، مەڕ لە (٤٥٪)ی گۆشتو لە (٥٥٪)ی پاشەڕۆیەو فڕێدەدرێت، لە ڕەشەوڵاخیشدا (٤٠٪)ی گۆشتەو لە (٦٠٪) پاشەڕۆیە.

د. نەوشیروان ساڵح دەلۆیی، سەرپەرشتیاری هۆبەی قەسابخانەکان، باسلەوەدەکات کە ئەوان لیژنەیەکیان دروست کردووە لە نێوان چاودێریی بازرگانیو قایمقامیەتو بەیتەرە، کە نرخ لەسەر ئەو بنەمایە دادەنێن.

نرخی گۆشت لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاوازی هەیەو لە قەزاو ناحیەکانی سلێمانیش نرخەکە زۆر جیاوازترە، لە شاری کەرکوک لە ئێستادا نرخی گرانبووە گەیشتووەتە (١٣) هەزار دینار، بەڵام لە قەزاکانی سلێمانی وەک سەیدسادقو هەڵەبجەی شەهید نرخی کیلۆیەک گۆشت (١٢) هەزار دینارە.

د.نەوشیروان هۆکاری گرانی نرخی گۆشت لە سلێمانی لە چاو شارو شارۆچکەکانی دیکەدا گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ئەو گۆشتەی لە شارۆچکەکان دەفرۆشرێت ئێسقانو چەوری زیاتری لەگەڵ دەفرۆشرێت، بەڵام لە سلێمانی وانییەو وتیشی: «گرانیی بژێویی ژیانو گرانی کرێی دووکان هۆکارێکی دیکەیە، هەروەها گواستنەوەی بۆ کوشتارگە کە لە قەزاو ناحیەکاندا لە دووکانەکانیاندا سەر دەبڕدرێتو بۆیان مۆر دەکرێت».

نەوشیروان ئاماژەی بەوەشکرد دەمێکە داوا دەکات ئاژەڵ لە دەرەوەی وڵات بهێنرێتە کوردستانەوەو باس لەوەدەکات کە بەهۆی وشکەساڵییەوە ئاژەڵ کەمبووەتەوە.

بەپێی ئامارەکان لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە تاکو ئێستا ژمارەی ئاژەڵ لە (٥) بەش یەک بەشی ماوەتەوە، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا (٥) ملیۆن سەر ئاژەڵ هەبووە ئێستا تەنیا (یەک ملیۆن) سەر هەیە، بۆیە وشکەساڵیو باشتر بوونی داهاتی خەڵک لەڕووی مادییەوە بە هۆکارێکی تری گرانبونی نرخی ئاژەڵ دەزانرێت.

زانا محەمەد، قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی کێشەی کەمبونەوەی ئاژەڵو گرانبوونی گۆشتی بە کێشەی گشتیی باس کردو هێمای بۆئەوەکرد کە تەنیا عێراق نییە کە ئەم کێشەیەی هەیە، وڵاتانی دراوسێش ئەو کێشەیەیان هەیە بە هۆی ئەو وشکەساڵییەوە کە ڕووی کردووەتە ناوچەکە.

قایمقامی سلێمانی باسیشی لەوەکرد کە «حکومەت کار ئاسانی بۆ ئەو کەسانە دەکات، کە بچن لە دەرەوەی وڵات ئاژەڵ بهێننو بڕیار وایە لەم ڕۆژانەدا (١٠) هەزار مەڕ لە وڵاتی ئوسترالیاوە بگاتە سلێمانی».

هەروەها باسی لە ڕێگە چارەیەکی دیکەی ماوە درێژ کردو وتی: «سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پلانێکی درێژخایەنی پێنج ساڵیی هەیە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا بە هەردوو شێوەکەی کە ئاژەڵدارییو کشتوکاڵە.

ئەگەری بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی گۆشت لە مانگی ڕەمەزاندا لە ئارادایەو قایمقامی سلێمانیش، باسی لەوەکرد کە ئەو نرخە پەیوەستە بە خواستو خستنەڕووەوە، ڕۆژانە ئاژەڵی زیندوو نرخەکەی لە بەرزبوونەوەدایە، ئەوەش دەبێت دیراسە بکرێتو هەوڵی هێنانی ئاژەڵ بدرێت لە دەرەوە.

بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت لەکاتێکدایە کە فشاری خستووەتە سەر بژێویو ئاستی داهاتی هاوڵاتییان، بەجۆرێک کەخەریکە بەتەواویی لەبەکارهێنانی ئەو گۆشتەیان دووردەخاتەوە.

عەزیز مەحمود ڕەشید، کاسبە لە بازاڕی شاری سلێمانیو باسی لەوەکرد کە گرانیی نرخی گۆشت لە توانای زۆرینەی خەڵکدا نییە، بەتایبەتی چینە هەژارەکەی، مەگەر کەسێکی نەخۆش یان لە پێویستییەکی زۆردا ناچار بێت گۆشت بکڕێت.

ئەو باسی لەوەشکرد خەریکە بۆ هەژارەکان گۆشت وەکو سەردەمی ئابلۆقەی ئابووری لێدێت، کە چۆن بە ساڵو (٦) مانگ جارێک دەیانخواردو دیوت «کێشەکە لەوەدایە ڕۆژ بەڕۆژ گرانتر دەبێتو حکومەتیش بیر لە چارەسەر ناکاتەوە.

بە بڕوای ئەو «پێویستە حکومەت هەوڵی چارەسەری ئەو کێشەیە بداتو وەک کێشەی ئاوو کارەبا تەماشای بکات».

**«لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی لیژنەی بازرگانی لیژنەیەکی کارا نییە لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی کەمەو تەنیا سێ کەسەو پێویستی دەکرد پارێزگاری سلێمانی خۆی سەرۆکی لیژنەکە بێت، چونکە لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانو عێراق پارێزگار دەبێتە سەرۆکی ئەو لیژنەیە»**



# تورکیا پاش (١٠)ی ئاب بەرەو کوێ؟

مەهدی کاوانی

**هەندێک لە وتەکانی ئەردۆغان:**

**– چی دەبوو کە کێشەی کوردمان بەر لە (٣٠) ساڵ چارەسەر کردبایەو تەحەموولی ئەو هەموو تێچووە گیانی‌و مادییەمان نەکردبایە.**

**– چی دەبوو ئەگەر بە گوێی عەسابەی ئەرگەنەکۆنمان نەکردبایە تا وەکو نەهێڵرێت ئەو تاوانانەی کە تێیدا بکەردیارنییە، ڕوودەدات**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی حکومەتی تورکیاو سەرۆکی پارتی ئەکەپە، (٢٠٠٩/٨/١٠) لە بەردەم هۆڵی پەرلەمان لەسەر کیشەی کورد ئاخاوتنێکی تا بڵێیت سەرنجڕاکێش‌و حەماساوی‌و گرنگ‌و چارەنووسسازی، نەک لە ئاستی تورکیاو کوردو تورکەوە دابوو، بەڵکو لە ئاستی هەموو جیهان‌و ڕاگەیاندنی جیهانیش بە دوایەوە زۆر بە فراوانی ئاخاوتنی لەسەردەکرد دەتوانم بڵێم ئاخاوتنەکانی ئەو بە یەکەم ئاخاوتنی دەسەڵاتدارانی تورک دەژمێردرێت، واتە ماوەی (٨٥) ساڵە تورکەکان ئاخاوتنی وا چارەنووسسازیان نەداوە، لە هەموویان گرنگتر ئاخاوتنەکە وەها سەرنجی ئەندام پەرلەمانتارە تورکەکانی ڕاکێشابوو کە هەندێکیان فرمێسکیان بە چاوانیانەوە دیاربوو، لەناویاندا نائبەکەی بلند ئەرێنج بوو. هەر دوا بەدوای ئاخاوتنەکەی وەزیری ناوخۆی بەشیر ئەتالالی دەستنیشانکرد، کە وەک مونەسیقێک بەدوای مەلەفی کورددا بڕواو پێداچوونەوە بکات.

پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەرۆکی بابەتەکەم، دەمەوێت هەندێک پەرەگرافی ئاخاوتنەکەی بەڕێز ئەردۆغان بێنمەوە:

– چی دەبوو کە کێشەی کوردمان بەر لە (٣٠) ساڵ چارەسەر کردبایەو تەحەموولی ئەو هەموو تێچووە گیانی‌و مادییەمان نەکردبایە.

– چی دەبوو ئەگەر بە گوێی عەسابەی ئەرگەنەکۆنمان نەکردبایە تا وەکو نەهێڵرێت ئەو تاوانانەی کە تێیدا بکەردیارنییە، ڕوودەدات.

– ئەگەر وامانکردبایە تورکیای ئێستامان دەگەیشتە کوێ؟

– ئەگەر ئێمە لە خۆمان بپرسین‌و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بدەین، چی زەرەردەکەین.

– کەس ناتوانێت قاسم موشتەرەکی کوردان‌و تورکان لە یەک بپچڕێنێت. خۆشییەکان، ناخۆشییەکان هی هەمووانە، ئەوەی لە هەکاری ڕوودەدات لە کوشتن‌و کوشتار هی تورک‌و کوردانە واتە لە تورکیادا دەکوژرێت.

– پێویستە لەسەرمان گفتوگۆ لەگەڵ هێزە یاساییەکان کە مەبەستی دەتەپەیە بکەین.

– با لە جیاتی خوێنڕشتن، زیاتر هەوڵی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، دایکانمان‌و ئازار کێشانیان چیتر تەحەموولی هیچ خوێنڕشتنی دیکە ناکەن‌و ئەوان چیتر هیچ پاساوێکی ئایدۆلۆژی‌و سیاسیی قبوڵ ناکەن.

ئەردۆغان لە درێژەی قسەکانیدا دەیگوت کەسی تورک هەیە گوێی لە داستانی مەم‌و زینی ئەحمەدی خانی‌و گۆرانییەکانی شوان پەروەر ڕاناگرێت، کەسی تورک هەیە شانازی بە سەلاحەدینی ئەیوبی ناکات. کەسی تورک هەیە ئەوە نەزانێت کە جەنگی چاڵدێرانی ساڵی (١٥١٤) نەبووبێتە هۆی ئەوەی کە مەزنایەتی تورکیای بە دواوە بێت‌و سەرکەوتنەکەش لەڕێگەی کوردو تورکەکانەوە بوو.

– ئەو هەموو مێژووەی تورکیا پێکیهێناوە لەڕێگەی کوردو تورکەکانەوە بووەو ئیتر بەسە سیاسەتی شەڕو پشگوێخستن‌و نکۆڵیکردن. تورکیا هی هەموو نەتەوەکانە.

دەبێت ئەوەش بڵێین هاوشانی ئاخاوتنەکانی ئێستای ئەردۆغان، ماوەیەک لەمەوپێش عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەڕێگەی پارێزەرەکەی لە گرتووخانەی میراڵی پرۆژەیەکی پێشکەشی بەرپرسانی تورکیا کرد.

من لە بابەتێکم لەژێر ناونیشانی کێشەی کەرکوک لە ئەستەنبوڵ‌و دیاربەکر چارەسەردەکرێت نەک لە بەغداو هەولێر، کە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی بڵاوکرایەوە. دیسان لە چەندەها بابەتی دیکەم لەسەر تورکیاو کێشەی کورد باسم لەوە کردووە کە کێشەی کورد لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان چارەسەرناکرێت تا بەفرە بەستەڵەکی دانپێدانەنانی تورکەکان بە هەبوونی کوردان نەتوێتەوە. بە مەزەندەی من لێدوانەکەی ئەردۆغان سەرەتایەکە بۆ توانەوەی بەفرە بەستەڵەکەکەی نێوانی تورکان‌و کوردان‌و بە دوایەوە ئەو زەمەنانە هێدی هێدی بەرەو کۆتایی دەڕوات بەوەی وەک دەگوترا کوردان لە پشگوێخستن‌و هەڵپەساردنێک‌و نکۆڵیکردن لە مافە ڕەواکانیان بۆ پشتگوێخستنێکی دیکە بەسەرببرێت.

لەبەر سیاسەتی چەوتی تورکان نەبوایە لۆزان سیڤەری لەبارنەدەبرد، ولایەتی موسڵ‌و تەواوی کوردستانی باشوور بەشێک دەبوو لە تورکیا. خۆ ئەگەر باشوور بەشێک بوایە لە تورکیاو وەبەرهەمهێنانە نەوتەکەی لە قازانجیان، لەڕێگەیەوە تورکیای خاوەن کۆمەڵە کێشەیەک‌و دواکەوتوو لەبارەی ئابووری، دەیگەیاندە ریزی وڵاتە ئەورووپیە پێشکەوتووەکان بۆ ئێستاش چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد زۆر بە خێراییەوە تورکیا دەگەیەنێتە پەرەسەندوترین وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و پێگەشی لە ناوچەکە دەبێتە وڵاتە هەرە بەهێزەکانی ناوچەکە، بەڵێ بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد تورکیا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ناوچەکە لە بندەستی ئێرانییەکان دەربێنێت.

کورد لەبەر گلۆپی سووری تورکیا نەبوایە، هەلی ڕووخانی سەدام‌و پشێوی ناوچەکەی بەرەو ئاقاری بە ئەنجامگەیاندنی مادەی (١٤٠)، بەڕێدەکردو کێش ناڵێت ئیعلانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆشی لە باشوور بۆ نەدەچووەسەر. ئەو کات تورکان دەبوون بە هۆکاری خێرو بە بەرژەوەندیی هەردوولاشمان کۆتاییدەهات. شۆڕشی مهاباد، ئەیلول، هەر وەرچەرخانێکی کوردی بە کاری ژێراو ژێرو ئاشکرای دەسەڵاتدارانی تورک سەرەو ژێر دەکەوتەوە. هەندێک لە بەرپرسانی تورک بە ڕاڵەخۆبوونێکی زۆرەوە دەیانگوت لە ئەرجەنتینیش کێشەیەک هەبێت بە ناوی کورد ئێمە خۆمانی لەدژیدا تێهەڵدەقورتێنین.

بە مەزەندەی من تا دوا کاتەکانی شەڕی سارد چارەسەرنەکراویی کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکدا زیاتر لە بەرژەوەندیی وڵاتە خاوەن بڕیارەکان بوو تاوەکو دەستێوەردان لە ناوچەکە بۆیان ئاسان بێت، پاش شەڕی ساردیش هەم دیسان بەرژەوەندیی کورد لایان لە زۆر بوارەوە دەکرایە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا، بەڵام خۆ دەبوایە دەسەڵاتدارانی تورکی یان چینی ڕۆشنبیریان ئەوەیان بدیتبایە.

(٨٥) ساڵە تورکیای نوێ نکوڵی لە مافی کوردان‌و نەتەوەکانی دیکە دەکات‌و بە دیوەکەی دیکەش ئەو سیستمگەلییە دیموکراتییەی کە لە ناویاندا هەیە بە درێژایی هەمان ماوە بە دیموکراتیترین سیستم دەژمێردرێت لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرە خۆی قیتدەکاتەوە چۆنچۆنی ئەو دوو دیاردە ناکۆکە تێکهەڵدەکێشرێت.

سیستمی دیموکراتی بەبێ مافی گەلان لە باشترین حاڵەتدا سیستمێکی ناتەواوە هەر ئەو هۆکارەش بووە زەمینەی بەرەوپێشەوەچوونی تورکیای مراندووە. ئەوەی بە درێژایی مێژوو تورکیا بۆ کەمە نەتەوە تورکەکانی لە بەلقان‌و قبرس‌و کوردستانی باشووروو.... کردووەو لە زیان بەو لاوە هیچی دیکەی لێ شین نەبووەتەوە، ئەگەر نیوەی بۆ کوردان کردبایە، ئێستا خاوەن نەوتی ویلایەتی موسڵی پێشووبوو. ئەگەر ئەوان بۆ کوردان بەلانی کەمەوە عاملی شەڕ نەبوونایە، ئێستا باریان زۆر زۆر باشتردەبوو.

خوازیاری ئەوەم ئەو لێدوانەی ئەردۆغان سەرەتایەکی باشی لێبکەوێتەوە کە چارەسەری ئاشتییانەی کوردو تورک بکەوێتە ناو ماڵی هەموو کەسێکی تورکیاوەو لەڕێگەیەوە لە دەستووری نوێدان بە بوونی کوردان‌و نەتەوەکانی دیکە بنێن‌و بە دوایەوە کار لە سەر ئەوە بکەن کە سیستمی ئایندەی تورکیا لەسەر بناغەی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی بۆ کوردان ببێتە ڕێگەی چارەسەرکردن.

دیسان چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا ئەزموونی کوردی باشوور لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو بەهێزتربوون دەبات‌و برایەتی نێوان کوردو تورکمانیش لە کەرکوک پتەودەکات‌و ئەو زەمینەیە دەسازێت کە تورکمانان زیاتر خۆیان لەگەڵ دۆزی کوردان ڕێکبخەن لە مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و گەڕانەوەی کەرکوک‌و شوێنە جێناکۆکەکانی دیکە بۆ ناو هەرێمی کوردستان‌و وەبەرهەمهێنانی تورکیش لە کوردستاندا گوڕوتینێکی زۆرتر بەخۆوە دەگرێت.

بە دیوی کوردیش بزاڤەکەیان بەتایبەتی لە دیوی ئێران گوڕوتینێکی بەهێزتر بەخۆوە دەبینێت.

mahdikawani@yahoo.co.uk



# دەرفەتێک بۆ کوردستان

• بۆتان ئامێدی هەفتانە لە واشنتۆنەوە دەینووسێت

وەفدێکی سیناتۆری ئەمریکی سەردانێکی ڕەسمییان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدا. وەفدەکە پێکهاتبوون لە ئەندامانی کۆمیتەی سەربازیی ئەنجومەنی پیران کە پێکهاتبوون لە جۆن مەککین، جۆزێف لیبەرمان، سوسان کۆلین، لیندسی گراهام گەشتەکەیان هەریەکە لە وڵاتانی لیبیاو عێراق‌و کوردستانی عێراق‌و یەمەن‌و ئەفغانستانی گرتەوە. لە سەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستاند سێ لەو سیناتۆرانە چاویان کەوت بە ئۆپۆزسیۆن.

لە (١٤)ی ئەم مانگەدا وەفدەکە گەیشتنە بەغداو لە ڕۆژی دواتر چوونە کوردستان‌و چاویانکەوت بە سەرۆک مەسعود بارزانی‌و سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی‌و وەفدێکی لیستی گۆڕان، لەم چاوپێکەوتنانە لە کوردستاندا سیناتۆر لیبەرمان نەبینرا.

بینینی ئەو سێ سیناتۆرە لەگەڵ وەفدی ئۆپۆزسیۆن ئەوەمان پیشاندەدات کە چۆن ئەمریکا گرنگیی دەدات بە پرۆسەی دیموکراسیی لەو ناوچەیەدا. بیهێنە بەرچاو کە ئەگەر ئەو وەفدە دوای هەڵبژاردنەکان تەنیا حکومەتیان ببینیایەو ئۆپۆزسیۆنیان پشتگوێ بخستایە، بەڵام لە دوو دیداری جیاوازدا چاویان کەوت بە هەدوولا.

لەدوای سەردانەکەیان بۆ کوردستان سیناتۆر کۆڵنس باسی لە کێشەیەکی گەورەی کوردستان کرد. ئەو وتی کە هەردوو بنەماڵە بارزانی‌و تاڵەبانی کۆنترۆڵی سامان‌و هێزی سیاسیانکردوە بە وتەی ئەو سیناتۆرە هەر ئەم کێشانە بووەتە هۆی جەماوەریبوونی بزووتنەوەی گۆڕان.

(٢٥)ی تەمموز نەخشەی سیاسیی کوردستانی گۆڕیی هەموو ئیدارە یەک لەدوای یەکەکانی واشنتۆن حەز بە سستمێکی دیموکراسی جێگیر دەکەن کە حوکمی قانوون‌و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ‌و دەستاودەستی دەسەڵاتی تێدابکرێت. ئێستا ئۆپۆزسیۆن دەرفەتێکی ڕاستەقینەیان لەبەردەمە کە بتوانن گەشەبدەن بەم بەهایانەو بتوان لە واقیعدا پراکتیزەی بکەن، لەوەش دڵنیابنەوە کە بەمجۆرە پشتگیری بەردەوامی ئەمریکا لە کوردستاندا لەدەستنادەن.

ئۆپۆزسیۆن پێویستی بەستراتیژێکی نوێیە هەوڵبدات بۆ پاککردنەوەی ئەو خەوشانەی کە لە کوردستاندا هەیە بۆ ئەوەی دڵی سیاسییە بەهێزەکانی ئیدارەی ئەمریکا بەرن. پێشتر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار توانیویەتی بۆ ماوەی (١٨) ساڵ بەهۆی پاراستنی ئەمریکاوە حوکم بکات، بەڵام ئێستا ئەمریکا دەبێت بکشێتەوەو حکومەتی عێراقیش بەهێزدەبێت، لێرەدا تەنیا پرۆسەی دیموکراتی دەتوانێت پشتگیریی ئەمرکیا بهێڵێتەوە.

مەککین‌و لیبەرمان دوو سیناتۆری بەهێزی ئەمریکان‌و دۆستی یەکترن‌و خاوەنی بینینێکی واقیعین لەبارەی کوردستانەوە. هەردووکیان گەورە ڕاوێژکاری پەیمانگای ئەنتەرپرایزی ئەمریکین‌و لە (٢٠٠٨) مایکڵ ڕۆبن بەرپرسی دۆسییەی کوردی کەمپەینەکەی مەککین بوو. ئەو دوو سیناتۆرە لە نامەکی ڕەسمییاندا بۆ سەرۆک بارزانی‌و سەرۆک وەزیران نیچیرڤان بارزانی نووسیان: «شەرعیەت‌و متمانەی ڕاستەقینەی دروست بریتییە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک گروپ‌و تاکێکی دیاریکراو هەر ئەمەش دەبێتە هۆی بناغەی پەیوەندییەکی درێژخایەنی نێوان ئەمریکاو خەڵکی کوردستان».

کەواتە پشتگیریی دوورخایەنی سیاسی واشنتۆن بۆ کوردستان لەڕێگەی دیموکراسییەوەیە ئێستا تۆپەکە لە یاریگای ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوی یارییەکەی دروستبکات. یەکێتی‌و پارتی لە ماوەی (١٨)ی ڕابردوو وێنەیەکی ناشرینی حوکمییان پێشکەشکرد، ئۆپۆزسیۆن دەرفەتێکی مێژووی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی سستمێکی سیاسیی تەندروست دروستبکات.

# کەرتی تایبەت، سەنتەرێکی چارەسەری نەزۆکی لە سلێمانی دەکاتەوە

**نیان مەجید**





ژیان رەئوف، ژنێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە، ئەو بە ئومێدەوە روویکردووەتە سەنتەری دوارۆژ (سەنتەرێکی پزیشکییە لە سلێمانی بۆ پیتاندنی دەرەکی تۆو و هێلکە) بۆ ئەوەی لەڕێی ئەو هەوڵە پزیشکییەوە ببێتە دایکو حەسرەتی (٨) ساڵ هاوسەرگیریی بێ منداڵیی لەبیربەرێتەوە.

ژیان تەمەنی (٣٢) ساڵەو چاوەڕێی ئەوەبوو بانگبکرێتە ژووری نەشتەرگەرییەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت: ناتوانێت بەشێوەی ئاسایی منداڵی ببێت، وتی: «تائێستا سەردانی کەرکوکو بەغداو چەند شوێنێکی دیکەشم کردووەو جۆرەها چارەسەرم بەکارهێناوە بەڵام بێ ئەنجام بووە»، ئەو ئومێدی بەوە هەیە کە لەم رێگەیەوە ئەگەر جارێکیش بێت بێتە خاوەنی منداڵێک.

وەک پزیشکە پسپۆڕەکان باسی دەکەن، گرفتی نەبوونی منداڵ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە بەراورد بە رابردوو، بەشێوەیەک کە بەشێکی زۆری هاوسەرەکان بە ئاسانی نابنە خاوەنی کۆرپەو هەندێکیشیان هۆکاری زۆری ئەو حاڵەتانە بۆ پیاوەکان دەگەڕێننەوە.

لەنجە حەسەن (٣١ ساڵ)، یەکێکی دیکەیە لەو ژنانەی بۆ دروستکردنی منداڵێک رووی لە سەنتەری دوارۆژ کردووە، چونکە لە ماوەی (٣) ساڵی هاوسەرێتیدا نەبووەتە خاوەنی کۆرپەیەکو ئومێدی بەوە هەیە کە لە ئایندەدا منداڵی ببێت.

د.ئامانج رەحیم زەنگەنە، خاوەنی سەنتەری دوارۆژی ئەهلیی بۆ پیتاندنی دەرەکی، روونیکردەوە کە سەنتەرەکەیان تایبەتە بە دروستکردنی منداڵی بلووریو چارەسەرکردنی نەخۆشیی نەزۆکیی، کە ماوەی (٣) مانگە کراوەتەوە، وتی: «تائێستا نەشتەرگەریی بۆ ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییان ئەنجامدراوە، بەڵام رێژەی سەرکەوتووبوونی لە ماوەی شەش مانگدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەنجامی ئەو نەشتەرگەریانەی کە بۆ ژنان کراوە سەرکەوتوو بووەو لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ئایندەدا ئەنجامی دەبێتو منداڵەکان لە دایک دەبن».

د.ئامانج جەخت لەوە دەکاتەوە، کە سەنتەرەکەیان بۆ ئەو کەسانەیە، کە هیچ هۆکارێکیان نییە بۆ منداڵبوون، «ئەو پیاوانەی تۆوەکەیان لاوازە یان ئەو ژنانەی بۆری رەحمیان گیراوە، بەڵام رێژەکە زیاتر لەناو پیاواندایەو لە (٦٠٪)ی منداڵ نەبوون دەگەڕێتەوە بۆ پیاوان».

بەپێی لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان پیتاندنی دەرەکی (٣٥٪)ی لەو کەسانەدا سەرکەوتنی مسۆگەرە، کە تەمەنیان لە (٢٥ بۆ ٣٥) ساڵەو لە سەرووی ئەو تەمەنەوە بەرێژەیەکی زۆر سەرکەوتوونابێت.

د.ئامانج ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی عێراقەوە هاوڵاتییان روو لە سەنتەرەکەیان دەکەن، هەروەک پێیوایە سەنتەرەکەیان رێگەی دەرەوەی وڵاتی بۆ هاوڵاتییان نزیک کردووەتەوەو «خەرجی ئەو کارو نەشتەرگەرییانەی بۆ ژنو پیاوەکان دەکرێت هێندەی خەرجی رێگەی تارانو ئوردن نییە».

پسپۆڕانی بواری پزیشکیی جەخت لە پێویستی تەندروستی باری دەروونی ئەو کەسانە دەکەنەوە کە لە منداڵبوون دوا دەکەون، چونکە وەک ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەو ژنانەی لە منداڵبوون دوا دەکەون باری دەروونییان تێکدەچێت «ئەوەش زیانی زیاترەو کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات».

د.ئامانج زەنگەنە، دووپاتی دەکاتەوە، کە پێویستە ئەو هاوسەرانە ئارام بنو باری دەروونیی خۆیان تێک نەدەن، ئاماژە بەوەش دەکات، کە زۆرێک لەو ژنانەی رووی تێدەکەن باری دەروونییان ئاسایی نییەو لایەنی دەروونیی ئەو کەسانەی منداڵیان نییە زۆر هەستیارو ناسکە.

د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، بوونی سەنتەری تایبەت بە پیتاندنی دەرەکی بە گرنگ دەزانێتو ئەوەی خستەڕوو، کە لە هەر دوو سەنتەری هەولێری تایبەت بە منداڵی شووشە «نزیکەی سەد منداڵ لە دایکبوونو زۆر سەرکەوتوو بووە»، هەروەک ئەوەشی راگەیاند: کە سەنتەرێکی حکومیی تایبەت بە نەخۆشیی نەزۆکییو منداڵی بلووریی دەکرێتەوەو وتیشی: «لە ماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا سەنتەری پیتاندنی دەرەکی لە هەولێر دەکەینەوەو نرخەکەشی چواریەکی سەنتەرە تایبەتەکانەو بۆ خانەوادەی شەهیدانو ئەنفالەکانیش بێ بەرامبەرە».

---



فۆتۆ: ناصیح عەلی خەیات

# لە مانگی رەمەزاندا رێژەی سواڵکەران زیاددەکات

**هۆشەنگ سەروچاوەیی**

ئەگەرچی لە سێ ساڵی رابردوودا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کاریکردووە بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی سواڵکردن، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاریدا لەڕێی پۆلیسەوە ئەو سواڵکەرانە دەستگیر بکات کە لە شوێنە گشتییو بازاڕەکاندا ئەو کارە دەکەن، بەڵام ئەو دیاردەیە لە مانگی رەمەزاندا بەرەو هەڵکشان چووەو پەرەیسەندووە.

بەشێک لەو سواڵکەرانەی لە شارو شارۆچکەکان دەبینرێن عەرەبنو لە ناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراقەوە هاتوونو سواڵدەکەن، هەروەک ئاماژەشی پێدەکەن لە ناوچەکانی خۆیان بەهۆی کاری توندوتیژییەوە شارەکانیان بەجێهێشتووە.

بە وتەی سوعاد عەلی(٤٥ساڵ) کە خەڵکی شاری موسڵەو یەکێکە لەو سواڵکەرانەی لە شەقامەکانی رانیە سواڵی دەکرد، لە شارەکەی خۆی خێزانێکی ئاسوودەی هەبووەو مێردەکەی شۆفێری تەکسی بووە، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە کوژراوەو وتی: «هیچ کەسوکارێکم نییە بۆیە روومکردووەتە کوردستان، ئێستاش ئەگەر حکومەت هاوکاریم بۆ دابینبکات، چیتر سواڵ ناکەم».

هەرچەندە سواڵکەرەکان نەبوونی بەخێوکەرو پەیداکردنی بژێویی خێزانەکانیان بەهۆکاری سواڵکردنەکانیان دەستنیشان دەکەن، بەڵام شارەزایانی بواری دەروونناسی باس لەوە دەکەن کە ئەوانەی سواڵکردن بووەتە پیشەیانو رۆژانە وەکو پیشەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ناتوانن دەستبەرداری بنو وازی لێبهێنن.

یەکێکی دیکە لەو ژنانەی لە شاری رانیە سواڵی دەکرد خۆی بە (نەسرین کەریم) ناساند، لەگەڵ منداڵە تەمەن (١٠) ساڵەکەیدا، باسی لەوە کرد، کە مێردەکەی شەلەلی هەیەو لەماڵەوە بێکارەو ناتوانێت بژێوییان بۆ پەیدا بکاتو وتی: «ئەگەر سواڵ نەکەم ژیانمان ناچێت بەڕێوە». بەوتەی نەسرین، هاتنی مانگی رەمەزان بۆ ئەوان جێگەی دڵخۆشییە، چونکە لەم مانگەدا خەڵک زیاتر خێردەکەنو بەزەییان پیایاندا دێتەوە.

بەشێک لە دەروونناسەکان دوو جۆر سواڵکەر دەستنیشان دەکەن، ئەوەی کە بەهۆی سەختیی ژیانەوە ناچار بووە سواڵ بکات، ئەم گروپەش حکومەت بەئاسانیی دەتوانێت گرفتەکەیان چارەسەر بکاتو واز لە سواڵکردن بهێنن، گروپی دووەمیش ئەو کەسانەن کە سواڵکردن بووەتە پیشەیانو شوێنە جیاجیاکان دەگەڕێن بۆ سواڵکردن، ئەم گروپە بە دابینکردنی سەرچاوەیەکی بژێوی بۆیان لەلایەن حکومەتەوە واز لە سواڵکردن ناهێنن.

عیزەت جەلال، دەروونناس، ئاماژەی بەوەکرد، کە سواڵکردن دیاردەیەکی گشتییەو تایبەت نییە بە وڵاتێک، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا بەدیدەکرێت، بەڵام لە رووی کۆنترۆڵکردنو چارەسەرکردنییەوە، جیاوازیی هەیە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

عیزەت، پێیوابوو ئەو سواڵکەرانەی پێویستییەکانی ژیان ناچاری کردوون کە پەنا بۆئەم دیاردەیە بەرن، وەکو ئەو بەساڵاچووانەی کە شوێنی حەوانەوەیان نییەو کەسوکاریان دەستبەرداریان بوون، یان خێزانو کەسوکاری قوربانییانی جەنگن، حکومەت دەتوانێت بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان دووریان بخاتەوە لە سواڵکردن، بەڵام ئەوانەی سواڵکردن بووە بە بەشێک لە نەریتو بەشێک لەبەرنامەی ژیانی ئاساییان، بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری سواڵکردنی خۆیان نابن.

بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی رانیە ئاماژە بەوە دەکەن، بەردەوامن لە بنبڕکردنی دیاردەی سواڵکردن لە شوێنە گشتییەکاندا، روکن لەشکر، بەڕێوەبەری پۆلیسی رانیە بە رۆژنامەی راگەیاند: لە چەند رۆژی رابردوودا چەندین سواڵکەریان ناونووسکردووەو رادەستی دادگای دەکەن بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاساییان بەرامبەر بگیرێتەبەر، «چونکە نابێت سواڵکردن بەم شێوەیەی ئێستا لە رانیەدا هەبێت».

## ـــــەمانی ئایندەدا

ئۆپۆزسیۆنێک، کە هەڵەکانی (١٨) ساڵەی هەردوو پارتی دەسەڵات دووبارە نەکاتەوەو بەتەنگ داواکارییو خواستو ویستەکانی سەرجەم چینو توێژەکانەوە بێتو ژیانێکی پڕ کەرامەتیان بۆ دابین بکات.

ئۆپۆزسیۆنێک، کە بڕوای تەواوی بە سەروەریی یاساو بە موئەسەساتکردنی حکومەت هەبێتو خەبات بکات بۆ زیاتر چەسپاندنی دیموکراسییەتو ئازادییەکان.

بەم شێوەیە ئۆپۆزسۆن دەبێتە کاراکتەرێکی ئاکتیڤو باش بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم دەسەڵاتە کوردییەو کاراترکردنی حکومەتو ئیشوکارەکانیو باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانو هێنانەکایەی پەرلەمانو حکومەتێکی کاراتر لە جاران.

بۆیە بوونی ئۆپۆزسیۆن نەک هەر داواکارییو خواستە بەڵکو بووەتە زەرورەتێکی حەتمیو هەر دواکەوتنو چاوپۆشینێکو خەمساردییەک بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنو کاراکردنی لە بەرامبەریدا مانای نا دڵسۆزییە بۆ ئەم دەسەڵاتە کوردییە.

لێردا ئەو پرسیارانە قووت دەبنەوە، ئەریٚ دەکرێت لەم پەرلەمانەی ئایندەماندا، کە لیستو دەنگو ڕەنگی جیاوازی تێکەوتووە لەپاڵ لیستی هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا، کە بۆ ماوەی (١٨) ساڵە قۆرخیان کردبوو بۆ خۆیان، کە هێزی ئۆپۆزسیۆن کە توانایان کەم نییەو ناکرێت پشتگوێ بخرێن، کە حکومەتێکی سێبەر دروست بکەن لە بەرامبەر حکومەتی فیعلی هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا؟

ئایا دروستبوونی حکومەتی سێبەر بە قازانجی بەهێزکردنو چەسپاندنی زیاتری حکومەتی فیعلی دەشکێتەوە یان بە زیانی؟

لەڕووی دەستوورییەوە، تائێستا هەرێمی کوردستان نەبووەتە خاوەنی دەستوورێکی پەسەندکراو لەلایەن گەلەوە هەر بۆیە دەقێکی دەستووریی نییە، کە زامنی مافو ئەرکی ئۆپۆزسیۆنو حکومەتی سێبەریش بکات، وەک ئەوەی لە دەستووری بەریتانیدا هەیە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا یاسایەکیش نییە کە ڕێگر بێت لە دروستبوونی حکومەتی سێبەرو ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی.

بۆیە دەشـێت کـە حکومەتێکی سێبەر لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە پێکبهێنرێت لە پەرلەمانی کوردستاندا، گەر بێتو هێزی ئۆپۆزسیۆن یەکو یەکگرتووبێت لە هەڵوێستو گوتاری سیاسیاندا لە بەرامبەر حکومەتی فیعلیدا، چونکە ئەگەر هێزی ئۆپۆزسیۆن یەکگرتوو نەبن ئەوا ئەم داهێنانو کارە نوێیە لە سیستمی سیاسیی کوردیدا سەرکەوتوو نابێت، وەک ئەوەی لە بەریتانیادا هەیە.

دەبێت هێزی ئۆپۆزسیۆنیش لەلایەک گـۆڕانو جیاوازییەکانی نێوان سیستمی سیاسیی بەریتانیو کوردستانیی ڕەچاو بکاتو لەلایەکی دیکەیشەوە عورفو دابونەریتی کۆمەڵگەی کـوردەواریو ئینگلیزیش حساب بکاتو لەلای سێیەمیشەوە تەمەنو ئەزموونو پێگەی ئەم دەسەڵاتە کوردییەش لەناو عێراقو ناوچەکەو دونیاشدا هەڵبسەنگێنێت، کە نامۆن بەم جۆرو شێوازی پیادەکردنەی دەسەڵاتی دیموکراسییەت، چونکە لە هەردوو وڵاتی میسرو لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە حکومەتی سێبەر پێکهاتو لە عێراقی نوێشداو لە سەردەمی کابینەی د.ئیبراهیم جەعفەریدا لیستی ئەلعێراقییە بە سەرۆکایەتی د.ئەیاد عەلاوی بەنیازبوون، کە حکومەتێکی سێبەر پێکبهێنن، بەڵام لە هەردوو وڵاتدا ئەزموونەکە نەخەملییوو پێنەگەیشتو نەچەسپییویشە لەسەر زەمینەی واقیعو سەرکەوتوو نەبوون.

هەر بۆیە گەر هێزی ئۆپۆزسیۆن گەرەکیانەو لە بەرنامەیاندایە کارێکی لەو شێوەیە بکەن، پێویستە پێشتر چەند هەنگاوێک هەڵبگرن وەک:

١ . لە دەستووری ئایندەی کوردستاندا دەقێکی ڕوونو ئاشکرا بچەسپێنن دەربارەی مافو ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لە پێکهێنانی حکومەتی سێبەردا، بۆ ئەوەی کارەکە دەستووریی بێت.

٢ . بە هەمانشێوە یاسای کاری سیاسیی حیزبەکان دەربکەن، کە لەگەڵ ڕۆحی ئەم سەردەمەو گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی ئێستای سیاسیی کوردستاندا بگونجێت.

بەم شێوەیە دەکرێت ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو کاراو ئاکتیڤو باشو حکومەتێکی سێبەری بەهێزیش دروست بکرێت لە پەرلەمانی کوردستانداو ببێتە نموونەیەکی جوانو دیموکراسیی لە عێراقو ناوچەکەشداو لە سایەشیدا پەرلەمانو حکومەتێکی کاراتر بێتە ئاراوەو سەرئەنجامیش کۆمەڵگەو دەسەڵاتێکی کوردی دیموکراسییو پڕ ئازادیو عەدالەتو خۆشگوزەرانیش بکەینە دیفاکتۆ، بە هاوخەباتیو هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات پێکەوە ئەم دەسەڵاتە کوردییە جوانترو گەشاوەترو پتەوترو چەسپاوترو پێشکەوتووتر بکەینو سەرەتایەکی جوانترو ڕاستریش بۆ کاری سیاسیی ئایندەمان دەست پێبکەین، تا لە عورفو دابونەریتی سیاسییو جەماوەریشدا قوڵ ببێتەوەو ئیدی هیچ پارتو دەسەڵاتێکی دیکە نەتوانێت لێی لابداتو ڕەتیان بکاتەوە

# ئایا پێویستە (لیستی گۆڕان) بگۆڕدرێت بۆ حیزب!



مەحمود یاسین کوردی

دوای سەرکەوتنەگەورەکەی لیستی گۆڕان کە لە ماوەی (٩٠)ڕۆژی تەمەنیدا کە توانی بە پشتیوانیی خەڵکی ڕەشوڕووتو چینی پەراوێزخراوی گەنجان، گەوەترین موفاجەی هەڵبژاردن تۆمار بکات، بەبێ ئەوەی ئەو لیستە حیزبێکی سیاسی بێت خاوەنی ڕێکخستنو مەلبەندو لق بێت کە ئەمەش بووەتە جێگای سەرنجو سەرسوڕمانی ئێمەومانانو زۆربەی چاودێرەکانی ڕەوشی هەرێمی کوردستان.

لیستی گۆڕان توانی بە کەمترین کادیرو کەمترین دەستکەوتی مادیی ململانێی دوو لە گەوترین حیزبی سیاسیو مێژوویی کوردستان بکات، ئەگەرچی هـەر دوو حیزبەکە بـڕی دەیـان ملیۆن دۆلاریـان خستبووە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانیانەوە، بەڵام بە هۆی تەزویری بە لێشاو خروقاتو دەنگکڕینو چاوسوورکردنەوەوە ئینجا توانیان (٥٩)کورسی بە دەستبهێنن، بەڵام گۆڕان لە ڕێگەی گردێکی ئاسایی شاری سلێمانییەوە توانی دەسـەڵات لە دەڤەری بادینان ڕابچەڵەکێنێت کە ئەمەش نموونەی هاوشێوەی زۆر کەمە لە دونیای سیاسەتدا.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی سەرکەوتنی گۆڕان بریتیبوو لەوەی کە گۆڕان بریتی نەبوو لە (حیزبێکی سیاسییو ئایدۆلۆژی)

ئـەوەی ئەمڕۆ زۆر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لە ناو میدیاو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا، بریتییە لەگۆڕینو ئاراستەکردنی لیستی (گۆڕان) بۆ پارتێکی سیاسی، هەڵەبەتە ئەم حیزبە تازەیەش کە باسی لێوە دەکرێت، خوێندنەوەو لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت لایەنی ئیجابیو سلبی خۆی هەیە، بەڵام ئـەوەی زۆر گرنگەو پێویستە سەرانی (گۆڕان) بیزانن و یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی سەرکەوتنی لیستی (گۆڕان) بریتیبوو لەوەی کە گۆڕان بریتی نەبوو لە (حیزبێکی سیاسیو ئایدۆلۆژی)، یاخود ئەو لیستە تایبەت نەبوو بە ناوچەو گوندو دەڤەرێکی ئەم هەرێمە، بەڵکو (گـۆڕان) چەترێکی هێمنو خاوەنی پڕۆژەیەک بۆ گۆڕانکاریکردن لە ژیانی تاکو ئاڕاستەکردنی هەرێم بەرەو کەنارێکی هێمنو باش (هیودارم ئەو پێشبینییانەم ڕاست دەربچن)، چونکە ئەمڕۆ هاوڵاتیو تاکی کورد زۆر بێزارە لە دەست حیزبەکانو زۆر ناڕەحەتیو دەردیسەری چەشتووە بە دەست حیزبایەتییەوە کە ئاستەم نییە ئاوەها بە ئاسانی لە بیری بکات.

بۆیە دەبینین زۆر حیزبی دیکە جگە لە پارتیو یەکێتی لە گۆڕەپانەکەدا هەبوون، بەڵام لەبەرئەوەی هاوڵاتییان بە گومانەوە سەیریاندەکرد بەوەی کە ئەو حیزبانەش تەنیا مەبەستیان دەستگرتنە بە کورسیی دەسەڵاتەوە، بۆیە نەبوونە (Alternative) بۆ ئەو دوو حیزبە، بەڵام سەرانو سەرکردایەتی لیستی گۆڕان خۆیان لە (کورسی دەسەڵاتو حیزبی دەسەڵاتدار) ڕایانکردبوو، بۆیە کە باس لە گۆڕینی (لیستی گۆڕان) بۆ حیزبێکی سیاسی دەکرێت بە هەڵەی دادەنێم، مانای وا نییە کە حیزبایەتی بە کەڵکی ژیانی سیاسی نایەت، بەپێچەوانەوەوە، بەڵکو شێوازی بە کارهێنانی حیزب لە ژیانی مەدەنیو دیموکراسیدا ڕادەی چـاکو خراپبوونی حیزب دەردەخات.

خەڵک ئامادەبوو دەنگ بە (لیستی گۆڕان) بدات، بەڵام ئامادە نییە دووبارە دەنگ بە (حیزبی گۆڕان)بدات،

ئەگەر حیزب هۆکار بوو لە نێوان خەڵکو دەسەڵات ئەمە شتێکی تەندروستەو نیشانەی گەشەکردنی کلتوری دیمورکراسییە، بەڵام ئەگەر حیزب ئامانج بوو نەک هۆکار، واتا بەو مانایە کە خەڵک بووە هۆکار بۆ خزمەتکردنی حیزب، پاراستی دەستکەوتەکانی حیزبو هێشتنەوەی حیزب لە دەسەڵات بۆ ماوەیەکی درێژ، لێرەوە ئەنتی دیموکراسیو گەندەڵیو قۆرغکاری لە دەسـەڵاتو پاشەکشێ لە ژیانی مەدەنییەت ڕوودەداتو لێرەوە مافی تاکەکان بە زەقی پێشێلدەکرێت.

(لیستی گـۆڕان) پێویستە بەوردیی خوێندنەوەی بۆ مێژووی سیاسیی هەرێمو واقیعی کۆمەڵگای کوردی هەبێت، ئینجا بیر لە ئاراستەکردنی ئەو بزووتنەوەیە بکات بۆ حیزبێکی سیاسی، چونکە حیزبی کوردی مۆدێلی سەیری هەیە، حیزب لەم هەرێمەدا پێویستی بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی هەیە کە ئەمەش بەمانای پەرتبوونی ئەو بزووتنەوەیە دێت، چونکە بە دانپێدانانی خودی سەرۆکی لیستی گۆڕان (نەوشیروان مستەفا) زۆرینەی ئەندامو هەڵسوڕێنەرانی ئەو لیستە کەسانی موسڵمانو موتەدەینو بڕوایان بەو فەلسەفە سیاسییانە نییە کە ئەمڕۆ حیزبی کوردی لەسەر دامەزراوە.

دەشێت زۆربەی ڕەمزەدیارەکانی (لیستی گۆڕان) هەڵگری بیری مارکسییەتی دوێنێو عەلمانییەتی ئەمڕۆبن، ئەمەش بە هۆی پاشخانی فیکری سیاسییان کە بۆ یەکێتی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو لایەنگرو دەنگدەرانی لیستی گۆڕان هەمان بیروباوەڕیان هەبێت یاخود پێی ڕازیبن، ناشبێت برادەرانی (گۆڕان) ئەوە لە بیر بکەن، هاوڵاتییەکی ئاسایی هەولێری موحافیزکاری موتەدەین کە تائێستاش عەلمانییەت بە کافربوون دەزانێت لە ڕووی دەنگدانەوە وەکو (نەوشیروان مستەفاو سالار عەزیزو جەلال جەوهەرو مستەفای سەید قادر) خاوەنی یەک دەنگە، کەواتە لە ڕووی یاساوە هەموو ئەو بەڕێزانە دەنگیان یەکسانە لەگەڵ ئەو هاوڵاتییە!

### حیزبی گۆڕان عەلمانی دەبێت یان ئیسلامی؟ یان هەردووکیان!

لـە سـەروبـەنـدی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا (لیستی گۆڕان) بە تایبەتی خودی (نەوشیروان مستەفا) زۆر ژیرانە مامەڵەیان لـەگـەڵ ئاین کـرد، بەهیچ شێوەیەک بۆشاییان بۆ بەرامبەرەکانیان بەجێ نەهێشت بۆ یاریکردن بە سۆزی دەنـگـدەری کـوردسـتـان کـە زۆریـنـەی موسڵمانن، بەپێچەوانەوەی وشەی گۆڕان (**ان الله لایغیر مابقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم**) قورئانی پیرۆز بـوو بە دروشمێکی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی گـەورەی ئەو لیستە بوو، ئەمە لە ڕووی دەرەوە، هەڵبەتە (ئێمە بۆمان نییە قسە لە دیوی ناوەوەی ناخی مرۆڤەکان بکەین)، لیستی گۆڕان توانیشی ڕازیبوونی خۆی بەپێگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەکو ئـەوەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە دووپاتبکاتەوە کە توانی شەڕێکی بێمانای نەتەوەییو عەلمانییە توندڕەوەکانی ناو هەردوو حیزبەکە (پارتیو یەکێتی) لە کۆڵ خۆی بکاتەوەو هێندە کات بەو بابەتەوە نەکوژێت.

### حیزبو پارە بەفیڕۆدان

ئەمڕۆ حیزبە کوردییەکان زۆرترین پارەو سامانی وڵات بۆخۆیان دەبەن، هەر یەکە لەژێر شەرعیەتی زۆرینەی ئەندامو خەباتی شاخ بە شێوەیەک لە شێوەکان پارەی خەڵک فەرهوود دەکات بەبێ ئەوەی یاسایەک هەبێت پێوەرێک دیاریی بکات بۆ وەرگرتنی بودجەی حیزبەکان، جارێک لە سەرووی هەمووشیانەوە مانگانە ئەو (٦٠)ملیۆن دۆلارەی (پارتیو یەکێتی)، بێگومان لەم نێوەندەدا (لیستی گۆڕان) توانی بە پارەیەکی کـەمو دیاریکراو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بەهێز دروست بکات، توانی لەوێوە کاریگەرییەکی گەورە لە سەر هزری تاکی کوردی دروست بکات، ئەمەش بە ڕوونی دیارە کە ئەمڕۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کۆمپانیای (وشە) بە هەر سێ جۆرەکەی بینراو، بیستراو، خوێنراو، کاریگەریی گەورەیان دروستکردووە لە جوڵاندنەوەی خەڵکو دروستکردنی ڕای شەقامی کوردیو سەرئەنجامیش ئەو ڕایە بۆ بەرژەوەندیی (لیستی گۆڕان) شکایەوە.

بۆیە ئەگەر گـۆڕان دەیـەوێـت ببێتە حیزبێکی سیاسی، پێویستی بە ڕێکخستنو بارەگاو ئەندامێتیو دابەشکردنی پۆستو کۆکردنەوەی کۆمەڵێک خەڵکی بێئیش هەیە کە ئەمەش گەندەڵیو ڕۆتینیاتو ناعەدالەتی دروست دەکات، لە ڕاستیشدا دووبارەکردنەوەی ئەزموونی پارتیو یەکێتییە.

### گۆڕان دووبارەکردنەوەی ئەزموونی حیزباتی یەکێتیو پارتی

ئـەمـڕۆ هیچ گـەڕەکو کوچەیەکی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان نەماوە (پارتیو یەکێتی) خۆیانیان تێدا ناشیرن نەکردبێتو بارەگایەکی حیزبییان لێ نەکردبێتەوە، جا (لیستی گۆڕان)یش ئەگەر دەیەوێت ببێتە حیزبی سیاسی پێویستی بەو شتانە هەیە، چونکە ژینگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک کۆتو مەرجت بە سەردا دەسەپێنێت، ئەگەرچی تۆش ئامادە نەبیت ئەنجامی بدەیت.

هەڵبەتە هێشتنەوەی حالەتی (لیستی گۆڕان) لە گردێکی ڕاگەیاندندا باشترین ڕێگایە بۆ (لیستی گۆڕان)و کەمترین کاتو بودجە خەرجدەکاتو خۆ ڕزگارکردنیشە لە زۆر گیروگرفتی حیزبایەتیو خودی (نەوشیروان مستەفا)ش لە بـەری ئەو کێشانە یەکێتی چۆڵکرد.

ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر گۆڕان ببێتە حیزبێکی سیاسی پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە، بـەڵام لە هەمانکاتدا ئەگەر بتوانێت لەگەڵ دەستپێکردنی دانیشتەکانی پەرلەماندا پرۆژەی بودجەی حیزبەکان بە گوێرەی کورسیو دەنگەکانی هەڵبژاردن دیاریی بکات، ئەوا ئەو کاتە بە تەنیا لیستی گۆڕان حەقی وەرگرتنی بودجەیەکی هەیە بە قەد پارتی (٤٪ کەمتر)، بەو پێەی گۆڕان ئەمڕۆ خاوەنی (٢٥)کورسییە، لە کاتێک لیستی کوردستانی کە لە پارتیو یەکێتی پێکهاتووە خاوەنی (٥٩)کورسییە.

بەو بودجە یاساییەی کە لە خوولی داهاتووی پەرلەماندا پێویستە (لیستی گۆڕان) وەریبگرێت دەتوانێت کێشەیەکی گـەورەی چـارەسـەر بکات لە چەشنی بڕینی مووچەی کادیرانی یەکێتی کە ئەوانەی لە سەر لایەنگری (لیستی گۆڕان) نانبڕاوکراون، هەروەها دەتوانێت کاری وەبەرهێنانو پـڕۆژەی خێرخوازیو کارەکانی دەزگاڕاگەیاندنەکانی کۆمپانیای وشە بەڕێوەببات.

### مۆدێلی کۆمپانیای وەبەرهێنانی سیاسی، پاشەکشێ بە حیزبی سیاسی دەکات

ڕەنگە دوای سەرکەوتنی ئەو بیرۆکەیەش پڕۆژەی حیزبی سیاسی بگۆڕدرێت (کە زۆبەمان بێزاربووین لێی) بە پڕۆژەی کۆمپانیا کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت کۆنترۆڵی گەندەڵی بکرێتو شەفافانە لە ڕێگەی ڕاپۆرتی ساڵانەی داراییەوە بخرێتە بەرچاوی خەڵک.

لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا (لیستی گۆڕان) کەمترین ئیشی لەسەر ڕابردووو مێژوو کـرد، زیاتر پایەخی بە ئایندەو ژیـانـی ئێستای خـەڵـکـدا، بۆیە دوای شکستەگەورەکەی یەکێتیو پارتی، لە سەر کاک (نەوشیروان)و هاوڕێکانی پێویستە چیدی شانازی بە یەکێتییەوە نەکەنو دەستبەرداری ئەو حیزبەش ببن، چونکە کارو پیشەکانیو حالی ئێستای یەکێتی هیچ کەس شانازی پێوە ناکات، کەواتە یەکێتیی ئێستا پیرۆزی برادەرانی (٣٠ملیۆن دۆلارەکـە) بکەنو بەوانەی کە دەیانوت گۆڕان دەنگی گەڕەکێکی سلێمانی ناهێنێت، بڵێن: «ئێمە مەمنون ماڵتان ئاوا»!!

تەوەر

## لە چاوەڕوانی کابینەی سێبەردا.. سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی کارا

# ئـۆپـۆزسـیۆنو حکـومـەتی سێبەر لـە پەرلـ

نەوزادی موهەندیس

**ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی: بریتییە لە ڕەوتێک یان زیاتر، کە جیاوازییان هەیە لە ئاراستەی سیاسیدا، بەڵام لە یەک خاڵدا هاوبەشن ئەویش بریتییە لە هەوڵدانیان بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی یان لانیکەم ئیستپێکردنی دەسەڵات. ئەوەش لە ڕێگەی هۆکاری سیاسییو دەستوورییە ڕێپێدراوەکانەوە یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی وەک ئەو هۆکارانە. هەرکەسێکیش لایەنگر یان پیادەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بکات پێیدەوترێت (بەرهەڵستکار)**

دەشـێـت ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بگۆڕێت بۆ ئۆپۆزسیۆنی چەکداریی کە لەم حاڵەتەدا پێیدەوترێت ((هەڵگەڕانەوەی چەکداریی یان شـۆڕش))، هەروەها دەشێت زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆزببێتو بگاتە شەڕی ئەهلیی یان شەڕی ناوخۆ.

ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەش، زەمـانو زەمینەی گونجاوی گەرەکە بۆ ڕسکاندنیو پێگەیشتنیو کامڵبوونیو پێویست دەکات هۆکاری خۆییو بابەتیی لەبار بێت بۆ سەرهەڵدانو لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لە هەر کۆمەڵگەو وڵاتێکو سیستمێکی سیاسیدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی کەی دروستدەبێت؟ بۆچی دروستدەبێت؟ کاری ئۆپۆزسیۆن چییەو هەوڵو خەبات لەپێناو چییدا دەکات؟

ئاشکرایە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی سـەرەتـا لە کۆمەڵگەیەک یان سیستمێکی سیاسیی دیموکراسیدا سەر هەڵدەدات، کە بڕوای بە شەرعییەتی ئۆپۆزسیۆن هەبێتو ڕێز لە مافەکانیان بگرێت لە پێش هەمووشیانەوە مافی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتە لە کاتی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەو کاتە ئۆپۆزسیۆن دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕان. لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ناتوانرێت ڕەوتی گۆڕان پشت بە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی ببەستێت بەتایبەتیش لە کاتێکدا ئەو ئۆپۆزسیۆنە نهێنیی بێت یان ڕێلێگیراو بێت.

ئۆپۆزسیۆنێک لە بەرامبەر پارتی دەسەڵاتدار، کە زۆر جاران بەرژەوەندی حیزب دەخاتە سەرو بەرژەوەندی گەلەوەو لە شاڕێگەی ڕاستو دروستی خزمەتگوزارییو ئاوەدانیی وڵاتو گەل دوور دەکەوێتەوەو هەنگاو دەنێت بۆ تاکڕەوییو ملنان بەرەو دیکتاتۆرییەتو قۆرغکردنی دەسەڵاتو بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانو پاوانکردنی بازاڕو ئابووری وڵات لەلایەن ڕابەرو سەرکردەو بنەماڵەو پارتی دەسەڵاتدارەوە.

ئۆپۆزسیۆن لە سیستمێکدا سەرهەڵدەدات، کە یاسا پێشێلبکرێتو ئازادیی تاکو گروپو ڕێکخراوو میدیاو زانکۆکان بەرتەسک بکرێتەوەو میزاجی سەرکردەو ڕابەرو بڕیارەکانی جێگەی یاساو دەستوور بگرنەوە.

ئۆپۆزسیۆن لە سیستمێکدا سەرهەڵدەدات، کە پارتی دەسەڵاتدار پشت بکاتە بەرژەوەندیی زۆرینەی جەماوەرو بەتەنگ داخوازییو داواکارییو ویستەکانیانەوە نەچێتو هەوڵی پێشکەوتنو گەشەکردنی وڵات نەداتو هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەوارییو هەژارییو نەخۆشیو بێکاریی نەدات.

ئۆپۆزسیۆن لە سایەی دەسەڵاتێکدا سەر هەڵدەدات، کە ناعەدالەتیو دیاردەکانی گەندەڵییو مشەخۆرییو مەحسوبییەتو مەنسوبییەتو خزمخزمێنەو دڵڕازیکردن سەر هەڵبدەنو ڕۆبچنە ناو ناخی تاکەکانو دەسەڵاتیشەوەو جێگەی هەڵسەنگاندن بگرێتەوە لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویيو شارەزاییو مومارەسەو داهێنان.

ئۆپۆزسیۆن لە بارودۆخێکدا دروستدەبێت کە دامودەزگا حکومییەکان تەنیا بۆ بەرژەوەندیی پارتی دەسـەڵاتـدار بەکاربهێنرێتو بە خواستو ویستی سەرکردەو ڕابەر کار بکات، نەک لەسەر بنچینەی یاساو ڕێنماییو دەستوور.

ئۆپۆزسیۆن لە سەردەمێکدا سەر هەڵدەدات، کە گەل ڕاو بۆچوونی نەبێتو بەشداریی لە دەسەڵاتو بڕیارداندا نەکات لەڕێگەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی ئازادو سەربەخۆو ئەکتیڤەوە، کە بتوانێت یاساو ڕێسای گونجاو دەربکات کە لەبەرژەوەندی گەلدا بێت، نەک لە بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار.

ئۆپۆزسیۆن لە کاتێکدا سەر هەڵدەدات، کە وڵات بێ سەروبەرییو فەوزای سیاسیی تیایدا دروست ببێتو دەسەڵاتەکان لێک جیا نەکرێنەوەو حیزبی دەسەڵاتدار بکوژو ببڕی وڵات بێت.

ئۆپۆزسیۆن لە ساتە وەختێکدا سەر هەڵدەدات، کە ڕقو بێزارییو تووڕەیی جەماوەر گەیشتبێتە لوتکەو نزیک لە تەقینەوە.

ئا لەم بارودۆخە بارگاوییەدا کە هەموو ئانو ساتێک ئامادەیە بۆ تەقینەوەو کەمترین بزیسکەی دەوێت بۆ



کڵپەکردن.

ئـەوا بـارودۆخـی خۆییو بابەتیی ئامادەیە بۆ لەدایکبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بەهێز، کە ڕابەرایەتی جەماوەر بکاتو ڕق ئەستووریو نارەزاییان کۆبکاتەوەو ئاراستەیان بکات بەرەو گۆڕانی سیستمە سیاسییەکە بە شێوەیەکی هێمنانەو دوور لە توندوتیژییو پەنا بردنە بەر هێزی چەکدار.

**کارو ئەرکی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی چییە؟**

زۆر جاران ئەو ڕەخنەیە لە ئۆپۆزسیۆن دەگیرێت، کە ناتوانێت گۆڕانکارییەک بکات، کە جەماوەر داوای دەکەنو خوازیارین،و لە زۆر کاتیشدا دەسەڵات ئەم بێ تواناییەی ئۆپۆزسیۆن بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی پیشانی جەماوەری بدات، کە ئۆپۆزسیۆن بێ تواناو بێ دەسەڵاتەو هیچ سوودو کەڵکێکیان نییە. بەڵام ئەوە ڕاست نییە کە ئۆپۆزسیۆن گەر توانای گۆڕانی گەورەی نەبێت ئیدی بێ کەڵکەو هیچ ڕۆڵێک ناگێڕێت لە گۆڕاندا، بەڵکو ئۆپۆزسیۆن شەرعییەتی لەوێوە وەردەگرێت کە تاکە هۆکارە بۆ گۆڕان لە ناوخۆی دەسەڵاتداو دەیپارێزێت لە گەندەڵییو توانەوە.

بە هەمانشێوە گرەنتیە بۆ ئـەوەی، کە سیستمی سیاسیی نەگۆڕێت بۆ سیستمێکی دەمارگیرییو ئینتیما بۆ ڕابەرو سەرکردەکان کە ڕووخێنەری هەموو یاساو دادپەروەرییەکە.

ئۆپۆزسیۆن شەرعییەتەکەی وەرناگرێت لە توانای بۆ گۆڕانەوە، بەڵکو شەرعییەتەکەی لەو کارانەوە وەردەگرێت کە پێی هەڵدەستێت لە:

١- بەشداریکردنی لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەدا لەڕێگەی هەڵبژاردنەوەو چوونە ناو پەرلەمانەوە وەکو نمایندەیەکی ڕاستەقینەو ڕاستگۆی بەرژەوەندییو داواکاریی جەماوەر.

بەمەش لەلایەک دەبێتە هێزێکی سیاسیی خاوەن جەماوەرو شەرعییەتی یاساییو دەستووریو لەلایەکی دیکەیشەوە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پلانەکانی دەسەڵاتدا بۆ هەنگاونان بەرەو تاکڕەوییو پاوانکردنی دەسەڵاتو خۆسەپاندنی زیاتر.

٢- کاری ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە چاودێریکردنو بەدواداچوونی ئیشوکاری حکومەتو لە دەسەڵاتدا دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بە هەدەردانی سامانو سەروەتی گەلو میللەتو ڕێگە نادات پەرلەمان ببێتە هۆکارێکی نەرمونیان بە دەسـت حکومەتەوەو پەرلەمان دەبێتە جێگەی پێگەیاندنی کادیری سیاسیی پێشەنگ بۆ دەسەڵاتو لانیکەم هاوسەنگییەک دروستدەکات.

٣ - لە ئەنجامی چاودێریی حکومەتو ئیشوکارەکانیدا ڕێگە لە دیاردە دزێوەکانی گەندەڵییو مەحسوبییەتو خزمخزمێنە دەگیرێتو ڕێگە نـادات لەسەر بنەمای ناوچەگەرییو عەشیرەتو مەزهەبو بنەماڵە، کەسەکان پۆستو کـارە حکومییەکان بگرنەوەو دەسـەڵات دەگێڕدرێتەوە بۆ یاسا.

٤ - کارێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە، جڵەوگرتنی هەموو بزووتنەوە نارەزاییەکانو گۆڕینی بۆ داواکاریی سیاسیی، کە دەکرێت گفتوگۆو تێگەیشتن لە بارەیەوە بکرێت.

٥ - کاری ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە، گەشەپێدانی ئازادی کاری سیاسییو میدیاو زانکۆکانو ڕێکخراوو جەماوەرو سیستمی سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتی وڵاتو پیادەکردنی سیاسەتێکی شەفافو ئاشکرا لە هەموو مەسەلەکانداو ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت.

بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت کەشو هەوایەکی ئازادو دیموکراسو ئارامو ئاشتی بێنێتە کایەوە، کە هەموو چینو توێژەکان هەست بە عەدالەتیو خۆشگوزەرانیو پێشکەوتنو مافەکانی خۆیان بکەن دوور لە ترسو تۆقاندنو نانبڕینو برسێتیو هەژارییو دواکەوتوویيو بێکارییو نەخۆشی.

هەر بۆیە نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا مانای نەبوونی سیاسەتە لە بنیچینەداو دواتر مانای نەبوونی ئازادیو دیموکراسیش دەگەیەنێت، هەرچەندە دەسەڵاتەکەش لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە هاتبێتە سەر حوکم. چونکە هیچ دەسەڵاتێک چەند بەهێزو گەورەو کاریگەر بێت ناتوانێت جێگەی بۆشایی ئۆپۆزسیۆن بگرێتەوەو نمایندەی ئەو کەسو گروپو لایەنانە بکات، کە تیایدا بەشدار نینو ناتوانێت ببێتە نمایندەی داواکارییو داخوازییەکانیان.

هەر بۆیە بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی مەرجی یەکەمی پێشکەوتنو سەرکەوتنو گەشەکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکەو نەبوونیشی خاڵێکی ڕەشی کەمتەرخەمیو خەمساردی دەسەڵات دەگەیەنێت لەبەرامبەر داخوازییەکانی جەماوەردا.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەرێ لە ئێستای کۆمەڵگەی کـوردەواریـدا زەرورەتـی بـوون یـان لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی هاتووەتە ئاراوە؟ ئەگەر هاتووە، ئایا پێویستمان بە چ جۆرێکە لە ئۆپۆزسیۆن، باش یان خراپ؟ ئایا ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لە کوردستانداو لە پەلەمانی ئایندەدا دەکرێت، کە حکومەتێکی سێبەر پێک بهێنێت؟و ئەمەو دەیان پرسی تریش...

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، پێویستە زانیاریمان دەربارەی حکومەتی سێبەر هەبێتو بزانین ئەم حکومەتە چییەو لە کوێ سەری هەڵداوەو کارو ئەرکی چییە؟و دەسەڵاتو ئیمتیازاتەکانیشی چین؟

**حکومەتی سێبەر:** بریتییە لە ئەنجومەنی وەزیرانێکی تەواو کە پێکدێت لە سەرۆک وەزیرانو تەواوی وەزیرەکان، لە بەرامبەر کابینەی وەزیرانی فیعلی، بەڵام ئەم حکومەتە پیادەی دەسەڵاتی فیعلی ناکات، بەڵکو حکومەتێکی ئۆپۆزسیۆنەو ئەنجومەنی وەزیرانێکی بەرهەڵستکارە لە دەرەوەی دەسەڵات.

بوونی ئەم حکومەتە سیفەتێکە تەنیا لە سیستمی دەستووریی بەریتانیادا بوونی هەیە لە ساڵی (١٩٢٣) وە.

بەریتانیا بەو سیفەتەی کە دێرینترینو بەناوبانگترین وڵاتی دونیایە لە ڕووی بوونی سیستمێکی پەرلەمانیو دیموکراسی سەردەمییەوەو بنەماو بیروباوەڕەکان لێرەوە سەریان هەڵداوەو گەشەیانکردووەو دواتر بڵاوبوونەتەوە بۆ هەموو کیشوەری ئەوروپاو دونیاش. بەوپێیەشی کە ئەم وڵاتە سیستمی دوو حیزبی سیاسیی پیادە دەکات ((حیزبی پارێزگارانو کرێکاران)) لە سەدەی حەڤدەیەمەوە، هەرکاتێکو لە ئەنجامی هەر هەڵبژاردنێکدا هەر حیزبێک زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی وەدەستهێنا ((٥٠+١)) کە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی گشتیی ((مجلس عمومی بەریتانی)) بریتییە لە (٦٥٠) کورسی ئەوا، حکومەتی فیعلی پێکدەهێنێتو لە بەرامبەریشدا حیزبی ئۆپۆزسیۆن حکومەتی سێبەر پێکدەهێنێت، کە ئەرکی چاودێریکردنی حکومەتی دەسەڵاتدارە.

ئەم پێکهێنانی حکومەتی سێبەرە بە تەنیا لە عورفی بەریتانیدا هەیە. هەرچەندە لە هەندێ وڵاتی دیکەیشدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم شێوازە پیادە دەکرێت، بەڵام ناگاتە ئاستی ئەم شێوازە لە دەستووری بەریتانیادا، چونکە تەنیا بنەمای سەروەریی یاسا لە چەمکەکانی دەستووری بەریتانیادا مافی داوە بە ئۆپۆزسیۆن، کە حکومەتی سێبەر پێکبهێنێت کە وەرگیراوە لە دابونەریتی دەستوورییو پیرۆز ڕاگرتنی گەلی بەریتانیا بۆ ئازادییەکانو تەنیا وڵات لە دونیادا بەریتانیایە، کە پێگەیەکی یاسایی داوەتە ئۆپۆزسیۆنو دەستووریش دانی پیاداناوە.

لەبەر ئەوە حکومەتی سێبەر، چونکە حکومەتی ئۆپۆزسیۆنە بووەتە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسییو یاسایی، کە پەیوەستە بە سیستمی پەرلەمانی بەریتانیاوە، کە تیایدا سەرۆکی حکومەتی سێبەر هەندێ مافی هەیە وەک:

١- سیفەتێکی ڕەسمیی هەیەو بـەو سیفەتەی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن شکۆیە Leader Of His Majesty Oppostion مووچەیەکی باشی لە خەزێنەی دەوڵەت بۆ دیاریکراوە لە ساڵی (١٩٣٧)ەوە، کە ئەمەش مانای وایە لەلایەن سیستمی دەستوورییەوە، کە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن هەڵدەستێت بە کارێکی گشتیی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی سیاسیدا، ئەویش بە سیفەتی سەرۆکی حکومەتی سێبەر Fantome Cabinet.

٢- هەر لە سایەی ئەم سیستمەی بەریتانیادا، سەرۆکی حکومەتی سێبەر بەشداریی لە کاروباری دەسەڵات دەکـاتو لە بۆنە گرنگە نیشتمانییەکاندا، کە پێویست بەوەرگرتنی بڕیاری گرنگو مێژووییو چارەنووسساز دەکات بەشداریی دەکاتو سەرۆکی حکومەتی فیعلی ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی سێبەر دەکات، وەک ئەوەی کە ڕوویدا لە کاتی جەنگی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)دا ڕێکەوتنامەی بەناوبانگی نێوان سەرۆکی حکومەتی فیعلیو سێبەر لە ساڵی (١٩٤٧) دەربارەی کشانەوەی بەریتانیا لە هیندستانو ڕێکەوتننامەی هـەردوو حکومەت لە ساڵی (١٩٦٧) دەربارەی کێشەی ڕوسیاو .. هتد.

٣- بە هەمانشێوە سەرۆکی حکومەتی سێبەر خاوەن ڕێزێکی گەورەیە لە ئەنجومەنی عومومداو یەکێکە لە گرنگترین ئەندامی ئەنجومەنی عوموم لە بەرامبەر کورسی سەرۆکی حکومەتدا دادەنیشێتو هەر ئەویش دانیشتنەکانی پرسیارو وەڵامی ڕۆژانی (سێشەممانو پێنجشەممانی) ئەنجومەنەکە دەکاتەوە.

٤ . هەروەها ئەم سەرۆکی حکومەتی سێبەر لەلایەن سەرۆکی وڵاتانو سەرۆک وەزیرانی وڵاتانەوە پێشوازی لێدەکرێت بە ڕەسمیی.

٥- هەر کاتێکدا گۆڕانکاریی بوو یان حکومەتی فیعلی دەستی لەکار کێشایەوە بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا حکومەتی سێبەر کە لە سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان پێکهاتووە بەرامبەر سـەرۆکو وەزیرەکانی کابینە فیعلییەکە دەستبەکار دەبن لە کاتی سەرکەوتنیاندا، هەر وەزیـرەو کاری چاودێریی وەزارەتەکەی بەرامبەری دەکاتو کەموکورییو هەڵەکانیان دەستنیشاندەکاتو گەندەڵییە داراییو کارگێڕییەکانیان دەخاتەڕوو بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە گەندەڵییو ڕاستکردنەوەی ئیشوکارەکان.

گرنگترین کـاری حکومەتی سێبەر بریتییە لە چاودێرییو بەدواداچوون بۆ ئیشوکارەکانی حکومەتی فیعلی.

**ئەرکەکانی حکومەتی سێبەر لە پەرلەماندا:**

١ . مافی پرسیارکردنی هەیە لە هەر وەزیرێک کە پێویست بکاتو لەسەر هەر مەسەلەیەک.

٢ . مافی لێپرسینەوەی هەیە لە هەر وەزیرێک کە بە تۆمەتی کەمتەرخەمییو خەمسارديیو دەرچـوون لە یاساو دەستووری ئاراستەی کرابێت.

٣ . مافی لێکۆڵینەوەی هەیە لە هەر وەزیرێک دەربارەی هەر مەسەلەیەکو ئەگەر پەرلەمان نەگەیشتە بڕواکردن بە وەڵامەکانی ئەو وەزیرە ئەوا متمانەی لێ دەسەنێتەوە.

٤ . مافی لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەتی هەیە، کە ئەمە مەترسیدارترین چەکە بە دەست ئۆپۆزسیۆنەوە ((حکومەتی سێبەرو ئەندامەکانییەوە)) بەرامبەر حکومەتی فیعلی.

بەم شێوەیە دەبینین، کە حکومەتی سێبەر تەنیا لە وڵاتی بەریتانیاو لە سایەی سیستمی پەرلەمانیو دەستووریدا هەیەو مافو ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەیە کە دەستوور بۆی زامنکردووە.

بۆ وەڵامـی پرسیارەکانی پێشوومان دەربـارەی دەسەڵاتو سیستمی سیاسیی کوردستانو زەرورەتی ئۆپۆزسیۆنو شیاوی حکومەتی سێبەر، ئەوەیە:

بەڵێ لە ئێستای دەسەڵاتی کوردیدا زەرورەتی بوونو لەدایکبوونو سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی هاتووەتە ئاراوەو بەهێزیشەوە خۆی سەپاندووەتە سەر گۆڕەپانی سیاسیی، بە مەبەستی گۆڕینی سیستمی سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ..هتد. لە کوردستاندا، بە مەبەستی گەشەپێدانو پێشخستنی زیاترو چەسپاندنی لەسەر بنەمای بە موئەسەساتکردنو دوورخستنەوەی لە دەسەڵاتی حیزبیو کردنی بە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی جەماوەری زۆرینەی گەل.

بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانو پێشهاتو ڕووداوە نوێکانی ناوچەکەو دونیاشدا بگونجێتو لەم سیستمە نوێیەدا یاسا سەروەربێتو هەمووان لە بەردەمیدا وەک یەکو یەکسان بنو عەدالەتو شەفافییەتو خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان بێتو دیاردە دزێوەکانی گەندەڵیو ڕۆتینی زیانبەخشو پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسییو ئابووریو بازرگانییو بازاڕەکان لەلایەن حیزبو سەرکردەو بنەماڵەوە نەمێنێت، هەروەها دیاردەکانی ناوچەگەرییو عەشرەتو مەزهەبو بنەماڵەچێتی باویان نەمێنێتو بنەماکانی دیموکراسی لە هەڵبژاردنو ئازادیو ڕەخنە قبوڵکردنی بەرامبەرو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە ئاشتیانە جێگەیان بگرێتەوە.

بەم شێوەیە لە ئەنجامی بێ دادیو بێ یاساییو پاوانکردنی دەسـەڵاتو تاکڕەویو زەوتکردنی مافە سیاسییو ئابوورییەکانی تـاکو گـروپو میدیاو بازاڕو ...هتد. لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوەو دروستبوونی نارەزاییو تووڕەبوونو بێزارییو ڕق ئەستووری جەماوەرەوە زەمانو زەمینەی گونجاوو لەبار هاتووەتە ئاراوە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن.

بـەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ، کە لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلو نیشتماندا تێبکۆشێت، نەک لەپێناو وەدەستهێنانی هەندێ دەسکەوتی تایبەتیو پلەو پایەو پۆستو بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتیو بە تەنیا هەوڵی بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتو سەروەتو سامان کۆکردنەوە بێت.

## ئاگاداری لە کۆمیتەی پشتگیری لیستی گۆڕان:
## بۆ سەرجەم کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی نەمسا!

باڵیۆزخانەی عێراق لە ڤیەننای پایتەخت بە نووسراوێک سەرجەم عێراقیەکانی دانیشتووی ئەم وڵاتە ئاگاداردەکاتەوە، کە لە ڕۆژانی دووشەممە تاوەکو هەینی لە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی بۆ ١٢ی نیوەڕۆ سەردانی تەلاری باڵیۆزخانە بکەن و لەچوارچێوەی سەرژمێری گشتیدا بە بەڵگەوە ناوی خۆیان تۆماربکەن.
لە نووسراوێکدا، کە لە ماڵپەڕی باڵیۆزخانەی عێراق بڵاوکراوەتەوە.
هاتووە: ئاگاداری - ئاماری گشتی دانیشتووانی عێراق
هەموو خوشکو برا عێراقیەکان ئاگاداردەکەینەوە کە سەردانی باڵیۆزخانە بکەن بۆ تۆمارکردنی ناویان بۆ مەبەستی ئاماری گشتی دانیشتووانی عێراق ئەوەش بەپێی نوسراوی وەزارەتی پلاندانان ژمارە ٥٤٤ لە ٢٠٠٩/٠٢/٢٧ تکایە بەڵگەنامەیەکی عێراقی بهێنن بۆ سەلماندن **(شهادة الجنسية او هوية الاحوال المدنية او جواز السفر العراقي)** لە بەرواری ٢٠٠٩/٠٦/١ تا ٢٠٠٩/٠٨/٣١ ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی، کات: ١٠ - ١٢
باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق/ ڤیەننا
Johannesgasse 26
A-1010 Wien
Tel.: 01 / 7138195

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٥٤ - R١
پرۆژە: گۆڕینی بۆری ئاو لە گەڕەکی چوارباخ ٤٠١ + ڕاکێشانی بۆری ٢٤ ئینچ لە تانکی گردی جۆگاوە لە گەڕەکی گردی جۆگا ١٠٧.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێڕی خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٨٠٠٠٠٠٠) هەژدە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە/ ٣١٦٦
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٨/١٦
وەزارەتی بازرگانی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ سلێمانی/ بەشی بەدواداچوون
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا
دوابەدوای بڕیاری کارگێڕیمان ژمارە (٣٠١١) لە ٢٠٠٣/١٢/٢٩.
کە تایبەتە بە دامەزراندنی کۆمپانیای (ئاسان بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار).
وە ئاماژە بە کۆنوسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیای ناوبراو لە ٢٠٠٩/٧/١٠ کە تیایدا بڕیاریانداوە بە:
١ ـ پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئاسان بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردا)
٢ ـ دامەزراندنی (گۆنا حمە سعید مردان) وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا.
پاڵپشت بە مادەی (١٤٧، ١٥٨، ١٦٠) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ ساڵی ١٩٩٧ زاینی هەموارکراو، پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بڕیاری ڕەزامەندیماندا بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای ئاسان بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار وە دامەزراندنی (گۆنا حمە سعید مردان) وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا
تا بەپێی مادەی (٢٠٦) لە یاسای ژمارە پێکراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
ئەم بڕیارە لە سلێمانی نووسرا لە بەرواری ٢٠٠٩/٨/١٦
بەرامبەر/ خەرمانان/٢٧٠٩ کوردی
سۆران أحمد اسماعیل
بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ سلێمانی

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٥٥ - R٥
پرۆژە: دروستکردنی شۆستەو قیرتاوکردنی گەڕەکی پێنجی ئازار لە حاجیاوا.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێڕی خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٥٠٠٠٠٠٠) چل و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥
ژمارە/ ٧٩/ استملاک/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/١٨
ئاگاداری
داواکاران/ ١ ـ وەزیری گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ٢- بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی
داوا لەسەرکراوان/ ١ ـ نەبەز أسحاق عیسی ٢ ـ نجاة أسحاق عیسی
بۆ داوا لەسەرکراوان داواکاران سەرەڕای کارەکەیان داوای ژمارە ٧٩/استملاک/٢٠٠٩ یان تۆمارکردووە کە تیایدا داوای استملاک کردنی مولکی ژمارە ٦٣٠م گۆیژە دەکات بەرامبەر بە بڕێک پارە کە شارەزایانی یاسای دەیخەملێنن و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بە مەبەستی ئامادەبونتان بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ.
دادوەر
عبدالله اسماعیل أمین

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٤
ژمارە/ ١٧٦٤/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/١٩
ئاگاداری
داواکار/ جلال رشید احمد
بۆ داوالەسەر کراو/ هەرێم بورهان علی کە لەکاتی ئێستادا شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە.
داواکار داوای ژمارە ١٧٦٤/ب/٢٠٠٩ی تۆمارکردووە لەم دادگایە بەوەی بەپێی ڕێکەوتنێک لە نێوان تۆو داواکار (جلال رشید احمد) هەستاویت بە فرۆشتنی ئوتومبێلی ژمارە ١٧٢٧٧ سلێمانی/ اجرە جۆری کیاصالون مۆدیل ٢٠٠١ بە بڕی ٦٠٠٠ شەش هەزار دۆلاری ئەمریکی کە دەکاتە (٧٢٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن و دووسەد هەزار دیناری عێراقی بەپێی گرێبەستێک لە نێوانتاندا، بەڵام وێڕای داواکردن تۆ هەڵنەساویت بە جێبەجێ کردنی ڕلتزامەکەت بە گواستنەوەی خاوەندارێتی ئوتومبێلی ئاماژە بۆکراو بەناوی داواکارەوە بەو پێیەی ئەو گرێبەستە بە پوچەڵ دادەنرێت لەڕووی شێوەوە بەپێی یاسا بۆیە داواکارە لە دادگا بانگهێشت بکرێیت بۆ دادبینی و بڕیار بدرێت بە بە گێڕانەوەی بڕی (٧٢٠٠٠٠٠) و داواکار ئامادەیە ئوتومبێلەکەت بۆ بگێڕێتەوە هەرکاتێک تۆ ئەو بڕە پارەیەت گێڕایەوە بۆی لەگەڵ لە ئەستۆگرتنی مەسرەفی داواو ماندووبوونی پارێزەرێتی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت لەکاتی ئێستادا نادیارە وا دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە بۆ ئامادەبوونت لە دادگاکەمان لە بەرواری ٢٠٠٩/٩/٢٩ کاتژمێر ٩ وە یان بریکار بنێرە بە پێچەوانەوە بە نائامادەیی دادبینی دەکرێیت بە گوێرەی یاسا.
دادوەر
سالار رووف محمود

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٥٣ - R١
پرۆژە: ڕاکێشانی بۆری ئاو بۆ کۆڵانەکانی (١٩، ٢١، ٢٣) لە کارێزەوشک ١١٤ + ڕاکێشانی بۆری ئاو بۆ چەند کۆڵانێک لە زێرینۆک.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێڕی خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٣٠٠٠٠٠٠) سیانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری
دادگای باری کەسیەتی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ١٦١٨/ش/٢٠٠٩
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٨/٢٠
(ئاگانامە)
داواکاری: ژوان أومید کریم
داوالێکراو: شوان عثمان محمد أمین
داواکار (ژوان أومید کریم) داوایەکی بە ژمارە (١٦١٨/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داوای (جیابوونەوە) دەکات بەهۆی جێهێشتنت زیاتر لە ساڵێک
وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری (٢٠٠٩/١٠/٤) سەعات (٩/٣٠)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان بریکارێ نەنێرن ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
داوالێکراو: شوان عثمان محمد أمین
دادوەر
عمر أحمد محمد

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥
ژمارە/ ١٥٤٧/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/١٨
ئاگاداری
داواکار/ ئاشتی اسماعیل همزە
داوا لەسەرکراوان/ ١ ـ زامیار نادر قادر
٢ ـ ڕێبین نادر قادر
٣ ـ ڕێبوار نادر قادر
بۆ داوا لەسەرکراوان داواکار داوای ژمارە (١٥٤٧/ب/٢٠٠٩) لە دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥ تۆمارکردووە تێیدا داوای لابردنی هاوبەشەکان دەکات لەسەر مولکی ژمارە ١٧/٧٨١ م٢ زەرگەتە بە بەش کردنی مولکەکە لە نێوان هاوبەشەکاندا ئەگەر شیاوی بەشکردن بوو وە یا فرۆشتنی مولکەکە وە بەش کردنی پارەکەی لە نێوان هاوبەشەکانیدا لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بە مەبەستی ئامادەبونتان بۆ ڕۆژی دادبینی لە بەرواری (٢٠٠٩/١٠/٤) کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی بە پێچەوانەوە داواکە بە نائامادەیتان دەبینرێت.
دادوەر
عبدالله اسماعیل امین

## ونبوون

دوو فۆرمی بایەعی بە ناوەکانی (ئامانج محەمەد نوری ساڵح) و (ناهیدە فەرەج ئەحمەد) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٤٣٦٦٤٣)

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**
سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com
دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com
ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

## یەکەم دانیشتنی پەرلەمان زەنگێکی مەترسیداربوو

شۆخان فەرەج



دیاریکردنی سەرۆکو جێگری پەرلەمان بەپێی سیناریۆیەک ئەوە دەسەلمێنێت کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار رێز لە گەل ناگرن، چونکە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لە پەرلەمانن نوێنەری گەلن، ئێمەی گەل متمانەی خۆمان پێبەخشیونو دەنگی خۆمان پێداون کاتێک لە ئێستاوە گوێ لە نوێنەرەکانمان نەگیرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا زەنگێکی مەترسیدارە کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەیانەوێت بەو زەنگە ئاگادارمان بکەنەوەکە واهەستنەکەین کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت گۆڕانکاریی بکات، دەیانەوێت پێمانبڵێن ئێمە بەبێ گەڕانەوە بۆ یاسا بەبێ گەڕانەوە بۆ میللەت کە نوێنەری خۆیان ناردووەتە پەرلەمان هەرخۆمان پینەوپەڕۆ دەکەین هەرخۆمان چیمان بوێت ئەوەدەکەین، دەیانەوێت ورەی خەڵک بەوە دابەزێنن کە ئەوان دەنگیان داوە بە لیستێک کە لە پەرلەماندا حیسابیان بۆ ناکرێت.

لیستی کوردستانی بەو کردەوانەی وێنەیەکی ناشرین بۆ خۆی دروستدەکات لەبەرچاوی گەلەکەی پاشان لەبەرچاوی دنیای دەرەوە، دەیسەلمێنن ئەوان هەرگیز بڕوایان بە دیموکراسییەت نییە، ئەوان دەیانەوێت پەرلەمان هەر بەو شێوەیەی جاران بمێنێتەوەو بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەلسوکەوت بکەن لە پەرلەماندا.

ئەوەی کە بینیمان لە یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمان شتێکی سەرسوڕهێنەرنەبوو، چونکە پێموایە هەریەک لە ئێمە پێشبینیی ئەوەمان کردبێت. دەبێت ئەوەی گرنکە کە باسی لێبکەین چۆن رووبەڕووی ئەو لیستانە ببینەوە کە دەیانەوێت پیرۆزییەکانی پەرلەمان تێکبشکێنن. پێویستە هەریەکە لە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان بە جدیی ئەم کردەوەیە وەربگرن ئەگەر هاتوو ئەمە پشتگوێبخرێت ئەوە رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی کە لە رۆژانی داهاتووشدا گوێیان لێنەگیرێت هەر وەک چۆن دەڵێن مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە. پێموایە دەبێت لیستی گۆڕان لە ئێستاوە بگەڕێتەوە بۆ ناو میللەت، میللەت هۆشیار بکاتەوە کە لیستی دەسەڵاتدار لە ئێستاوە دەیانەوێت مافەکانیان لە پەرلەماندا پێشێلبکەن دەیانەوێت رێز لە سەروەریی پەرلەمان نەگرن، کاتێک گەل دەنگیاندا بە لیستی گۆڕان بەو هیوایەی کە دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی دیکاتۆریی لە کوردستاندا لاوازبکاتو گەندەڵیو ناعەدالەتی نەهێڵێت. ئەمرۆش گەل رازی نابێت کە گوێ لە نوێنەرەکانی نەگیرێت، پێموایە گەل دەبێت چۆن ئازایانە دەنگیاندا بەو لیستەی کە بڕوایان پێیبوو، دەبێت ئازایانە بەشێوەیەکی دیموکراسی دوور لە توندوتیژیی پشتیووانی خۆی بە ئاشکرا بۆ نوێنەرەکانی دووپاتبکاتەوەو لە رووداني هەر حاڵەتێکی نایاسایدا دەبێت برژێنە سەر شەقامەکانو دژ بەو کەسو لایەنانە بووەستنەوە کە دەیانەوێت لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتیاندا هەموو بێ رێزییەک بە پەرلەمانو نوێنەرەکانی گەل بکەن. دەبێت بیرمان نەچێت بە تەنیا گەل ناتوانێت ئەو دەورەببینێت ئەگەر نوێنەرەکانیان پشتگیریان نەبن، دەبێت گەلو نوێنەرەکانیان هاوڕاو پشتگیری یەکتربن، لیستی گۆڕان دەبێت لە ئاستی پێویستدا بێت ئەوەی لەبەرچاوبێت کە چەندەها کەس خۆیان نانبڕاو کردووە لەبەرئەوەی نوێنەری راستەقینەی خۆی بنێرێتە پەرلەمان ئەوەش بەوەدەبێت لە بینینی هەر حاڵەتێکی نا یاسایدا دانیشتنەکانی پەرلەمان بایکۆتبکەنو نەچنە پەرلەمانەوە هەتا ئەو کاتەی کە پەرلەمان سەروەریی خۆی دەپارێزێت، دوور لە دەستێوەردانی حیزبایەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گەل کارەکانی دەکات.

# لەیەکەم دانیشتنی پەرلەماندا، چیمان دی؟؟!!



فەرەیدون حەمەڕەشید

لەهەموو جیهاندا کاتێک ئازادییو راستگۆیی لای سیاسییەکانی ناو دەسەڵات نەما، ئیدی میللەتو کۆمەڵگەی ئەو هەرێمە بەرەو لەدەستدانی بەهامرۆڤایەتییەکان دەچن، کاتێک پەرلەمان شوێنێک نەبوو بۆ لێپرسینەوەی پیاوەکانی حکومەتو دەسەڵات، ئیتر سیاسەتکردنو حیزبایەتی لای خەڵک دەبێت بەبازاڕی سیاسی.

پەرلەمانی نوێ رۆژی پێنجشەممە (٢٠٠٩/٨/٢٠) یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدا، ئەم پەرلەمانە بە عەقلە پڕاوپڕ حیزبییەکانو ئامادەبوونی دەمامکەکانی رابردوو، کردنەوەی خولی سێهەمی کردەوە. خەڵکانێکی زۆر بە جلوبەرگو جێگەیەکی تەشریفاتی لەوێدا ئامادەبوون، بۆیە دەڵێم تەشریفاتیی، چونکە سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەی وەک دووکادیری دیاری حیزب کارەکانیان پێ سپێردرا، نەک وەک نوێنەرانی گەل کە دەبوو بە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن ئەم کارە بکرایە نەک بە تەزکییەی حیزب، خۆ دەربازکردن لە ئیحراجبوونی هەڵوێستی نادیموکراسیی بەو بەهانەیەی کە لیستی کوردستانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەیەو هەردەکرێت سەرۆکو جێگری پەرلەمان کەسایەتی ناو لیستی کوردستانی بن، پاساوێکە بۆ باوەڕنەبوون بەهێزو دەنگی دیکە لەناو پەرلەماندا کە نوێنەری نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی کوردستان لە هۆڵی پەرلەمان هەیە، هەروەها بەم بە سیناریۆکردنەی کاری پەرلەمانیی ناڕازین.

دەسپێکی ئەم دانیشتنە وەڵامی ئەوپرسیارە بۆ رای گشتیی خەڵکی کوردستان رۆشن دەکاتەوە کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان پێناچێت تائەمرۆ بەجدییو بوێریێ مل بۆ بەخۆداچوونەوە بداتو شعوری ئەوە بکات کە ئەمرۆ ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەگۆڕەپانەکەدا هەیە، بەڵکو دووبارە لەسەرهێڵکە پیسبووەکانی رابردوو هەڵدەنیشێت.

ئەم خۆسەپاندنەی رۆژی پێنجشەممە دڵی هەموو خەڵکی کوردستانی داخورپاندو جارێکی دیکە ئومێدەکانی خەڵکی کوردستان تەمومژاوی دەکات کە بە بەرچاوڕوونییەوە لە پەرلەمانی نوێ بنواڕن. دەسەڵاتی کوردی لەوەزیاتری لێ چاوەڕوان ناکرێت کە دەست ببات بۆ رێگەچارەی بەخۆداچوونەوەو گەڕانەوە بۆ متمانەی جەماوەرییو کاری پێکەوەیی، چونکە وادەبینرێت کە دەسەڵات لەخەوی سەفتەکردنی دۆلارو کردنەوەی باڵەخانەشووشەکانو باخچەهەڵواسراوەکانی خۆیان راناچڵەکنو بەدەم کێشانی قلیانەکانی کەیفوسەفای دەسەڵاتەوە، تا بێت لە ئاپۆڕەو کاروانی جەماوەر بەجێدەمێنن.

دووبارەبوونەوەی پەرلەمانێک بەهاوشێوەی رابردوو کە مایەی قبووڵی خەڵکی کوردستان نییە، مەترسیی گەورەیە بۆ سەر هەرێمەکەو هەرێمی کوردستان لە دورگەی رژێمێکی دیکتاتۆرو خۆسەپاوتر بەدنیای دەرەوە دەناسێنێت، کوردستان جارێکی دی دەخاتەوە ناو راپۆرتەڕەشەکانی رێکخراوەکانینەتەوەیەکگرتووەکانو ئەمنستی ئەنتەرناشونالو رۆژنامەجیهانییەکانەوە، ئەمەش سیخورمەدانی شکستو ئاوابوونە لە ئەزموونی سیاسیی خەڵکی کوردستان لەبەردەم رای گشتیو جیهانی دەرەوەدا.

ئەمرۆ چیتر سیاسەت بەم گوریسە کورتەی رابردوو ناچێتە پێشەوەو تابێت ئەوگوریسەی دەسەڵات دەستی پێوەگرتووە لە پچڕانو کەوتنە دەریای کەشتیی حیزبو دەسەڵاتی قۆرغکراو نزیکدەبێتەوە.

هەنگاوی سیاسی ناکرێت بەهەمان پێوەری خولی پەرلەمانی (١٩٩٢-٢٠٠٥) بپێورێت، لەکاتێکدا ئەمرۆ جگە لە لیستی کوردستانی (٥٢) کورسی لەدەنگی جیاوازو ئایدیاێ سیاسی لەو ماڵەی پێدەگوترێت ماڵی گەل بوونی هەیە.

فراکسیۆنی گۆڕان وەک یەکێک لەهەرە فراکسیۆنە بەهێزەکانی ناو گەمەکە کە بارگاوییە بە دەنگی جەماوەروخواستی جەماوەر، ناهێڵێت جارێکی دیکە ئەم یاریکردنە بە شعورو متمانەی نزیکەی (٥٠٠)هەزار دەنگدەری خۆی دووبارەببێتەوە، بەڵکو کار بۆئەوە دەکات کە دەسەڵات لەبەردەم مەستی قلیانەکە بەهۆشبێنێتەوەو تموحو داواکارییە ئابووریو سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان لەسەر ئەرزی واقیعو رۆژانی ئایندە بۆ ژیانێکی باشتر بەرزبکاتەوە.

پەرلەمان نابێت دەزگاو بارەگای حیزبێکو دووحیزب بێت، بەڵکو پەرلەمان دەبێت ماڵیک پێت بۆ گفتوگۆی داخوازییەکانی خەڵک، بۆیە ناکرێت هیچ هێزو حیزبێک لەقازانجی خۆیو بەبێ گەڕاندنەوە بۆ نوێنەرانی خەڵک، بڕیاری پێشوەخت لەناو پەرلەماندا بدات.

faraidun_73@hotmail.com

**دووبارەبوونەوەی پەرلەمانێک بەهاوشێوەی رابردوو کە مایەی قبووڵی خەڵکی کوردستان نییە، مەترسیی گەورەیە بۆ سەر هەرێمەکەو هەرێمی کوردستان لە دورگەی رژێمێکی دیکتاتۆرو خۆسەپاوتر بەدنیای دەرەوە دەناسێنێت**

## وەڵامێک بۆ بەڕێز کاک د. بەهزاد علی ڕەشید

لە ژمارە (٥٣٥) رۆژی سێشەممە لاپەرە (١٥)ی رۆژنامەی رۆژنامەدا، بابەتێک بەناوی (نامەیەک بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتیی فڕۆکەخانەی سلێمانی) نووسیوە.

بە باشمانزانی ئەم روونکردنەوەیە بدەین، وەک وەڵامێک بۆ نووسینەکەی بەڕێز د.بەهزاد تا بۆ رای گشتیش ئاشکرابێت کە لە هەموو دونیادا بۆ هەلسەنگاندنی بوارێکی دیاریکراو بنەماو پێوەری خۆی هەیە بۆ ئەوەی بڕیاری هەبوونو نەبوون، باشو خراپو هتد. ... لەسەر بدرێت نەک لە روانگەی هەڵهێنجانو بۆچوونی تاکە کەسی یاخود چەند کەسێک.

ئەوەی ئێمە لە دووتوێی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەدا مەبەستمانە بیڵێین کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، وەک هەموو فڕۆکەخانەکانی تری جیهان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان کاردەکاتو کۆدی تایبەتی خۆی پێبەخشراوە، لەهەمانکاتدا بۆ رێکخستنی کارەکانیو پێشوازی گەشتیارانیش رێوشوێنو تایبەتدمەندیی خۆی هەیە کە کاری پێدەکات لە چوارچێوەی رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها یەکێکە لە فڕۆکەخانەکانی ناو عێراق بەپێی ئەو رێنماییانە کاردەکات کە هەیە بۆ گەشتیارانو ئەو کەسانەی لە هۆڵی تەشریفاتەوە هاتوچۆ دەکەن کە مەبەستمان (CIP، VIP)ە، بەهەمانشێوە وەک هەموو گەشتیارانی دیکە جانتاو کەلوپەلەکانیان پشکنینی بۆ دەکرێتو کۆنترۆڵی پاسپۆرتیش ئەنجامدەدرێت.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت زیاتر تیشکی بخەینەسەر ئەوەیە کە ناکرێت پرۆژەیەکی لەوشێوەیە کە جێی شانازییو دڵخۆشی میللەتەکەمانەو هەمووان لە روانگەیەکی بەرزەوە تێیدەڕوانن، بەڵام د.بەهزاد لە چەند دێرێکدا دەیەوێت فڕۆکەخانەی سلێمانی ناوزڕ بکاتو بە پێشێلکاری پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ناو ببات لەکاتێکدا بەپێی راپۆرتی پشکنرە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی پارداو لە مانگی چواری ئەم ساڵیشدا بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی کە وێنەی لامانە ئاماژە بە بەرزی ستاندەردی فڕۆکەخانە دەدەنو لە ریزبەندی پێشەوەی فڕۆکەخانەکانی عێراق ناوی دەبەن.

لێرەدا دەمانەوێت رووی پرسیارمان بکەینە د.بەهزاد، ئەگەر مەبەست لە نووسینەکەی ئەوەبێت کە لە گەشتەکەی گەڕانەوەی سویدی رۆژی (٢٠٠٩\٨\٦)دا نەیتوانیوە لە هۆڵی (CIP، VIP) گەشت بکات ئەوا دەیتوانی لە رێگای ئەو سندوقی سکاڵاو پێشنیازانەی لە ناو هۆڵی گەشتیاراندا هەن، یان لە رێگای ئیمەیلی پێشنیازەکانەوە لە وێبسایتی فڕۆکەخانەدا وەک رەخنە یان پێشنیازێکی بنیادنەر بینووسیایەو وەڵامەکەشی وەربگرتایەوە، نەک تامەزرۆ بێت بۆ ئەوەی بابەتێک دروستبکاتو بیکات بەبیانوو بۆ لەکەدارکردنی ئەم دەستکەوتە مەزنەی میللەتەکەمانو مەبەستی بە بڵاوکردنەوەی لە لاپەڕەیەکی رۆژنامەیەکدا، هەروەها بۆ دڵنیایی زیاتری د.بەهزاد دەمانەوێت گەشتەکەی هاتووی ئەستنبول-سلێمانیتان وەبیر بهێنینەوە کە لەگەڕانەوەتاندا لە رۆژی (٢٠٠/٨/٨)داو لە کاتژمێر (١٨:٥٣) خولەکدا جەنابتان ناوتان لە کۆنترۆڵی هۆڵی (CIP، VIP) تۆمارکراوەو وێنەکەتان لە کامێرای کۆنترۆڵی ئەو هۆڵەدا شایەتی دەداتو لامان ئەرشیفە، مەبەستیش لە بڵاوکردنەوەی بەروارو کاتی ئەو گەشتەتان لە هۆڵی تەشریفاتەوە ئەوەیە کە پێتانرابگەیەنین، ئەو کەسانەی لە هۆڵی تەشریفاتەوە گەشت دەکەن بە هەمانشێوە چێکیان بۆ دەکرێتو بە داتا (Data) تۆمار دەکرێت.

**راگەیاندنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی**



# تکایە ئەمە کابینەی سێیەمە مەیکەن بە شەشەم

## حکومەتەکەی بەرهەم دەبێت چۆن بێت؟

سیروان ڕەشید

لە دوای ئاشکراکردنی ڕێژەی دەنگەکانی لیستی کوردستانی، تا ئەم چرکەساتەش بەشی زۆرینەی سەرکردایەتی پارتی ڕایانوایە، کە پێدانەی پۆستی سەرۆکی حکومەت بە یەکێتی، پارویەکی هێندە چەورە حەق نییە وابەئاسانیی بخرێتە دەمی یەکێتییەوە، بەپاساوی ئەوەی «یەکێتی نەیتوانیوە دەنگی پێویست بهێنێت»، هەر بۆیە دوای یەکلایی بوونەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ پارتی لە هەفتەی ڕابردوو، هێشتا ناڕوونییەک لەمەسەی پێدانی پۆستی سەرۆک وەزیران بۆ یەکێتی لەئارادایەو پارتی نیازی ئەوەی هەیە گۆڕانکاریی لە ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی نێوانیان بکات و بەشی یەکێتی لە وەزارەتەکانی حکومەت کەمبکاتەوەو چاو بەپۆستە گرنگەکانی بەغداش لەنێو هەردوولا بخشێنێتەوە، جگە لەوەی لە دانانی ڕیزبەندیی ناوی کاندیدەکانی لیستە هاوبەشەکەیان، بۆ پەرلەمانی عێراقیش بە پێوەری پەنجا بەپەنجا کورسییەکانی لەگەڵدا دابەشناکات.

بەهەرحاڵ، وابڕیارە لەدوای تەواوبوونی پشووی وەرزانەی پەرلەمان لەسەرەتای مانگی داهاتوو، لیستی کوردستانی بەڕێز د.بەرهەم ساڵح-ی (٤٩) ساڵی جێگری دووەمی تاڵەبانی، کاندید بکات بۆ سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی هەرێمیش ماوەی مانگێک مۆڵەتی دەداتێ بۆ پێکهێنانی کابینەکەی.

لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ چەند مەسەلەیەک پێویستە جیاواز لە کابینەکانی ڕابردوو ئێستا بووەتە داواکاریی زۆرینەی خەڵکی کوردستان.

**یەکەم:** لە ئێستاوە هەست بەوە دەکرێت کە لیستی براوە کار لەسەر ئەوە دەکات حکومەتێکی ئیئتیلافی بنکە فراوان لەهەموو لیستە خاوەن کورسییەکانی پەرلەمان دروستبکرێت و پەنابەرێتەوە بەر دیموکراسی تەوافوقیو هەموو هێزە سیاسییەکان بەشداریی لە حکومەت پێ بکاتو کەس نەبێت ڕەخنە لە حکومەت بگرێت، هەربۆیە تەوافوقی سیاسیی بۆ ئەو وڵاتانە خیارێکی گونجاوە، کە خاوەنی ئایین و مەزهەب و نەتەوەی جیای گەورە بن، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان کارێکی نەشیاوەو دیموکراسی تەوافوقیی ڕێگرە لەبەردەم بەرەوپێشچوونو گەشەسەندنی پرۆسەی دیموکراسی.

**دووەم:** لە دوای (١٨) ساڵ لە ئەزموونی حوکمڕانی، کاتی ئەوە هاتووە کە بە فیعلی حکومەتێکی یەکگرتووی دامەزراوەی خاوەن کامل سەڵاحیات دروستبێتو سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکانی لە زاخۆوە تا کفری دەسەڵاتی تەواویان بەسەر فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی هەبێت، نەک وەک ئەوەی دوو ساڵ بەر لە ئێستا فاروق جەمیلی وەزیری داد ویستی بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکی داد لە شاری هەولێر بگۆڕێت، بەڵام نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ڕێگەی لەو کارەی وەزیر گرت. هەربۆیە ئەگەر پارتیو یەکێتی عەقلیەتی خۆیان لەسەر فەلسەفەی حوکمڕانی نەگۆڕن و واز لە سیاسەتی تەحجیمکردنی بەرپرسە حکومییەکانی یەکتر نەهێنن، من پێموایە لە ئایندەشدا بەرهەم ساڵحی سەرۆک حکومەت لە شاری هەولێر بەبێ ئاگادارییو مۆڵەتی جێگرەکەی ناتوانێت چایخانەیەک لە هەولێر دابخات، هەروەک جێگرە پارتییەکەشی لە سلێمانی ناتوانێت ئەوکارە بکات، هەربۆیە پێویستمان بە حکومەتێکە خاوەن سەڵاحیاتی تەواوبێت، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریش بێت لەبەردەم خەڵکدا، چونکە ئێمە لە چوارساڵی ڕابردوودا نەمانتوانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەرپرسیار بکەین لەو پەراوێزخستنەی چەند ساڵێکە سلێمانی بەخۆیەوە دەیبینێت.

**سێیەم:** مەسەلەیەک کە خەریکە بە نەزانییو درک پێنەکردنێت یاخود مەبەستی سیاسییانەی لەپشتبێت، پارتی و یەکێتی بەزۆر کابینەی داهاتوو دەخەنە ڕیزبەندی کابینەی شەشەمەوە، کە لەحەقیقەتدا کابینەی سێیەمە، نەک شەشەم، بۆ؟ چونکە ئێمە تەنیا لە ڕابردوودا دووکابینەی فیعلی هەڵبژێردراوی شەرعیمان هەبووە لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەوانیش کابینەی ساڵی (١٩٩٢)ی فوئاد مەعسوم بوو کە دواتر کۆسرەت ڕەسوڵ تا (١٩٩٦) درێژەی بەکارەکانی دا، ئەوی دیکەشیان کابینەکەی ساڵی ٢٠٠٥ی نێچیرڤان بارزانیو عومەر فەتاح بوون، کە لەلایەن پەرلەمانەوە ڕای لەسەردراو شەرعیەتی پێدرا. بۆیە لەو کاتەوەی پارتیو یەکێتی شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساندو بەفیعلی سیستمی دووئیدارەیی سلێمانیو هەولێری لێکەوتەوە، هیچ کاتێک ناتوانین بڵێین ئەو سێ کابینەیەی بەڕێزان (سامی عەبدولڕەحمان و د.ڕۆژو نێچیرڤان بارزانی) لەهەولێرو کابینەکانی (کۆسرەت ڕەسوڵو بەرهەم ساڵح و عومەر فەتاح) لە سلێمانی کابینەی حکومیی ڕاستەقینەبن، چونکە لەلایەن پەرلەمانو نوێنەرانی گەلەوە هەڵنەبژێردراون و شەرعیەتیان نەبووە، تەنیا کابینەی کارتۆنیی بوون، هەربۆیە ئەگەر دوای (٥٠) ساڵی دیکە یاخود هەرئێستا مێژووی کابینەکانی حکومەتی هەرێمو سەرۆکەکانیان بنووسینەوە، ئایا کامەیان کابینەی دووەمو سێیەمو چوارەمە؟، ئایا کابینەکانی ئیدارەی هەولێر شەرعین یان ئیدارەی سلێمانی؟ بۆیە پەرلەمانتارانی بەڕێز نابێت بهێڵن هەڵەیەکی لەوچەشنە بەسەریاندا تێپەڕێت و مێژووی جۆری حوکمڕانی هەرێمی کوردستان تێکبدرێت.












چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩